- کورتەباسێک دەربارەی نووسەر و ئەزموون، نەوزاد ڕەفعەت، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢ لێکۆڵینەوە، ل ٤٠ـ-٤٣.
- کۆمەڵەی فریاکەوتن و چەند سەرنجێک، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل٢١٠ـ-٢١١.

## گ

- گرێکوێرەی بیرێکی زیندوو، ئازاد کانی ساردی، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٩٨-ـ ١٠٢.
- گوڵی خۆشەویستی، ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدولوەهاب)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٦١-ـ ٦٩.
- گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێکی ئیلامی، ئا. م. م ()، ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، ئیلامی، لێکۆڵینەوە، ل ١١٧ـ-١٢٠.
- گرنگیی ئیلتیزام لە قۆناغی خەباتی ئێستاماندا، بەختیار (حیکمت محەمەد کەریم)، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، لێکۆڵینەوە، ل٣ـ-١١.
- گوێم لێ بوو ژوورەکەم پێناسەی خۆی کرد، چیا گەرمیانی ()، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ١٦ـ-٢٠.
- گەشتی چۆلەکە، سەعدوڵڵا پەرۆش، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٩١ـ-٩٥.
- گوندی وێران، سەعید دێرەشی، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٩٢ـ-٩٥.
- گۆرانی سوتاو، کۆچێکی پایزی، شەهاب عوسمان، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٧ـ-٥٩.
- گۆڕغەریبێک، فەرهاد سەنگاوی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پەخشان، ل ١٩٥.
- گێژەنگ، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شیعر، ل ٥٣ـ-٦٣.
- گورگ، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، شیعر، ل ١١٢-ـ١٢٣.
- گوڵسورخی، محەمەد موکری، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠ـ-٩١.
- گولیلکە گەشەکان، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ٩٩ـ-١٠٥.

## ل

- لە بیرەوەرییەکانی عەبە کوێر، ئازاد خانەقینی، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ١٣٠–ـ ١٣٥.

- لالۆ ڕەسوڵ، ئەحمەد ڕەجەب، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢ چیرۆک، ل٧٣–٧٧.

- لە کۆڵەپشتی، ئەبووبەکر شاخی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٥٧–ـ ١٦٠.

- لە شەوێکدا، جوامێر (شێرکۆ بێکەس)، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیعر، ل٤٦ ـ–٥٠.

- لێکدابڕان، حەمەسەعید حەسەن ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، شیعر، ل ٩٦ـ–٩٧.

- لە گورگانەشەوی بەعسا، خورشید فاتح، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٥٥–ـ٦١.

- لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، دکتۆر کەمال فواد، ژمارە ٣، سەرماوەزی ٢٦٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠ـ–٥٢.

- لە یادی نەورۆزدا، دڵزار (ئەحمەد دڵزاری شاعیر)، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٩.

- لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانییەک، دلاوەر مەحمود (مارف عومەر گوڵ)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٨٩–ـ٩١.

- لە یاداشتی پێشمەرگەیەکدا، چیا (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شیعر، ل ٧٩–ـ٨٠.

- لوتکە، ژوان (نەجیبە ئەحمەد)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٧١ـ–٧٧.

- لە نێوان ژیان و مەرگا، ئارام (ئاسۆس ئەحمەد حەسەن هەردی)، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، چیرۆک، ل ٧٠–ـ٧٢.

- لە کۆمارا گورجستانی، هەڤپەیڤیین لەگەڵ سەروەری تیاترۆیا کوردی لە کۆمارا گورجستانی، شۆڕش زیرەک ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، هەڤ پەیڤیین، ل٥٠ـ–٥٧.

- لە یادی ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەردا، عومەر فاروقی، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، ل ١٥٤–ـ ١٥٦.

- لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ونبوویەکدا، کۆسرەت (هەڤاڵ کوێستانی)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، چیرۆک، ل ٧٨–ـ ٨٦.

- لەدایکبونێکی تر، فروغ فروغزاد، مەوجود سامان، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وەرگێڕان، شیعر، ل ٧٢–ـ ٧٦.

- لێرەولەوێ، نووسەری کوردستان، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٨ـ-٢٠٩.
- لە ساڵیادی ڕۆژی لەدایکبوونی «یەکێتیی نووسەرانی کورد»دا، نووسەری کوردستان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣/ شەهاب عوسمان لەسەر دوابەرگ نووسیویەتی.

م

- مەرگی بییرەوەرییەکان، ئازاد جوندیانی (ئازاد عەبدولوەهاب)، ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١١٨ـ-١٢٠.
- مەیلی، ئەبووبەکر شاخی (ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٧١ـ-١٧٣.
- میهرناز، سوکی موهتەدی، جەوهەر کرمانج، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، ل ٣٨ـ- ٤٠
- مۆتەکە، حکیم مەلا ساڵح، ژمارە پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١١٣ـ-١١٧.
- مانگ بۆ نایەت، حسێن پەناهی، حسێن عەبدولقادر، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وەرگێڕان، شانۆ، ل ٩٦ـ-١٠٢.
- منالانی شارەکەم دەزانن چی بە دایکیان دەڵێن، ڕۆزا (شیرین.ک ـ شیرین کەمال)، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ٧٢.
- محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، سەلام زەندی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٨ـ-٥٠.
- مەلا عەبدولڕەحمانی نیعمەتزادە، عومەر فاروقی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێکۆڵینەوە، ل ١٦٧ـ ١٧٠.
- من برتولت برێشتم، محەمەد موکری، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لێکۆڵینەوە، ل ١٠٣ـ-١١٦.
- منیش هەموویانم خوێندەوە، مەحمود ڕەزا، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٣، ڕەخنە، ل ٣ـ-٢٤.
- مردنی دەنگ و ڕەنگ، نامۆ ()، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شیعر، ل ١٣٥ـ-١٣٦.
- مەحمود دەوڵەت ئابادی، نووسەران، شەیدایانی مرۆڤایەتی، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، وەرگێڕان، ل ٨٧ـ-١٠٣.
- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٦، کۆچی نەمران، ل ١٩٧ـ-١٩٩.
- مامۆستا محەمەدی ڕەسوڵی شیرازی ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢٠٠ـ-٢٠٥

- مافپەروەران، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٢١١ـ-٢١٢.

ن

- نان... ئەڵوەند ()، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، ل ١٤٣ـ-١٤٥.
- ناسک بەختی من گوزەل، مەحمود دەوڵەت ئابادی، ح، مەولاوی (حسین مەولاوی)، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چیرۆک، وەرگێڕان ل ١٥٧ـ-١٦٥.
- نۆ بەداری سەهۆساڵی، خلیل دهۆکی، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، شیعر، ل ٩٠ـ-٩١.
- نامە، فەرهاد عەلی، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١٤٣ـ-١٤٨
- نامەیەکی کراوە، کەریمی حسامی، ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، گفتوگۆ، ل ٨٧ ـ-٩٠.
- نامەیەکی دڵسۆزانە، مارف ئاغایی، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پێشنیار، ل ١٣١.
- نووسەری کوردستان لە دیدی خوێنەرانەوە، مەریوان فتاح، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ڕەخنە، ل ١٤ـ-٣١.
- نۆما، نەجیبە ئەحمەد، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٥٠ـ-١٥٣.
- نامەیەکی کراوە، هاشم کۆچانی، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، لێکۆڵینەوە، ل ٧٥ـ-٧٨.
- نامەی ئەدیبان و وتەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ١٠٦ـ-١١١.

هـ

- هەڵەبجە، یەکەم هاتن و دووەم هاتن، جەوهەر کرمانج، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، شیعر، ل ١٠٢ـ-١١٠.
- هەرەس لە تای تەرازووی خوێندنەوەدا، حەمەکەریم عارف، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ڕەخنە، ل ٦ـ-٣٩.
- هونەر لە جوغزێکی تەنگدا، ڕێزان (ئاسۆ ئەحمەد)، ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، لێکۆڵینەوە، ل ٥٧ ـ-٧٠.
- هەوێنی بوون، سەباحی غالب، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، چیرۆک، ل ١٧-ـ٢٠.
- هونەرمەند و نووسەری شۆڕشگێڕی کورد یەڵماز گونەی، شەهاب عوسمان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، لێکۆڵینەوە، ل ١٠٦ـ-١١٩.

- هەرەسم خوێندەوە، شێرکۆ بێکەس، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ڕەخنە، ل ٥ ـ-٤٤.
- هەڵۆی ئازادەکە، ع. ز. ڕ، ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆک، ل ١٠٩ـ-١١٢.
- هەڵهاتن، فازل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)، ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، چیرۆک، ل ١١٤ـ-١٣١.
- هەڵەبجە: ئەدەب، هونەر، سیاسەت، محەمەد حەمە باقی، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتار، ل ١٢٦ـ-١٥٠.
- هونەر چییە؟ تولستۆی، مستەفا غەفور، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٧٠ـ-٧٨.
- هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکا، مەوجود سامان، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٥٦ ـ-٥٨.
- هەڵوەستەیەک، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، ل ١٠٠ـ-١٠١.
- هەردیی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ل ٦٧ـ-٨٦.

**و**

- وتووێژێک لەگەڵ ئایدا، ش-ا ()، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، چاوپێکەوتن، ل ٥٨ـ-٦٨.
- وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، ل٢ـ-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١، سەرماوەزی ٢٦٨١، ل ـ١-٢.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، ل٢ـ-٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، ل ١-ـ٣.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ٣ـ-٤.
- وتەی ژمارە، ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، ل ١.
- وتەیەکی پێویست، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل٤ـ-٦.
- وتەیەک، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل ٧٦ـ-٨٠.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ل ٤ـ-٥.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ل ١ـ-٢.
- وتەی ژمارە، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، ل٣ـ-٧.
- وتەی نووسەران، ژمارە ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١، ل٢ـ-٤.

***

چەند وردەوتار و سەروتار و وەرگێڕانێک بە ناوی دەستەی نووسەران و نووسەری کوردستانەوە نووسراون، بەپێی ژمارەکانی نووسەری کوردستان.

١ـ- وتەی ژمارە، ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، دەستەی نووسەران، ل٢ـ-٣، پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ئەم پڕۆژەیە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان گەڵاڵەی کردووە، شێنێ، تەمووزی ١٩٨١، ل ٧٩-٨٣.

٢ـ- ژمارە ١، سەرماوەزی ٢٦٨١، وتەی ژمارە، ل ١ـ-٢.

٣ـ- ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ل ١ـ-٢، جگەرخوێن دەدوێ، لە گۆڤاری ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراوە، گفتوگۆ، ل ١٦ـ-٢٠، نامەی ئەدیبان و وتەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ل ١٠٦-١١١، رابطة الكتاب والصحفيين والفنانيين الديموقراطيين العراقيين،منظمت انصار، ل ١١٢ـ-١١٤.

٤ـ- ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، وتەی ژمارە، ل٢ـ-٣.

٥ـ- ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وتەی ژمارە، ل ١ـ-٣.

٦ـ- ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، وتەی ژمارە، ل ٣-ـ٤، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، سڵاو بۆ گیانی بارزان عوسمانی شەهید، ل ٣، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، بۆ برایان، نووسەرانی کوردستان، ل ١٠٤ـ-١٠٥.

٧ـ- ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، وتەی ژمارە، ل ١.

٨ـ- ژمارە٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، سەروتار (ڕەئووف بێگەرد) نووسیویەتی، ل ١ـ-٧.

٩ـ- ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، پێشەکی، ل ١، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، هەڵوەستەیەک، ل ١٠٠ـ-١٠١

١٠ـ- ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وتەیەکی پێویست، ل ٤ـ-٦، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، وتەیەک ل ٧٦ـ- ٨٠، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، بەیانی خیتامی، ل ١٠٤ـ-١٠٨.

١١ـ- ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، وتەی ژمارە، ل ٤ـ-٥، ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، ڕوونکردنەوەیەک، دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ل ١٣٩.

١٢ـ- ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، پێشەکی، ل ٢.

١٣ـ- ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، وتەی ژمارە، ل ١ـ-٢.

١٤ـ- ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وتەی ژمارە، ل٣ـ-٧، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، بانگەواز، ڕووناکبیران و

نووسەرانی عەرەب و سوریایی و جیهانی کوشتارکاریی صدام تاوانبار ئەکەن لە کوردستانی عێراق، ل ٩-١٥، ژمارە ١٥، ١٩٨٩، وەسیەتنامەی سەروەری، تایبەت، ل ١٥١ـ-١٥٥.

١٥ـ- ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پەیامی نووسەر، نۆ ساڵ خەبات و بەرهەم، ل٣-ـ ٧، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، هەردیی شاعیر بۆ نووسەری کوردستان دەدوێ، ل ٦٧ـ-٨٦، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مەحمود دەوڵەتئابادی، نووسەران، شەیدایانی مرۆڤایەتی، وەرگێڕان، ل ٨٧ ـ-١٠٣، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٦، کۆچی نەمران، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، ل ١٩٧ـ-١٩٩، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، سەید کامیل ئیمامی، زەمبیلی ئاوات، ل ٢٠٠ـ-٢٠٢، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مامۆستا محەمەدی ڕەسوڵی شیرازی، ل ٢٠٠-٢٠٥، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پرسەنامە، خاتوو ئیلینا زاخارۆف، ل ٢٠٦-ـ ٢٠٧، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، لێرەولەوێ، نووسەری کوردستان، ل ٢٠٨-٢٠٩، ژمارە ١٦ پایزی ١٩٨٩، کۆمەڵەی فریاکەوتن و چەند سەرنجێک، ل ٢١٠-ـ ٢١١، ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مافپەروەران، ل ٢١١-ـ٢١٢.

١٦ـ- ژمارە ١٧، پایزی ساڵی ١٩٩٠، سەروتار ل ٣-٥.

١٧ـ- ژمارە ١٨، زستانی ساڵی ١٩٩١، وتەی نووسەران، ل ٢ـ-٤.

# پێرست، ژیاننامە، بابەت و
# ناوی بەشداربووان لە گۆڤاری

# نووسەری کوردستان

**ژمارە ١، ئابی ساڵی ١٩٨١، تا ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١**

ئـ



## ئەحمەد حەسەن عزیز (ئەحمەد هەردی)

ناوی تەواوی ئەحمەد حەسەن عەزیز بەگە، ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان (دارموعەلیمینی ڕیفی) لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤١ بووە بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی.

ساڵی ١٩٤٩ لەسەر چالاکیی سیاسی لەسەر کار لابراوە و چەند جارێک تووشی زیندان و دوورخستنەوە بووە، پاش ٣ ساڵ گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی.

سەرەتای شیعرنووسینی بۆ سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، زۆربەی شیعرەکانی لە چواردەوری بابەتی نیشتمانی، شۆڕشگێڕی و خۆشەویستی و دڵداری دەخولێنەوە.

یەکەمین دیوانی شیعریی بە ناوی (ڕازی تەنیایی) لە ساڵی ١٩٥٧دا بڵاو کردووەتەوە و ساڵی ١٩٨٤ جارێکی تر چاپی کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تردا (کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوەی یەکێتیی کورد - کاژیک)یان دامەزراندووە و هەر خۆیشی بووە بە بەرپرسی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیە.

سەردەمێک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە و سەردەمێکیش سەرۆکی لقی سلێمانی بووە.

ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٦٦ لە شاری سەردەشتی کوردستانی ئێران لە لایەن دەزگای موخابەراتی ئێران (ساواک)ـەوە گیراوەو لەگەڵ ئازادکردنیدا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی عێراق.

پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٤ لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانی بووە بە مامۆستای وانەبێژ.

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕدا، ساڵی ١٩٧٤ دیسانەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، لە ئێران ئاوارە بووە تا ساڵی ١٩٧٩.

ساڵی ١٩٧٩ شەڕی ناوخۆی حیزبەکانی کوردستان نائومێدی دەکات و بڕیار دەدات بۆ پاراستنی هەڵوێستی سەربەخۆی خۆی، بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٨١ خۆی خانەنشین کردووە.

لەگەڵ هەڵکشانی دڕندەیی بەعسدا، جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٨دا پەیوەندیی کردووەتەوە بە شۆڕشی کوردستانەوە و بۆ ماوەیەک بووە بە سکرتێری گشتیی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک).

ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پاسۆک هێناوەو وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە ڕیزی شۆڕشدا ماوەتەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١.

ساڵی ١٩٩٢ لە لەندەن نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش لێکۆڵینەوەکەی لەسەر (کێشی عەرووز لە شیعری کوردیدا) تەواو کردووە و ساڵی ٢٠٠٤ بە چاپی گەیاندووە، کە بە عەرەبی نووسیویەتی و پاش چەند ساڵێک لە کۆچیی دوایی، ئاسۆس هەردیی کوڕی بۆ زمانی کوردی وەری گێڕاوە.

بە هۆی ژیانی پڕ لە ئاوارەیی و دەربەدەرییەوە، گەلێک لێکۆڵینەوە و دەقی ئەدەبی و هونەریی فەوتاون و ڕووناکییان نەدیوە، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کرد و لە شاری سلێمانی بە خاک سپێررا.

سەرچاوە:

ڕازی تەنیایی، دیوانی شیعر، ئەحمەد هەردی، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٩٥.

کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٠، ل ١٣٧.

مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی حەوتەم، ١٩٤٥-١٩٧٥، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٤٣٩.

* ژمارە ١٧، پایزی١٩٩٠، یەکێتیی نووسەران و هەردی، لێکۆڵینەوە، ل ٩-١٤.



## ئەحمەد مستەفا محەمەد (دڵزار)

ئەحمەد مستەفا محەمەد ئاغای حەوێزی لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، دوو ساڵ لە حوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٢٩ چووەتە قوتابخانە سەرەتایی و پاشان ناوەندی، ساڵی ١٩٤١ کۆتایی بەم قۆناغە هێناوە و دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە.

لە ساڵی ١٩٤٠ـەوە دەستی کردووە بە شیعردانان و شیعروتن و نازناوی "دڵزار"ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و بەو ناوە دەناسرێت.

لە ساڵی ١٩٤٣وە بڵاوکراوەی هەیە و چوارینەی شیعریی بڵاو کردووەتەوە.

لە ناوەڕاستی جەنگی دووەمی جیهاندا چووەتە سوپای لیڤییەوە کە ئینگلیزەکان دایان مەزراندووە و بووە بە سەرباز. نزیکەی سێ ساڵ لەم تیپە سەربازییەدا ماوەتەوە. پاش سەربازی، ساڵی ١٩٤٦ گەڕاوەتەوە کۆیە و پەیوەندیی بە کۆمۆنیستەکانەوە کردووە.

بە هۆی پەیوەندیی بە کۆمۆنیستەکانەوە دەستگیر کراوە و ڕەوانەی بەندیخانە کراوە.

بۆ دووەم جار لە ناوەڕاستی ١٩٤٨ گیراوەتەوە، لە کۆیەوە ڕەوانەی هەولێر کراوە و دادگا فەرمانی شەش مانگ بەندکردنی بۆ دەرکردووە و نێراوە بۆ بەغداد.

بە هۆی جموجووڵی لە نێو بەندیخانەدا، دووبارە دادگا سێ ساڵی تری بەندی بۆ دەرکردووە و ناردوویەتی بۆ شاری کوت، لە هاوینی ١٩٥٢ ئازاد بووە و گەڕاوەتەوە کۆیە.

لە ساڵی ١٩٥٢ تا ١٩٥٤ بە نهێنی لە نێو کۆمۆنیستەکاندا ژیانی گوزەراندووە و نێرراوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٥٤ چووەتە هەڵەبجە، لەوێ دەستگیر کراوە و

گوازراوەتەوە کەرکووک و لەوێشەوە بۆ نوگرە سەلمان. ساڵی ١٩٥٦ ئازاد کراوە و گەڕاوەتەوە کۆیە.

ساڵی ١٩٥٨ کاتێک کودەتا ڕووی داوە، لەم ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٦٠ خەریکی کاروباری سیاسی بووە و کراوە بە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "ئازادی" و لەگەڵ گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، حسێن عارف و حەمەکەریم فەتحوڵلادا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ناو چەکدارانی کۆمۆنیستەوە تا ساڵی ١٩٦٧ و تا بەیانی ١٩٧٠ی ئازار دەرچووە.

ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٢، لە مۆسکۆ بەشداریی دەورەیەکی ڕۆشنبیریی کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٣ بووە بە وانەبێژ لە قوتابخانەی کۆمۆنیستەکان لە گوندی دەرگەڵە.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ کۆمۆنیستەکان چووەتە ناوزەنگ و پشت ئاشان تا ١٩٨٣، لەو ساڵەوە چووەتە سوریا. پاشان بولگاریا و پاشان لە سوید بووەتە پەنابەری سیاسی تا ساڵی ١٩٩٤ بە یەکجاری گەڕاوەتە نیشتمان. هەولێری کردە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆی و ئێستا خەریکی خوێندنەوە و نووسین و نووسینەوەی یاداشتەکانیەتی. بە داخەوە، لە ٢٠٢١/٤/١٠ کاتژمێر یەک و نیوی نیوەڕۆ لە شاری هەولێر لە تەمەنی ١٠١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەو کاتەی لە شاخ بووە، بەرهەمەکانی لە نووسەری کوردستاندا لە وەرگێڕان و نووسین بڵاو کردووەتەوە.

چاپکراوەکانی دڵزار:

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، دیدارێک لەگەڵ ئەدیبی کوردی سۆڤێتیدا، ڕۆشنبیر لە ژێر سایەی دیموکراسیدا نەبێ گەشە ناکات، حاجی جوندی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤ـ-١٣.

*ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، خەسرەوی گوڵسورخی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤ـ-٣٩

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، لە یادی نەورۆزدا، شیعر، ل ٥٩.



## ئەمجەد ئەرشەد حەوێزی (دکتۆر شەماڵ حەوێزی)

ئەمجەد ئەرشەد عەبدولوەهاب جەمیل حەوێزی (شەماڵ حەوێزی)
شوێن و بەرواری لەدایکبوون: کۆیە ١٩٥٤/٢/٢٤
باری کۆمەڵایەتی: خێزاندار، کوڕ و کچێکی هەیە
دوایین بڕوانامە: دکتۆرا لە زانستی کشتوکاڵ، ٢٠٠٩، زانکۆی نیترا، سلۆڤاکیا
یەکەم دامەزراندن بە فەرمانبەر: ١٩٧٥/١٠/٢، کۆمپانیای گشتیی پەلەوەری باکوور لە هەولێر.

ناوبراو ساڵی 1978 پەیوەندیی کرد بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد تاکو ئاداری ١٩٩١. هەر لەم ماوەیەشدا دەستی کرد بە نووسین بە زمانی کوردی و وەرگێڕانی بابەتە جۆراوجۆرەکان (نووسین بە کوردی و عەرەبی و وەرگێڕان لە عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی) و بابەتەکانی لە ئیستگەکانی دەنگی کوردستان، دەنگی گەلی عێراق و ئیستگەی بەرەی کوردستانی، گۆڤاری نووسەری کوردستان، گۆڤاری بیری نوێ، گۆڤاری گولان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤاری ژین، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی میدیا بڵاو کردووەتەوە.

ناميلکە: کورد و مافی دیارکردنی چارەنووس (١٩٨٩)، مشتێک لە خەرواریێک (٢٠١٠)، نەوت و دیکتاتۆری (٢٠١٢).

**بابەتی وەرگێڕدراو:**

- سەگی بەڕەڵلا (گۆڤاری نووسەری کوردستان) لە فارسییەوە.
- نەوت و دیکتاتۆری (لە ئینگلیزییەوە).
- کەرکووک: پارسەنگی تەرازووی عێراق (لە ئینگلیزییەوە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٤، ٢٠١٣.
- کوردەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەردەمی یەکەمین شەڕی جیهانیدا (لە ئینگلیزییەوە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٦، ٢٠١٣.
- ڕاپۆرتی کارگێڕی دەربارەی ناوچەی کۆیی لەساڵی ١٩١٩دا (لە ئینگلیزییەوە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٨، ٢٠١٤.
- ڕاپۆرتی کارگێڕی دەربارەی ناوچەی هەولێر لە ساڵی ١٩١٩دا (لە ئینگلیزییەوە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٠، ٢٠١٤.
- هەوڵە ئاشتەواییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان هۆزە کۆچەرەکانی کورد (لە ئینگلیزییەوە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٢، ٢٠١٥.

یەکەم دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی: ١٩٩٣/٥/١٣ (ب. گشتیی ڕاگەیاندن)

کارکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە پلەی ب. گشتی: ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٩.

کاری ئێستا: ب. گشتی لە (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان).

زمانەکانی دەیزانێت: کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی

☒ لە ساڵانی ١٩٩٣ تا ٢٠٠١: کارکردن لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی برایەتی («خەبات»ی ئێستا) وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران (بەرپرسی لاپەڕە یەک، هەواڵ و سیاسەت، لاپەرەی ڕۆشنبیری و زانست).

☒ لە ساڵی ١٩٩٧ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤: نەقیبی سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی کورستان.

☒ لە ١٩٩٣وە بە پلەی ب. گشتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە بە یەکەمین ب.گ ڕاگەیاندن، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و کشتوکاڵ بە هەمان پلە کاری کردووە.

☒ لە ساڵی ٢٠٠٢ بووە ب. گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری تاکو ٢٠١١/١٠/١٢

☒ لە ٢٠١٤/٦/٨ تاکو ٢٠١٦/٩/٧ ب. گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سریانی بووە بە وەکالەت.

☒ تا: ب. گشتی لە دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان (بەبێ پۆست).

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، سەگی بەرەڵا، سادقی هیدایەت، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٠-٧٨.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، کاتی شیعر، شیعر، ل ١٢١-١٢٦.



## ئەبووبەکر عەبدوڵا حەسەن (دکتۆر ئەبووبەکر خۆشناو)

دکتۆر ئەبووبەکر عەبدوڵا حەسەن خۆشناو کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیری دیاری کوردستانە، وەک پێشمەرگەو ڕووناکبیرێک خزمەتی بە گەلی کوردستان کردووەو شوێنپەنجەی بە بوارەکانی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەگەرییەوە دیارە.

ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی خۆرانی بناری چیای سەفین لە دایک بووە.

لە هەولێرو بەغدا خوێندوویەتی و خوێندکاری بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا بووە. بە هۆی ئاشکرابوونی لە کاری سیاسیدا، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و زانکۆی بەجێ هێشتووە، لە ئایاری ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە.

بە هۆی ئەوەی خولیای نووسین و بایەخدان بوو بە کایەی ڕۆشنبیری، لە شاخیش بایەخی بەو بوارە داوە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و لە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی خزمەتێکی زۆری لە شاخ پێشکەش کرد.

سەرباری ئەوەی خۆشناو وەک ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بواری سیاسیدا خزمەتی کردو چەندین پۆست و لێپرسراوێتی حزبی وەرگرتووە، بەڵام لە کایەی ڕووناکبیرییشدا هەر بەردەوام بووە و بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە.

ماوەی ٨ ساڵ بەرپرسی بەشی ڕووناکبیریی مەکتەبی ڕێکخستن و سەرنووسەری گۆڤاری ڕێبازی نوێ بووە و سەرپەرشتیی دەرکردنی ٤٥ ژمارەی ئەو گۆڤارەی کردووە.

لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و چەندین کتێبی ناوازەی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

خاوەنی سەدان وتار و ٣٨ کتێب و ناملیکەی چاپکراوە لە بوارەکانی ئەدەب و سیاسەت و وەرگێڕاندا.

ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا بە دەست هێنا و تێزی ماستەرەکەی بە ناونیشانی (شیعری بەرەنگاریی کوردی، ١٩٧٥-١٩٩١) بووە.

ساڵی ٢٠٠٦ نامەی دکتۆرای بە ناونیشانی (جیاوازی و نوێگەری لە نێوان گۆران و نیمایوشیج) لە ئەدەبی کوردیدا وەرگرتووە.

بە داخەوە، ئەم سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرەی کوردستان لە ٢٥ی تەمووزی ٢٠١١ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بەڵام ناو و ناوبانگ و بەرهەمەکانی بە نەمری دەمێننەوە.

درووود بۆ ڕۆحی پاکی د. ئەبووبەکر خۆشناوی نەمر لە ساڵڕۆژی دواماڵئاواییدا.

بەشێک لە بەرهەمەکانی

١- ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕان.

٢- قوربانی، ڕۆمان وەرگێڕان.

* ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، بریاش چروی، وەرگێڕان، شیعر، ل ١٧-٢٦.



## ئەحمەد ڕەجەب

لە دایکبووی ساڵی(١٩٤٢) ی شاری خانەقینە، ئاستی خوێندنی: پەیمانگای زانستەکۆمەڵەیەتییەکانی لە شاری(مۆسکۆ)ی یەکێتی سۆڤیەت خوێندووە، خەڵکی: خانەقینەو لە شارەکانی سلێمانی و دەربەندیخان نیشتەجێ بووەو ژیاوە، ماوەی چەند ساڵ کارمەندبووە لە پەروەردەی سلێمانی. لەباری کۆمەڵایەتییەوە خێزاندارەو هاوسەرو سێ کوڕودوکچی هەیە، زیندانی سیاسی بووەو، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، چەند جار زیندانی کراوەو ئازارو ئەشکەنجەدراوە.

لەنێوەندی سیاسیدا: ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٦٠ دا پەیوەندی پێوەکردون و چۆتە ڕیزی ڕێکخستنەوەو دەستی بەخەبات و تێکۆشانی سیاسی کردووە، یەکێکە لەپێشمەرگە دێرینەکان و لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە لە گەرمیان و شارەزوورو قەرەداغ و شارباژێڕ پێشمەرگایەتی کردووە. وەک پێشمەرگەو نووسەرو پێژەر لە ئێزگەی دەنگی عێراق، دەنگی شیوعییەکان پێشمەرگایەتی کردووە، ئەندامی ڕاگەیاندنی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بەشی سەربازی {پێشمەرگە} بووە. پیشەی تر: نووسەرو ڕۆژنامەنووسە.

لە ساڵی١٩٧٨لە شار بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو پاشان لە شاخ بۆتە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستان.

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (پێشتر عێراق) بووە. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانە.

بەرهەم: کەی دەگەڕێتەوە کاکە گیان: چیرۆکنووسی کورد عەلی ئەشرەف دەرویشیان ـ لە فارسییەوە بۆ کوردی( بەداخەوە لەناوچوو لای نەماوە). شیعر لە

عەرەبییەوە بۆ کوردی و، لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، سەدان نووسینی لە ڕۆژنامەو مالپەرەکان بە{ کوردی و عەرەبی} بلاوکردۆتەوە.

بەرهەمی لە شیعرو چیرۆک وەرگێڕان لە گۆڤاری نوسەری کوردستان و گۆڤاری (پێرو)بلاوکردۆتەوە، لە ئێستادا لە دەرەوەی ولات لە شاری (ئیسکلستونا) ی ولاتی سوید دەژی.

ـ ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢ لالۆ ڕەسوڵ، عەلی ئەشرەف دەرویشان، وەرگێڕان، چیرۆک، ل٧٣ـ ٧٧



## ئەبووبەکر محەمەد حاجی قادر (ئەبووبەکر شاخی)

ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی بیرەسپان لە ناحیەی پردێ لە دایک بووە، خوێندنی ئایینی لە هەمان شوێن تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شۆڕشی کردووە و پاش هەرەسهێنانی شۆڕش گەڕاوەتەوەو بۆ باشووری عێراق پاشان دوور خراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە و ساڵی ١٩٨١ بووە بە پێشمەرگە.

لە دوای ئەنفالەکان بەشدار بووە لە یەکە پارتیزانەکان و ساڵی ١٩٩٠ بووە بە ڕابەر سیاسیی بەتالیۆن. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشدار بووە لە ڕزگارکردنی ڕانیە و چوارقوڕنە و کۆیە و هەولێرو پردێ... پاشان بووە بە لێپرسراوی بەرەی کوردستانی لە ئۆردووگای بنەسڵاوە لە شاری هەولێر

لە نیسانی ١٩٩١ تا حوزەیرانی ١٩٩٣ لێپرسراوی کۆمیتەی یەکێتی بووە لە بنەسڵاوە. لە ساڵی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٤ ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بووە. لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٤ سکرتێری کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک بووە. لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠١١ جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکووک بووە. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجوومەن هەڵبژێرراوە.

وتار و نووسینی لە ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە. ماوەکیش بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری کەرکووک.

بەرهەمەکانی

١- بیرەوەری ڕاپەڕین، ٢٠٠٠.

٢- ئەنفالی خاڵخاڵان، ٢٠٠١.

٣/ ئەنفالی ڕەش، ٢٠٠٧.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، مەیلی، لێکۆڵینەوە، ل ١٧١-١٧٣.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لە کۆڵەپشتی، چیرۆک، ل ١٥٧-١٦٠.



## ئەحمەد عارف- ئەحمەد کەریم

ئەحمەد عارف لە گوندی حەساری گەورە، سەر بە تیرەی بیوانی، لە نێوان بەهار و هاوینی ١٩٥٣ لە دایک بووە و منداڵی دووەمی خانەوادەیەکی هەژار بووە... خوێندنی سەرەتایی لە گوندی حەساری گەورە تەواو کردووە. پاشان بەماڵەوە گوێزایانەوە کەرکووک و لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا نیشتەجێ بوون... لەگەڵ خوێندندا هاوینان کرێکارییشی دەکرد... لە ١٩٦٦ـەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ سیاسەتدا پەیدا کرد و لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیاندا کاری دەست پێ کرد و وەک ئەندامێکی پارتی دیموکراتیش کاری سیاسیی دەکرد... لە دوای نەسازانی حکومەتی ئەوسای عێراق لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە ڕابەرێتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا، لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکە ناڕازییەدا چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە... لە بەهاری ١٩٧٥دا، بە کەمتوانایی ئەقڵی کورد و پیلانی دوژمنانەی دەر و دراوسێ و دنیای دوورتر، ڕێگە لە بەردەوامبوونی بزووتنەوەی چەکداریی کورد گیرا و نسکۆی بەسەردا هات... هەر بۆیە ناچار بووە بە گەڕانەوە بۆ ژێر ستەمی بەعس... بە ڕێگەوە و لەژێر هەموو فشارەکاندا خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردووە. هەر لە ١٩٧٥دا، دەزوولەیەکی دۆزییەوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستان، ئەوە بوو لە مانگی ٨ی ١٩٧٥دا چووە ئەڵقەی ڕۆشنبیرییەوە، هەر لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی خوێندنەوە و جاربەجارێک نووسین بووە وەک خۆتاقیکردنەوە. وەک خۆی دەڵێت: یەکەم نووسینم، ئەگەر پیر نەبووبم و زاکیرەم غەدرم لێ نەکات، لە ڕۆژنامەی

هاوکاری لە ساڵی ١٩٧٧دا بڵاو کراوەتەوە، بۆ ئەو کاتە زۆرم دڵم پێی خۆش بوو... لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بەڕێ کەوتم، لایەکم ئەدەب و لایەکم سیاسەت، تا ڕۆژێک لە نێو قەدی بازاڕی سەرەکی ڕەحیم ئاوادا بە چەکەوە چواردەورم گیرا و هاواریان کرد: (نەڕۆیت، دەکوژرێیت.) منیش بە ناچاری خۆم ڕادەست کرد، لە ئەمنی گەڕەکەوە بۆ ئەمنی گشتی، لەوێوە بۆ مەنزوومەی شیمالی و دواتر بۆ هەیئەی تایبەتی کەرکووک، دواقۆناغیش بۆ زیندانی گەورەی ئەبوو غرێب... هەڵبەتە ئەو نێوانەی کە پێویست ناکات باسی بکەم، سەراپا و تا ئەو کاتەی ئازاد بووم، پڕاوپڕ بوون لە ئەشکەنجە و ئازار و کێبڵ و کارەبا... لە ١٩٨٢/٧/١٧ فەرمانی ئازادکردنمان دەرچوو، وا دەزانم عەسری ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٠ گەیشتمەوە ماڵەوە و دوای چەند ڕۆژێکی کەم گەیشتمە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوزەنگ... یەکەم کەسانێک کە دیمن، هەردوو نووسەر و وەرگێڕ کاک حەمەکەریم عارف و ڕەحمەتی محەمەد موکری بوون... ماوەیەکی کەم لە ناوەندی کۆمەڵە مامەوە و دواتر چوومە بارەگای نووسەرانی کوردستان. هێشتا کەمترین چالاکی و ئیش کرابوو، بەڵام یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دروست ببوو. ئا لێرەوە هێدی هێدی تێکەڵ بوومەوە بە خوێندنەوە و نووسینەوە، بۆ ماوەیەکی کەم چوومە ئیستگەی دەنگی گەلی کوردستان، بەڵام ململانێ خنکاندبووی. وازم هێنا و چوومە مەڵبەندی سەرگەڵوو، لەوێ گۆڤارێکی تاقانەم دەرچواند بە ناوی سەنگەر... دواتر نووسەران هاتنە بەرگەڵوو، منیش چوومەوە ماڵەکەی خۆم و دەستمان کرد بە چالاکی و چاپکردنی کتێب، هەر لەو دەمانەدا و ڕۆژێکیان، وا بزانم ساڵی ١٩٨٥ بوو، بڕیارمان دا لقی کەرکووک زیندوو بکەینەوە و گۆڤارەکەشی لە ژمارە دووەوە دەست پێ بکەینەوە، چونکە بەعس کاتێ ئەو لقەی داخست، ژمارە یەکیان دەرچواندبوو... بەردەوام بووین لە چالاکیی ئەدەبی بە کۆڕ و کۆبوونەوە و چاپ و بڵاوکردنەوە تا کۆنگرەی ڕاپەڕین. بە داخەوە خەتێکی ڕاست و چەپیان بەسەر ماندووبوونی نووسەراندا هێنا و تا ئێستا باسێکیشی لێوە نەکراوە... من وەک ئەحمەد عارف هەندێ بەرهەمی چاپکراوم هەن، وەک: کودەتایەک لە پایتەختی دڵێکی شێتا (شیعر)، چەپکێ خەمی کەسک (شیعر)، پرسیار (شیعر)، هەڵوەرینی ڕۆح (شیعر)، پێکی ماچ و جامی لێو (شیعر)، بووکەشووشە (شیعری منداڵان)، گەڕانەوە

بۆ حەیفا (وەرگێرانی ڕۆمانی غەسان کەنفانی) دوو هاوڕێ (وەرگێڕان)، هەڵبژاردە (چیرۆکی منداڵان)، ئێوارەیەکی شەرابی (کۆچیرۆک) بارین (کۆچیرۆک). ئێستایش ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی نووسەرانی کوردم.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، بەرکوژەی خەم، شیعر، ل ٦٨-٦٩.
* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شیعر، ل ٧٧-٧٨،
* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، پەنگەر، شیعر، ل ١٢٤-١٣١.
* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ڕێژنە، شیعر، ل ٥٣-٥٥.



## ئەحمەد قەرەنی

ئەحمەد محەمەد مام عوسمان قەرەنی لە ساڵی ١٩٥٥ لە ئاکرێ لە دایک بووە. لە ڕووی خوێندنەوە بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێناوە و پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر. نازناوی زانستیی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. ئەو کارانەی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦-٢٠١٨)دا ڕای پەڕاندوون، ئەمانەن: مامۆستای سەرەتایی، بەڕێوەبەری قوتابخانە، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیر، شارەزا، بەڕێوەبەری گشتیی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان لە دیوانی وەزارەت، ڕاوێژکاری پەروەردەیی.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە

ئەندامی سەندیکای ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

ئەندامی یەکێتی جیهانیی ڕۆژنامەنووسانە IFJ.

لە بواری ڕۆژنامەگەریدا

ڕاوێژکاری پەروەردەیی بووە لە گۆڤاری (پەلکەزێڕینە)ی منداڵان.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)ی مانگانە بوو کە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەری دەکرد.

سەرنووسەری گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی) مانگانە بوو کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٧ بە کوردی دەردەچوو.

سەرنووسەری ڕۆژنامەی (فێرخوازان) بوو کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٦ دەردەچوو و بایەخی بە کاروباری نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەرێمی کوردستان دەدا.

سەرنووسەری گۆڤاری (ئاسۆی منداڵان) بوو کە بە زمانی کوردی و سریانی دەردەچوو.

سەرنووسەری گۆڤاری (پەروەردە و فێرکردن) بوو کە گۆڤارێکی وەرزی بوو و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٤ بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو.

سەرنووسەری گۆڤاری (آفاق تربوية) کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو.

لە بڵاوکراوەکانی

(١٤) کتێبی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپ کردووە.

پتر لە (٤٠) توێژینەوە و وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بڵاو کردووەتەوە.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، ژ بیر ناکەم، شیعر، ل ٥٧-٦٠،



## ئەرسەلان بایز

ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی کاریتان لە ناحیەی دیبەگەی شاری هەولێر لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٣ بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردیدا بە دەست هێناوە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و بووەتە مامۆستا لە ڕەواندز. دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە و هاتووەتە شاری سلێمانی. پاشتر بە فەرمانبەر لەکۆمپانیای پەلەوەری هەولێر دامەزراوە.

ساڵی ١٩٧٦ بە ٦ ساڵ زیندانی حوکم دراوە، ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە. ساڵی ١٩٧٩ لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە و پاشان ساڵی ١٩٨٠ وەک کادر هاتووەتە دەڤەری هەولێر و کۆیە.

سالی ١٩٨١ بووە بە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن و تا ساڵی ١٩٨٨ لەم لێپرسراوێتییەدا بووە. ساڵی ١٩٨٢ لە خولی سێیەمی گۆڤاری ”ڕێبازی نوی“دا بووەتە سەرنووسەر و ٥ ژمارەی لێ دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٨٨ لە خولی ٥ و ٦ی ”ڕێبازی نوێ“دا سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە.

ساڵی ١٩٩٢ یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی هەڵبژێرراوە. لە ساڵی ١٩٩٢ بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٧ تا ساڵی ١٩٩٩ وەزیری پەروەردە بووە. ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٩ بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لێپرسراوی مەکتەبی

ڕێکخستنی یەکێتی بووە. ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی ماستەر و ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٢ بووە بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

بەرهەمەکانی

١_- فاشیزم، ١٩٨٨.

٢-_ ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی، ٢٠٠١.

٣_- ڕۆژانی سەخت، ٢٠٠٢.

٤_- کاژێر شەشی ئێوارە، ڕۆمان، ٢٠١٦.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، پرۆسترۆیکا و دواڕۆژێکی ڕووناک، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ل ٦٠-٦٥.

* ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، ڕازەکانم دەدرکێنم، چیرۆک، ل ٧٨-٨٢.



## ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل (مەغدید مەولود)

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی (حەفتەغار) لە دووزخورماتووی سەر بە شاری کەرکووک هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٦٢ خانەی مامۆستایانی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، لە قوتابخانەکانی دووزخورماتوو، شاری کەرکووک، شاری سلێمانی، شاری دهۆک، شاری تکریت و کەلار مامۆستایەتیی کردووە و لە قوتابخانەکاندا وانەبێژیی کردووە، خێزاندارە و باوکی سێ کچ و سێ کوڕە. یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی لە ساڵی ١٩٦٩دا چاپ وبڵاو کردووەتەوە بە ناوی (دارەکەی بەر ماڵمان). دەیان وتار و لێکۆڵینەوە و چیرۆک و وەرگێڕانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک گۆڤاری بەیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری نووسەری کوردستان شاخ، ڕۆژنامەی هاوکاری... بڵاو کردووەتەوە. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل یەکێکە لە چیرۆکنووسەکانی سەرەتای حەفتاکان، جگە لەوەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە، زمانەکانی کوردی و تورکی و عەرەبی بە باشی دەزانێت و لەم دوو زمانەشەوە چەندین بەرهەمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە. بە یەکێک لە پڕبەرهەمترینی نێوەندی ئەدەبی ئەژمار دەکرێت و کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە جوان و نایابەکانی دەوڵەمەند کردووە. لە ئێستادا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە و ژیان دەگوزەرێنێت. تا ئێستا زیاتر لە پەنجا کتێبی لە وەرگێڕان و نووسین چاپ و بڵاو کردووەتەوە و چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانیشی پێشکەش کراوە.

بەشێک لە بەرهەمەکانی

١- دارەکەی بەرماڵمان، کۆمەڵەچیرۆک.

٢- دەستی ئۆخەی، کۆمەڵەچیرۆک.

٣- ئەسپ، کۆمەڵەچیرۆک.

٤- بەردی سەبر، کۆمەڵەچیرۆک.

٥- پەنجەرەکان، کۆمەڵەچیرۆک.

٦- فڕینەکان، کۆمەڵەچیرۆک.

٧- چاوەڕوانی، کۆمەڵەچیرۆک.

٨- بەهاری ڕەش، ڕۆمان.

٩- چەند نموونەیەک لە ئەدەبی هاوچەرخی کورد.

وەرگێڕان لە زمانی تورکییەوە

١- باڵندەکانیش کۆچیان کرد، یەشار کەمال.

٢- مارەکەیان بکوشتایە، ڕۆمان، یەشارکەمال.

٣- دەریا تۆرا، ڕۆمان، یەشارکەمال.

٤- ئەوە چاوم پێی بڕوانە، ڕۆمان، یەشار کەمال.

٥- گەمییەکەی نووح، ڕیپۆرتاژ، یەشارکەمال.

٦- وەرزێک لە هەکاری، ڕۆمان، فەرید ئەدگۆ.

٧- کەسێک، ڕۆمان، فەرید ئەدگۆ.

٨- خۆشە هاوڕێ، ڕۆمان، نازم حیکمەت.

٩- سێوە سەوزەکان، ڕۆمان، نازم حیکمەت.

١٠- خوێن نادوێت، ڕۆمان، نازم حیکمەت.

١١- باڵندەکانی ئێوارە، لە ئەدەبیی تورکییەوە.

١٢- قەتڵوعامی دەرسیمییەکان، منزر جەم.

١٣- یاخیبوونی ئافرەتان، شانۆنامە، نازم حیکمەت.

وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە
١- چیرۆکی هەڵبژاردە.
٢- لە چاوەنواڕیی فەرەجوڵڵای قەهاردا، ڕۆمان، سعدی مالح
٣- چیرۆکنووسە سوریالییەکانی عێراق.
٤- چیای خودا، ڕۆمان، ئیری دی لۆرکا.
٥- ڕۆژێ بەر لە بەختەوەری، ڕۆمان، ئیردی دی لۆرکا
٦- کێشەی کورد، مێژوو، لازاریف

* زینانە، مەغدید مەولود (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆک، ل ٦٢-٦٦.



## ئەنوەر مەسیفی

شاعیر ئەنوەر مەسیفی ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی کۆڕێی سەر بە هاوینەهەواری پیرمام لە دایک بووە. گەشەی منداڵی و مێردمنداڵیی لەو دەڤەرە تێ پەڕاندووە.

ئەنوەر مەسیفی شاعیرێکی سوریالیستییە و شانبەشانی نووسیارانی گرووپی پێشڕەو، لە ساڵانی حەفتاکاندا دەستی بە نووسین کردووە، دوای دەستکردنی بە نووسینی شیعر و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە نێوەندی ئەدەبیدا، بە شاعیری تێکشکێنەری واقیع و زمان دادەنرێت. ئاڵۆزیی نووسین و دروستکردنی زمانێکی دیکە لە ناو زماندا بووەتە هۆکاری ناودەرکردن و تۆمەتبارکردنی شاعیر. لە زۆرێک گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە، بە تایبەت شیعر. بەداخەوە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢ لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵی لەو ڕووداوەدا گیانیان لە دەست داوە.

بەرهەمەکانی

١- خۆرباران، شیعر، ١٩٧٨.

٢- جارێکی تر خۆرباران، شیعر، ١٩٧٨.

٣- جل و بەرگ و جمکەکان، شیعر، ١٩٩٠.

٤- پیرەمێردێک بۆ فرۆشتن، شانۆگەری بۆ خوێندنەوە یا شیعری سینەما، ٢٠٠٣.

٥- ئەو گۆرانییەی نەمگوت، شیعر، دواکتێبی شاعیرە.

* ژمارە ٧، ١٩٨٣، بۆ فرمێسکی سوور و سپی شیعر، ل ٧٥-٧٦.



**ئەحمەدی بەحری**

لەدایکبووی ١٩٥٧ی شاری مەهابادە. مامۆستای زمانی فارسیی قوتابخانە دواناوەندییەکانی مەهاباد بووە. ئێستا مامۆستای خانەنشین کراوە. سەردەمێک بەرپرسی ئەنجوومەنیی ئەدەبیی مەهاباد بوو. ماوەی ٢١ ساڵە بەرپرسی گۆڤاری مەهابادە کە ٢١٧ ژمارەی لێ دەرچووە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی
١- فەرهەنگی باڵندە
٢- گەنجی سەربەمۆر، چوار بەرگی گەورەی چاپکراوە.
هەروەها چاپی دەیان وتاری جۆراوجۆر، ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ئەرکی ئەمڕۆی ئەدیبانی کورد، لێکۆڵینەوە، ل ٣٠-٣٣.



**ئەحمەد شەریفی**

ئەحمەد شەریفی ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی مەهاباد و سنە و کرماشان لە بەشی کوردی کاری کردووە و چەند ساڵێکیش دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد بووە. شەریفی خاوەنی چەندین نامیلکە و کتێبی مێژووییە و بە سەدان بابەتی لە ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

لە ١٠ی حوزەیران ٢٠١٥دا ڕۆژنامەنووس و نووسەر و مێژوونووس لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە دنیای نووسین کرد

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، زمانی کوردی لە (یەکێتی فقە اللغە ایران)دا، لێکۆڵینەوە، ل ٢٣-٣١.

سەرچاوە کوردیپیدیا



## ئارێز عەبدوڵڵا ئەحمەد

لەساڵی ١٩٦٤ لە گوندی "ئارانە"ی سەر بە خەلیفان لە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە.

ساڵی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد دەستی پێ کردووەتەوە، باوکی بووەتە پێشمەرگە، خێزانەکەیان ئاوارەی ئێران بووە و لەوێ ژیانیان گوزەراندووە.

پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا، خێزانەکەی گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، پاشان بۆ خوارووی عێراق دوور خراونەتەوە و لە ناحیەی ئیسلاحی سەر بە پارێزگای ناسرییە گیرساونەتەوە و هەر لەوێ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی.

ساڵی ١٩٧٧ حکومەتی عێراق ڕێگەی پێ داون بگەڕێنەوە کوردستان. لە شاری هەولێر قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان ناوەندی و ئامادەیی لە خەلیفان تەواو کردووە.

ئەو کاتەی لە ئاوارەییدا لە ئێران بووە، کاریگەریی زۆری لەسەر هەستی نەتەوایەتیی دروست کردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە و هەڵسووڕاوێکی چالاکی ئەو پارتە بووە.

بەر لەوەی بچێتە زانکۆ، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ لە گرتووخانەکانی حکومەتدا ماوەتەوە. ئەو کاتەی لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بووە، چەندین جار گێچەڵی پێ کراوە. ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی زەحمەتکێشانەوە کردووە و لە دەڤەرەکانی شەقلاوە و ئاکرێ و ئامێدی پێشمەرگایەتیی کردووە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨دا لە دەڤەری خواکورک، لە سەر سنووری عێراق - تورکیا لە لایەن تورکیاوە دەستگیر کراوە و تا پایزی ساڵی دواتر لە زیندانەکانی ئەو وڵاتەدا بووە. دواتر ئەم دۆخەی وەک ئەزموونێکی دژوار لە دووتوێی ڕۆمانێکدا بە ناوی "لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە" دیکۆمێنت کردووە.

ساڵی ١٩٩٠ بە پارتیزانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی ڕاپەڕینی کردووە.

ساڵی ١٩٩٣ بووە بە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستی "ی. ن. ک" و ماوەیەکیش سکرتێری گۆڤاری "ڕێبازی نوێ" بووە.

ساڵی ١٩٩٥ بووە بە فەرماندەی هێزەکانی باڵەک و پاشان جێگری لێپرسراوی مەڵبەندو سەر لەشکری ڕەواندوز.

ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

لە کۆنگرەی سێی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٠دا، بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی هەڵبژێرراوە.

ساڵی ٢٠١٤ بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێرراوە.

بەرهەمەکانی

١- ڕێگای یاخییان: بیرەوەری و یاداشت، ٢٠٠٤.

٢- زیندان لە پەنجەرەکەمەوە، ٢٠٠٦.

٣- لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە، ٢٠٠٩.

* ژمارە ١٨، پایزی ١٩٩١، بەسەرهاتی (مۆمی) لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریدا، شیعر، ل ١٢٧-١٣٠.



## ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا دکتور(هەڵوێست)

ساڵی١٩٨٢ لە سلیمانی لەدایک بووە.

خویندنی سەرەتایی لە خویندنگای(بەمۆ) لەدەربەندیخان وناوەندی لە(ئازادی)و دوائامادەیی لە(ئەزمەڕ) لە سلێمانی تەواکردووە.

لە کۆتا ساڵەکانی نیوەی دووەمی حەفتاکانەوە بەرهەمی شیعری بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی بەشداریکردنی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خویندکاران و ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی(الجیش الشعبی) یەکەم خوێندکاری کۆلیجی پزیشکی و زانکۆی سەلاحەدین بووە، کە لەکۆلیژی پزیشکی دەربکرێ، پاشان بەهۆی دانووستانەکانی (ی.ن.ک )لەگەڵ ڕژیمی بەعسدا، لەگەڵ هاوڕێ خویندکارە دەرکراوەکانیدا سزاکەیان گۆڕاوە بۆ ساڵێ کەوتن(سنه رسوب).

ساڵی ١٩٨٦ ـ ١٩٨٧ کۆلیجی پزیشکی بە ڕیزبەندی یەکەم تەواوکردووە.

بەرهەمەکانی لە (هاوکاری) و (بەیان) و(ڕۆژی کوردستان) و (کاروان)و پاشکۆی (عێراق) و (ڕەنجی کرێکار)دا بڵاوکردۆتەوە.لەساڵی ١٩٧٩ وە.

ئەندامی نهێنی ناو شاری سلێمانی بووە لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا.

خاوەنی دیوانێکی شیعرییە بە ناوی(حەسرەت) ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوەو لەلایەن نووسەرورۆژنامەوان، وەرگێر (شێخ محمد ساڵح بەرزنجی )یەوە بەرچڤەکراوە بۆ زمانی عەرەبی.

* ژمارە ٩ کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، دڵی تۆیە وا ئەسووتێ، شیعر، ل٨١-٨٢.



## ئازاد عەبدولوەهاب محەمەد (ئازاد جوندیانی)

لە ناوەڕاستی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی "بێشووکی" دەڤەری شارۆچکەی ڕەواندوز هاتووەتە دنیاوە. ساڵی ١٩٦٩ چووەتە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٧٧ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و چووەتە ڕیزی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و لەگەڵ ئەوە ڕێکخراوەدا وەک کەسێکی چەپ کاری سیاسیی دەست پێ کردووە. ساڵانی هەشتاکان چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە.

لە دەسپێکی ڕاپەڕینەوە، وەک نووسەر و بێژەر لە ڕادیۆی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان کاری کردووە. ساڵی ١٩٩٤ بووەتە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٩ بووەتە یاریدەدەری سکرتێری (ی. ن. ک) بۆ کاروباری ڕووناکبیری و سیاسی. لە دووەم کۆنگرەی (ی. ن. ک) وەک ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێرراوە. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٣ بووەتە لێپرسراوی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی. ن. ک). لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی یەدەکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێرراوە. لە سەرەتای دروستبوونی ڕەوتی نێوەندی بڕیار (ی. ن. ک) بووەتە ئەندامی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕەوتە، کە تەمەنێکی کورتی هەبوو. لە ٩ی شوباتی ٢٠١٧ بە تەواوەتی و بە فەرمی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش کردووە و وازی لە یەکێتی هێناوە.

سەرەتا وەک شاعیر بەرهەمی ئەدەبی و سیاسیی بڵاو کردووەتەوە. زۆر بەرهەمی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شارو شاخ دا بڵاو کردووەتەوە.

* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، گوڵی خۆشەویستی، چیرۆک، ل ٦١-٦٩.
* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، گوڵە هێرۆکان دەلەرانەوە، چیرۆک، ل، ١٣٩-١٤٢.
* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، مەرگی بییرەوەرییەکان، چیرۆک، ل ١١٨-١٢٠.



## ئازاد وەهاب عەبدولڕەحمان (ئازاد خانەقینی)

سالّی ١٩٥٨ لە گەڕەکی پالاّوگەی ئەلّوەن لە شاری خانەقین لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە، پاشان ئامادەیی کشتوکالّی لە قەزای خالّس تەواو کردووە. دەسپێکی ژیانی هونەری بۆ سالّی ١٩٧١ دەگەڕێتەوە. بۆ یەکەم جار لەگەلّ تیپێکی هونەری وەک کۆرس بەشداریی ئاهەنگێکی گۆرانیی کردووە.

سالّی ١٩٧٩ لەگەلّ چەند هاوڕێیەکیدا بەشداریی لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای خانەقیندا کردووە و پاش ئەوەی تیپەکەیان کاسێتێکی گۆرانی تۆمار کردووە، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئەندامانی تیپەکەیان دەستگیر کراون و داوایان لێ کراوە چیتر بە زمانی کوردی گۆرانی نەچڕن.

سالّی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردووەو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە دەڤەری ناوزەنگ دەست پێ کردووە.

لە گوندی تووژەلّە پەیوەندیی بە تیپی مۆسیقای شەهید کارزانەوە کردووە. پەیوەندیکردنی بەو تیپەوە وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەری لە ژیانی هونەرییدا دروست کردووە. لە ژیانی هونەریدا لەگەلّ ئەو تیپەدا چەندین بەرهەمی جوانی پێشکەش کردووە و بەرهەم هێناوە. سروودەکانی "ئاسوودە بن، کەلّکی قەیوان" لە بەرهەمە بەپێز و جوانەکانی ئەم هونەرمەندەن.

سالّی ١٩٨٩ بەشداریی کردووە لە فێستیڤالّی هەلّەبجە لە شاری سەقزی ڕۆژهەلاّتی کوردستان و بەرهەمی پێشکەش کردووە. سروودەکانی ڕەنگدانەوەی گیانی بەرگری

و خۆڕاگرتن دەنەخشێنن و توانیویەتی بە هونەرەکەی خزمەتی مەسەلەی خەبات و شۆڕش بکات.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٦ لێپرسراوی بەشی بەرنامە هەمەجۆرەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە لە شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٩٧ یەکەم کۆنسێرتی تایبەتی خۆی لە شاری سلێمانی بە ناوی "دیمانەی عاشقان" پێشکەش کردووە. ساڵی ١٩٩٧ پێشنیاری بۆ دامەزراندنی ئەرشیڤی شۆڕش پێشکەش کردووە. ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠٠ دوو ساڵی بەبەرهەمی ئەم هونەرمەندەن. هۆنراوەی "وەرزە ئاڵەکانی عەدەم"ی جەمال غەمباری کردووەتە بەرهەمێکی هونەری و لەگەڵ چەند بەرهەمێکی دیکەی گۆرانیدا تۆماری کردوون.

ساڵی ٢٠٠٠ بەشێکی ئەو دۆکۆمێنتانەی تایبەت بە مێژووی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، لە دووتوێی کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەییدا بە ناوی "مادێنا: مێژوو و بیبیلۆگرافیای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١" چاپی کردووە. ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٦ جێگری بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووە لە چوارتا. لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ بە هۆی نەخۆشییەوە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، سەرنجێک دەربارەی چیرۆکی شیلانە، ڕەخنە، ل ٩٩-١٠٢.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لە بیرەوەرییەکانی عەبە کوێر، وەرگێڕان، چیرۆک، ل١٣٠-١٣٥.



## ئاسۆس ئەحمەد حەسەن هەردی (ئارام)

لە ١٩٦٣/٩/٢٠ لە سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی، پاشان ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی ئاوەکورتێ (لە ناو شۆڕش) و پاش ئەویش لە ئێران تەواو کردووە. خوێندنی ناوەندیی لە ئاوارەیی ئێران و پاشانیش دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کاتێکدا لە قۆناغی کۆتایی خوێندنی بەشی میکانیک بووە لە کۆلیجی ئەندازیاریی زانکۆی مووسڵ، لەبەر ئەوەی لە پشووی هاویندا بەشداریی مەشقی (جەیشی شەعبی) نەکردبوو، فەسڵ کراوە. ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی کردووە بە شۆڕشەوە و بووە بە پێشمەرگەی پاسۆک. لە دوای ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە کوردستانی ئازاد و ساڵی کۆتایی خوێندنی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە ١٩٩٤-١٩٩٥ تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە تا ٢٠٠٢ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی کاری کردووە و لەو ساڵەدا وازی هێناوە. ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تردا ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"یان دامەزراندووە.

لە سەرەتای دەرچوونی هاوڵاتییەوە تا ساڵی ٢٠٠٥، سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە بووە.

ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس ڕۆژنامەی ئاوێنەیان دامەزراندووە کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و لە سەرەتای دەرچوونیەوە تا ساڵی ٢٠٠٨، سەرنووسەری ئاوێنە بووە. لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە تا ئەمڕۆ بەڕێوەبەری ئاوێنەیە.

ئەندامی کۆمیتەی ڕاوێژکارانی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا. ساڵی ٢٠١٠، خەڵاتی ڕێکخراوی جیهانیی ڕۆژنامەکان و بڵاوکەرەوەی هەواڵ (IFRA -WAN)ی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەری وەرگرتووە. جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی دەزانێت.

دوو کتێبی ئیسماعیل بیشکچیی لە تورکییەوە کردووە بە کوردی: سی و سێ گوللە، تیزی تورک بۆ مێژوو. هەردووکیان لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ کراون.

دەستنووسێکی فارسیی لەسەر مێژووی ئەردەڵان کردووە بە کوردی و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ کراوە. کتێبی "عەرووز لە شیعری کوردیدا"ی وەرگێڕاوە کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر شیعری کوردی و ئەحمەد هەردی بە عەرەبی نووسیویەتی.

* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، لە نێوان ژیان و مەرگا، چیرۆک، ل ٧٠-٧٢

# ب



## بورهان قانع(بورهان شێخ محەمەد قانع)

بورهانی جوانەمەرگ کوڕی (قانع)ی شاعیری بلیمەت و زەحمەتکێشە، ساڵی ١٩٣٥ لە دێی نەوێی بناری ناوچەی شارەزوور لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی و دواکەوتووی ئەوسادا چاوی هەڵهێناوە، کۆمەڵگەیەک کە لە باری نەخوێندەوارییەوە دواکەوتوو بووە و پەردەی نەزانین باڵی بەسەردا کێشابوو. خوێندنی ئەو کاتەی لە حوجرەی مزگەوتدا بووە، کە حوجرەی مەلاکانی ئەو کاتە ڕۆڵێکی دیار و ئاشکرایان هەبووە لە پێگەیاندنی منداڵاندا و بۆ ڕووناککردنەوەی بیری ئەوان بە خوێندەواری. بنەماڵەکەیان بنەماڵەیەکی دەستکورت و ئەدەبپەروەر بووە. لەگەڵ ئیشی ڕۆژانە و کار و فەرمانی لادێدا، خوێندنی حوجرەی تا ڕادەیەک لای باوکی بەدەم ئاشەوانی و ئیشکردنەوە نیوەوناچڵ تەواو کردووە.

جاروباریش لە قوتابخانە ڕەسمییەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و ئێراندا خوێندوویەتی... لە عێراق فێری زمانی عەرەبی و لە ئێران فێری زمانی فارسی بووە... بەدەم لێقەوماوییەوە کەمێک زمانی تورکییش فێر بووە. لە ژیانیدا گەلێک دەربەدەری و ئازار و ناڕەحەتیی چەشتووە و تێکەڵ بە کار و کردەوەی بووە، ئەم دەربەدەری و ئازارەشی وەک میرات بۆ بەجێ ماوە. سەرەتای دەستپێکردن و ئاشنابوونی لەگەڵ ئیشکردن لە بواری چاپەمەنی و ئەدەبدا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ کە هێشتا منداڵ بووە و تەمەنی ١٣ ساڵ بووە، لە چاپخانەی ژینی خوالێخۆشبوو پیرەمێردی نەمر بووە بە شاگرد... دوای ئەوەش بە ئیشکردنەوە نەوەستاوە و کەوتووەتە شوێن بابەتە ئەدەبییەکان... چەند کەڕەت بۆی ڕەخساوە کە لەسەر ئەرکی دۆست و برایانی بخوێنێ، بەڵام لەبەر باری هەژاری و کلۆلیی خێزانەکەیان نەیتوانیوە ئەو ئاوات و هیوایە بەدی بهێنێ و ناچار بووە بەجێیان بهێڵێ.

ساڵی ١٩٥٨ و لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا چووەتە بەغداد، بورهان قانع وەک کەسێکی خاوەن بەهرە و سەلیقەی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەم جار بووە بە فەرمانبەر لە ئیستگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و لەوێ بە ناونیشانی پەخشکار و وەرگێڕ (مذیع ومترجم) دامەزراوەو دەستی بە کار کردووە. بە هۆی تێکەڵاوی و نزیکبوونەوەی لە ڕۆژنامە کوردییەکان و ناسینی کۆمەڵێک نووسەر و ئەدەبدۆست، لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو وەختە کە بڵاو دەبوونەوە، بورهان قانع دەستی بە ئیشکردن کردووە لە گەڵیاندا و وەک نووسەر لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا کاری کردووە: ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی ١٩٦٠، ڕۆژنامەی دەنگی کورد ساڵی ١٩٦٠، ڕۆژنامەی پێشکەوتن ساڵی ١٩٦٠، گۆڤاری ڕزگاری ساڵی ١٩٦٩ بۆ ١٩٧٠، جگە لەوەی بە دەستنووس ڕۆژنامەیەکی نهێنیی بە ناوی ئاگرەوە بڵاو کردووەتەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٣دا، بۆ چەندین جار دوور خراوەتەوە. پاش ئەوەی کارەکەی لە ڕادیۆی کوردییەوە لە ساڵی ١٩٧٢دا دەگوێزرێتەوە بۆ دەزگای دار الجماهیر، لەوێ دەبێت بە نووسەر (محرر) لە ڕۆژنامەی هاوکاری. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٤ ڕۆژنامەی هاوکاری دەزگاکەی گوێزراوەتەوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، کە ڕۆژنامەی هاوکاری و هەردوو گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێی لێ دەردەچوو، لەوێ بووە بە وەرگێڕ لە گۆڤاری بەیان...

ناوبەناو شیعر و وتارو نووسینی جۆراوجۆری چ بە ناوی خۆی و چ بە ناوی خوازراوەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر بڵاو کردووەتەوە. بورهان قانعی ڕۆژنامەنووس یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی بۆ یەکەمین جار داوای دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردیان کردووە، لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ١٠٩ی ١٤ی نیسانی ١٩٦٠ ئاماژە بە ناوەکانیان دراوە. لە گۆڤاری هەتاو کە لە شاری هەولێر ساڵی ١٩٥٤ تا ساڵی ١٩٦٠ دەردەچوو، بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیی کردووە بە شۆڕشەوەو بووە بە پێشمەرگەی کوردستان. لە ڕۆژنامەی دەنگی کورددا گۆشەیەکی تایبەتی بۆ نووسینەکانی هەبووە. ساڵی ١٩٧٩ بە نهێنی چاپخانەیەکی دەستیی کڕیوە و پاشان گەیاندوویەتە شاخ، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ دیوانی قانعی بە چاپ گەیاند، لە لایەن مدیرییەتی ئەمنی عامەوە دەستگیر کرا و خرایە ژێر ئەشکەنجەی پیاوانی بەعسەوە و پاش ماوەیەک بە کەفالەت ئازاد کرا.

بە هۆی فشارو چاودێریی حکومەتەوە کە خرابووە سەری، ناچار بوو شار بەجێ بهێڵێت و بچێتە شاخ و ببێت بە پێشمەرگە و نووسەر و وەرگێڕ لە شاخ، ناوەناوەش وەک مامۆستا لە خولەکانی کادراندا وانە بڵێتەوە وانەکانیش تایبەت بوون بە مێژووی کورد و کوردستان.

ئەو ماوەیەی کە لە شاخ بوو، توانیی چەندین بەرهەمی ناوازە و نوێ لە فارسییەوە بکا بە کوردی و لە شاخ بە چاپیان بگەیەنێت، وەک "جەنگی گەل، لەشکری گەل"ی جەنراڵ جیاب، "حیزبی کاری ئەلبانی"ی محەمەد شیخۆ... لە شاخ کتێبی سەوزی موعەمەر قەزافیی کردووە بە کوردی، خۆی دەیگوت چەند دانەیەکمان لە ڕێگەی نوێنەری (ی.ن.ک)ـەوە بە دیاری بۆ ناوبراو ناردووە، هەروەها دەرهێنەرو نووسەر بووە لە گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ و چەندین بەرهەمی لە ژمارەکانی سەرەتادا تێدا بڵاو کردووەتەوە، ماوەیەکیش بەڕێوەبەری کارگێڕیی هەرێمی سێی ی.ن.ک بووە. هەروەها لە ڕادیۆی کوردیی بەغداد و تەلەفیزیۆنی بەغداد و کەرکووکدا چەندین بەرنامەی هەمەڕەنگی پێشکەش کردووە... وەک کوڕی لادێ و شیعرو مۆسیقا و... جگە لە نووسینی تەمسیلییەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغداد. ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین کراوە، بەڵام بە داخەوە، ئەو پیاوە بلیمەت و خزمەتگوزارە تەمەنی کەم درێژەی کێشاو شاڵاوی مەرگ زوو چنگی لە بەربینی گیر کرد و بردیەوە. لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٥/٦/٢٧ بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بێرکۆتی شاری هەولێر بە خاک سپێراوە. بە جوانەمەرگی سەری نایەوە و هەموو ئاوات و خەونەکانی و بەتەنگەوەهاتنی بۆ نێوەندی ڕووناکبیری بردە نێو خاک. لە پاش خۆی پێنج منداڵی بە ناوەکانی ئەردەڵان و ئاگرو مەم و زمناکۆ و فێنک، بەجێ هێشت. بە کۆچی دوایی کتوپڕی مامۆستا بورهانی نەمر، زەرەر و زیانێکی زۆر لە ئەدەب و نێوەندی ڕۆشنبیریمان کەوت و بەم مرۆڤە گەورەیەش دڵێکی مەزنمان بووە خۆراکی گڵ... یادگارو بیرەوەرییەکانی ئەم مامۆستا مەزنە هەردەم لە مێشک و دەروونی هاوڕێ دڵسۆزەکانیدا بە نەمری و زیندویێتی بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە و یادی دەکرێتەوە.

بەشێک لە بەرهەمەکانی:

١- مێژووی هاوچەرخ (التاریخ المعاصر) کتێبێکی گەورەی وەرگێڕراوە و چاپ کراوە.

٢- هەشتاویەک گەورە پیاوی جیهانی، کتێبێکی وەرگێڕراوە ، ١٢٥ لاپەرەی دەسنووسە. چاپ کراوە.

٣- یاداشتەکانی کرۆپسکایا، وەرگێڕان، چاپ کراوە.

٤- شۆڕشی ئەلبانیا، نووسینی محەمەد شیخۆ، وەرگێڕان.

٥- یاداشتەکانی چێ جیڤارا، وەرگێڕان، چاپ کراوە.

٦- جەنگی گەل، لەشکری گەل، نووسینی جەنراڵ جیاب، وەرگێڕان، ئەم کتێبە لە شاخ لە ناوزەنگ چاپ کراوە.

٧- جەنگی ناوخۆیی، وەرگێڕان، چاپ کراوە.

٨ - مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی فەلسەفەی زانستییەوە، نووسینی ستالین، وەرگێڕان.

٩- یاساکانی دیالەکتیک، وەرگێڕان.

١٠- نازیزم و زایۆنیزم، دوو بابەت، وەرگێڕان.

١١- کورد، شوناسی، وەرگێڕان.

١٢- جەنگی پۆڵەندا یان گێژاوی پۆڵەندا، وەرگێڕان.

١٣- میدیا، نووسینی ئی. م. دیانکونوف، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی، ١٩٧٨.

١٤- مردووخۆرەکان، سێ جار چاپ کراوە.

١٥ - ڕەوشتەکانی ئیمپریالیزم لە سایگۆن، چاپ کراوە.

١٦- بازرگانیی کۆیلەکان، چاپ کراوە.

ئامادەکردن

١- پاشمەرگەی قانع، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ، وریا قانع، ١٩٧٠، ١٠٠ لاپەڕەی قەبارە بچووک.

٢- نامەی قانع، ئامادەکردنی بەشێک لە شیعرەکانی قانع، ١٩٧٤، ٣٤٨ لاپەڕەی قەبارە گەورە.

٣- دیوانی قانع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، ١٩٧٩، سلێمانی، ٤٠٠ لاپەڕەی قەبارە گەورە.

٤- دیوانی قانع، شیعرەکانی قانعی شاعیر، چاپی دووەم، ١٩٨٦.

٥- یادی قانع، کۆی کردووەتەوە و ئامادەی کردووە بۆ چاپ، ١٩٧٨، ١٠٤ لاپەڕەیە.

٦- یادی مفتی، کۆی کردووەتەوە و ئامادەی کردووە بۆ چاپ، ١٩٧٩، ٦٤ لاپەڕە.

٧- بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادینشینی کوردەواری، ١٩٧٩، ٤٨ لاپەڕە.

٨ - ئەرخەوان، جوانی و ئازایەتی و ڕاپەڕین، چیرۆک، ٤٨ لاپەڕە.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، دایک، مەکسیم گۆرکی، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٠-٧٧.



**بەختیار محەمەد شەریف**

ساڵی ١٩٥٦ لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ بەشی ژمێریاریی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە. لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە تووژەڵە وەک تایپیست کاری کردووە. ڕۆڵی کارای لە تایپکردنی بابەتەکانی هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی یەکێتی لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا هەبووە. هەروەها بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیشی تایپ کردووە، وەک گۆڤاری نووسەری کوردستان.

پاش گواستنەوەی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن لە سەقزەوە بۆ سلێمانی، لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٥ لێپرسراوی کارگێڕی و دارایی بووە لە ڕاگەیاندن. ساڵی ١٩٩٥ گوازراوەتەوە بۆ بارەگای ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩٧ لەوێ کاری کردووە. پاشان گوازراوەتەوە بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان. لە ئەیلوولی ١٩٩٩ بووەتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "تان تان". ساڵی ٢٠١٢ خانەنشین کراوە.

# پ



## پەروێزی جیهانی

سالا ١٩٥٥ان ل گوندێ بەلەسۆرا ژێرین ناڤچا ئەلەندێ- کو بسەر باژارێ کەلا خۆیێ یە هاتیە دنیایێ.

ل باژارێن خۆی، سەلماس و ورمیێ چوویە خوەندەگەهێ. د شاخێ ئەدەبیات و زمانێ فارسی دە لیسانس وەرگرتیە. شەش سالان ل زادگەها خوە مامۆستەتیا دەبستانا سەرەتایی کریە. ل باژارێن خۆی و ماکوییێ د سازوومانا کۆچەران دا وەک کارمەند و لێکۆلینەرێ ل سەر ژیان و تۆرەیا کۆچەران خەبتیە. دووڤرال ڕادیۆیێن کوردی یێن تەهران و ورمیێ وەک بێژەر و نڤیسکارێ دو بەرنامەیێن تۆرەیی کار کریە. سالا ١٩٨٤ان، پشتی کو هێمن موکریانی چوویە ورمیێ، ب تەڤلیبوونا چەند نڤیسکارێن دن کۆڤارا فەرهەنگی ئەدەبی یا سروە دامەزراندنە. ژ سالا ١٩٨٤ ان تا سالا ١٩٩٥ان د وێ کۆڤارێ دا وەک نڤیسکار و بەرپرسێ پشکا کورمانجی خەبتیە. د سالا ١٩٩٥ان دە ژ کوردستانێ دەرکەتیە و ژ هنگا ڤە وەک پەنابەر ل سویسرەیێ دژی.

د سالا ١٩٧٧ان دە دەست ب نڤیسینا کوردی کریە و هەیا نها ئەڤ بەرهەمێن وی هاتنە وەشاندن

١- چیرۆکەهەلبەستا گور و بزن، ل سەر کاسێتێ، ١٩٧٧ خۆیێ.

٢- ڤەژاندنا مەم و زینا ئەهمەدێ خانی، ١٩٨٨، ورمیە.

٣ - ڤەژاندنا فەرهەنگا نووبهارا ئەهمەدێ خانی، ١٩٨٨، ورمیە.

٤- فێربوونا ڕێنڤیسا کوردی ب هەردو شێوەیان، ١٩٨٩، ورمیە.

٥- پەیام، کۆمەلەکوتەچیرۆک، ١٩٩٦، سویسرا.

٦ـ- ئاخ شلێرۆک، کۆمەلەهەلبەست، ١٩٩٧، سوێد.
٧ ـ- بلیجان، ڕۆمان، ٢٠٠٢، ستەنبۆل.
٨ ـ ئالۆلە، کۆمەلەکورتەچیرۆک، ٢٠٠٥، ستەنبۆل.
٩ـ- هەزاراڤ، فەرهەنگا مژاری ل سەر ئاڤێ، ٢٠٠٦، ستەنبۆل.
١٠ـ- شرۆڤەیا مەم و زینا ئەهمەدێ خانی، ب ڕاڤە و شرۆڤەیەک نوو، ٢٠٠٧، دوهۆک.
١١ـ- جیرۆکەهەلبەستێن گەلێری ٢٠١٩ ئامەد.
١٢ـ- براتیا قولنگ و ڕوڤی ٢٠١٩ وان.
١٣ـ- ڕۆڤەیا لەیلاو مەجنوونا سەوادی ٢٠٢٠ وان.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، بەرەو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، لێکۆڵینەوە، ل ١٥-١٩.

# ج



## جەلال تاڵەبانی (مام جەلال)

ناوی تەواوی جەلال تاڵەبانی "جەلال حوسامەددین نوروڵڵا"یە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ی گوندی (کەڵکان) لە بناری چیای کۆسرەت. بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی کە بەرەبابێکی هۆزی گەورەی زەنگنەیە. پاش هەڵبژاردنی باوکی بە مورشیدی تەکیەی تاڵەبانیی کۆیە، خێزانەکەی لە شارۆچکەی کۆیە نیشتەجێ بووە.

جەلال تاڵەبانی بە نووسەر و ڕۆژنامەوان و وتەبێژێکی کاریگەر دەناسرێت و بەرهەمێکی زۆری هەیە. ساڵی ١٩٤٦ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا پەیوەندیی بە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە کردووە. بەڵام چەند مانگێکی نەبردووە وازی لە ئەڵقەکە هێناوە، بە پاساوی ئەوەی دژی کوردایەتی بوون. ساڵی ١٩٤٧ پەیوەندیی بە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٤٨ کە ئەو کاتە تەمەنی ١٥ ساڵ بووە، لە ناوەندی کۆیە بووەتە لێپرسراوی خوێندکارە پارتییەکانی کۆیە.

هەر ساڵی ١٩٤٨ دژی واژۆکردنی پەیمانی پۆرتسمۆس سەرپەرشتیی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی کردووەو وەک نوێنەری خوێندکارانی کۆیە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی گشتیی خوێندکارانی عێراق هەڵبژێررا و لەو کۆنگرەیە بە ئەندامی یەدەک هەڵبژێرراوە.

خوێندنی ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە و ویستوویەتی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی بەغدا بخوێنێ، بەڵام داواکەی ڕەت کراوەتەوە، بۆیە ڕووی کردووەتە کۆلێژی

یاسا و ساڵی خوێندنی ۱۹۵۲-۱۹۵۳وەرگیراوە. ساڵی ۱۹۵۳ یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی دامەزراندووە و خۆشی بووەتە سکرتێری. ساڵی ۱۹۵۵ بەشداریی لە کۆنگرەی شاندی خوێندکاران و لاوانی عێراقی کردووە لە پایتەختی پۆڵۆنیا لە وارشۆ، لەوێ بەشداریی لە هەڵمەتی ناساندنی مەسەلەی کوردی کردووە.

ساڵی ۱۹۵٦ بەشداریی کردووە لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە هێرشی ئیسرائیل و بەریتانیا و فەڕەنسا بۆ سەر میسر و کۆلێژی مافی لێ قەدەغە کراوە. ساڵی ۱۹۵۷ وەک سکرتێری یەکێتیی قوتابیان بانگهێشت کراوە بۆ ڕووسیا و بۆ یەکەمین جار چاوی بە مەلا مسەفای بارزانی کەوتووە. ساڵی ۱۹۵۸، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، گەڕاوەتەوە کۆلێژی ماف، ساڵی دواتر ئەو کۆلێژەی تەواو کردووە و وەک پارێزەر ژیانی پارێزەریی دەست پێ کردووە. ساڵی ۱۹٦۱ کاتێک شۆڕشی ئەیلوول هەڵایسا، تاڵەبانی لە چەمی ڕەزان خەباتی چەکداریی هەڵسووڕاند، سەرکردایەتیی هێزی ڕزگاریی کردووە و ڕابەرایەتیی شەڕەکانی کردووە.

ساڵی ۱۹٦۳ لەگەڵ ساڵح یوسفی وەک نوێنەری پارتی کەوتوونەتە وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق. ساڵی ۱۹٦٤ بە هۆی کێشەکانی ناو پارتییەوە پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کردووە.

پاش ڕێککەوتنی بەیاننامەی ۱۱ی ئازاری ۱۹۷۰، لەگەڵ چەند کادرێکی دێرینی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوێکی چەپی نهێنیی بە ناوی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستانەوە دامەزراندووە.

ساڵی ۱۹۷۲ کوردستانی بەجێ هێشتووە و لە لوبنان گیرساوەتەوە و پەیوەندی لەگەڵ فەلەستینیەکان پەرە پێ داوە، بە تایبەتی لەگەڵ بەرەی ڕزگاریی گەلی فەلەستین. ساڵی ۱۹۷۵ لە قاهیرە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی بووە.

ساڵی ۱۹۷۵، سێ مانگ دوای هەرەسی شۆڕش، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سوریا دامەزراندووە. ساڵی ۱۹۷۷ گەڕاوەتەوە کوردستان و سەرکردایەتیی شۆڕشی کردووە. ساڵی ۱۹۸٤ تا ۱۹۸۵ پرۆسەی وتووێژی لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەست پێ کردووە. ساڵی ۱۹۹۱ سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی کردووە بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق. ساڵی ۱۹۹۲ یەکەمین کابینەی حکومەتی لەگەڵ پارتی پێک هێناوە

٢٠٠٣ بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی حوکمڕانی هەڵبژێرراوە. ٢٠٠٦ بووەتە یەکەمین سەرۆککۆماری هەڵبژێرراو لە عێراقدا و بۆ ماوەی ٨ ساڵ لەو پۆستەدا بووە.

١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ لە بەغدا نەخۆشی تینی بۆ هێناوەو گەیەنراوەتە ئەڵمانیا. ١٩ی تەممووزی ٢٠١٤ گەڕاوەتەوە سلێمانی و لە دەباشان گیرساوەتەوە.

٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ بە هۆی نەخۆشییەوە لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا کۆچی کۆچی دوایی کردووە و لە دەباشان بە خاک سپێراوە.

بەشێک لە بەرهەمەکانی

١- کردستان والحرکة القومیة الکردیة، بیروت، ١٩٦٩.

٢- اغد الدیموقراطي وحرمان شعب حتی من حق حلم - چەند چاپێک

٣- دیداری تەمەن، بیرەوەری-دیدار، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید.

٤- کوردایەتی.

٥- جۆشدانی خەبات، ١٩٨٠.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، پێم وایە کاک کەریمی حسامی باش بۆی چووە، لێکۆڵینەوە، ل ١٤-١٨.



## جگەرخوێن

جگەرخوێن ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی حەساری نزیک شاری ماردین لە دایک بووە. بە منداڵی شوانی و گاوانی کردووە. لەبەر ئەوەی نەدار بووە و باوکی کۆچی دوایی کردووە، خوشکەکەی گرتوویەتە خۆی و بەخێوی کردووە، دواتر لەبەر هێندە دەردی نەداری و هەژاری، بە ناچاری گوندی حەسار جێ دەهێڵن و ساڵی ١٩١٤ بۆ گوندی عاموودا دەگوێزنەوە.

جگەرخوێن هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و هۆشیاری و توندوتۆڵیی پێوە دیار بووە و حەزی لە خوێندن کردووە، بۆیە بە هەر جۆرێک بێت، ناردوویانەتە بەر خوێندن لە حوجرەی مزگەوت. زۆر زیرەکانە سەرجەم خوێندنەکانی بەڕێ کردووە، وەک خوێندنی زمانی عەرەبی و زانستەکانی ئایینی ئیسلام، بۆیە بە ئومێدی تەواوکردنی مۆڵەتی دوازدە زانست، هەر چوار پارچەی کوردستان گەڕاوە و دواتر لەسەر دەستی مەلا عوبێد مۆڵەتی وەرگرتووە.

لە کوردستانی ڕۆژئاواو ماوەیەکیش لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلات مەلایەتیی کردووە.

جگەرخوێن ساڵی ١٩٤٦ ڕوو دەکاتە شاری قامیشلی و دەست بە کاری ڕامیاری دەکات و دەبێتە ئەندامی پارتی جڤاتا ئازادی و یەکیەتیا کورد (Civata Azadî û Yekîtiya Kurd). ساڵی ١٩٤٨ دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی سوری و ساڵی ١٩٥٤ بۆ ئەندامێتیی پەرلەمانی سوریا دەپاڵێورێت. ساڵی ١٩٥٧ واز لە پارتی کۆمۆنیست دەهێنێت و ڕێکخراوی ئازادی دادەمەزرێنێت. ئەو ڕێکخراوەش پاشتر دەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریاوە. ساڵی ١٩٥٩ جگەرخوێن ڕوو دەکاتە کوردستانی باشوور و تا ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی بەغدا دەبێتە مامۆستای

وانەبێژ لە بەشی زمانی کوردی. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ قامیشلی و سەرقاڵی نووسین و کاری ڕامیاری دەبێت. هەر لەو ساڵەدا و لە دیمەشق دەخرێتە گرتووخانەوە.

بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانیدا، جگەرخوێن ساڵی ١٩٦٩ ڕوو دەکاتە کوردستانی باشوور و چالاکیی کوردایەتیی خۆی پێشکەشی شۆڕشی کورد دەکات.

ساڵی ١٩٧٣ بەرەو لوبنان دەچێت و لەوێش هۆنراوەی کیمە ئەز (Kîme Ez) دەنووسێت.

جگەرخوێن ساڵی ١٩٧٦ بۆ سوریا دەگەڕێتەوە و ساڵی ١٩٧٩ ناچار دەبێت ڕوو بکاتە وڵاتی سوێد، لەوێ وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە و بە نووسینەوە سەرقاڵ دەبێت. لە ١٩٨٤/١/٢٢ کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی بۆ قامیشلو دەگوێزرێتەوە و لەوێ بە خاکی کوردستان دەسپێررێت، ئەوەش هەر وەک خۆی پێش مردنی داوای کردبوو.

* لە گۆڤاری (ڕۆژهەڵات) وەرگیراوە ژمارە ٣، ١٩٨٢ ل ٤٥-٥٢.



## جەلال مەلەکشا

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە گوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە لە دایک بووە. لە شاری سنە پەروەردە بووە و لە خوێندنگاکانی ئەم شارە بڕوانامەی شەشەمی وێژەیی بە دەست هێناوە، هەر لە منداڵی و سەرەتای لاوییەوە دەستی بە نووسینی شیعر و پەخشان کردووە و سەرەتا نووسراوەکانی بە زمانی فارسی بووە.

لە دوا ساڵەکانی دەیەی شەستەکانەوە بەرهەمە شیعرییەکانی لە گۆڤار و بڵاوکراوە فارسییەکاندا بڵاو بووەتەوە. هەر لەو ساڵانەدا بە هۆی چالاکیی سیاسی دژی ڕژێمی پاشایەتی، چەندین ساڵ زیندانی کراوە، ژیانی جەلال مەلەکشا پڕ لە ئازار و ڕەنج و مەینەتی بووە و زۆربەی ژیانی بە ناخۆشی و تاڵی و نامورادی تێ پەڕاندووە و زۆربەی شیعرەکانی بەرهەمی گۆشەی زیندانەکانن. لە بەستێنی ئەدەبیاتی فارسیدا (شیعر و چیرۆک) سەرکەوتنی باشی بە دەست هێناوە و هەرچەند کتێبی بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام بووە بە ئەندامی (کانوونی نووسەرانی ئێران). لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕووی لە ئەدەبیاتی کوردی کردووە و لە ماوەی چەند ساڵ چالاکیی ئەدەبیی کوردی، وەک شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووی کورد ناو و ناوبانگی دەرکردووە. بەرهەمە کوردییەکانی لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا بڵاو کردووەتەوە. ماوەی چەند ساڵی دیکەی تەمەنی لە زیندان بەسەر بردووە.

هەروەها ماوەی چواردە ساڵ وەک نووسەر و ڕۆژنامەوان، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (سروە) و کارمەندی ناوەندیی سەلاحەدینی ئەیوبی بووە و بەرپرسی بەشە ئەدەبییەکانی گۆڤاری سروە (شیعر و چیرۆک و...) بووە. ماوەیەک بەرپرسی گۆڤاری (پرشنگ) بووە لە شاری هەولێر کە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. لە پاڵ ئەدەبیاتی کوردیدا، دەستی لە ئەدەبیاتی فارسی هەڵنەگرتووە و ناوبەناو

بەرهەمەکانی بۆ زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ڕووسی و عەرەبی وەرگێڕراون.

بەداخەوە ٢٠٢٠/١٠/٣١ لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی و جەڵدەی دڵەوە، لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە و لە زێدی خۆی ماڵووشان (مەلەکشان) بە شکۆوە بە خاکی نیشتمان سپێرراوە.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ڕێبوار، شیعر، ل ١٠٧.



## جەوهەر کرمانج (ب. وڵات)

ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی خەزنەی دەشتی شەمامک لە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە. ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی عێراق هەڵایساوەتەوە، بووەتە پێشمەرگە لە دەزگای ڕاگایەندن و تا هەرەس کاری تێدا کردووە. ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و پاشان پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ چووەتە شاخ و نێو شۆڕشەوە و لە نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ چەند نووسەرێکی شاری هەولێر لە گوندی "وەرتێ" گۆڤاری نووسەری نوی"یان دەرکردووە. ساڵی ١٩٩٠ لە شاری سەقز لەگەڵ ئەرسەلان بایز گۆڤاری "کلتوور"ی دەرکردووە. لە ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٢ ئەندامی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لە دیمەشق. ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە کوردستان و کراوەتە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەنییە نیشتمانییەکان لە شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٩٩ بووە بە یاریدەدەری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کاروباری ڕۆشنبیری.

بەرهەمەکانی لە بواری شیعرو وەرگێڕاندا بریتیە لە:

١/ جەمیلە، ڕۆمان، جەنگیز ئیتماتۆڤ.

٢/ گوڵەزەر ماڵئاوا، جەنگیز ئیتماتۆف، ٢٠٠٤.

٣/ دڵشاد، سەلیم بەرەکات، ڕۆمان ٢٠٠٣.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨١، کۆچی زاوایەکی نامۆ، شیعر، ل ٤٦-٥١.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، میهرناز، سوکی موهتەدی، چیرۆک، ل ٣٨-٤٠.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، داو، شیعر، ل ٣٠-٣٦.

* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، پشکۆ، شیعر، ل ٨٥-٨٨.

* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، تفەنگ، شیعر، ل ١٠٣-١٠٥.

* ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، هەڵەبجە، یەکەم هاتن و دووەم هاتن، شیعر، ل ١٠٢-١١٠.

* ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، چی بنووسین و چۆن بنووسین، وتار، ل ٢٧-٣٩.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، تاهیر بەگی جاف و مامۆستا هێمن، لێکۆڵینەوە، ل ١٧٤-١٧٩.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ڕەگی بەرەنگاری لە شیعری کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل ٤٣-٥٩.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پەیمان، شیعر، ل ٥٢-٥٦.



## جەلال میرزا کەریم

جەلال میرزا کەریم ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی لە دایک بووە. ماڵی باپیرانی لەگەڵ بناغەلێدانی شاری سلێمانی لە سەدەی هەژدەیەمدا لە قەڵاچوڵانەوە هاتوونەتە شاری نوێ و لە گوزەراندا دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەند بوون. جەلال لە خێزانێکدا پەروەردە بووە باوک و کەسوکاری هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی بوون، پێیان وابوو بە هۆی ڕووسیاوە کورد دەگاتە ئامانج و شادبوون بە مافەکانی.

ساڵی ١٩٥٦ ئەندامی ڕێکخراوی قوتابیانی عێراق بوو، لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری کردووە و دەستگیر کراوە. دوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی عێراق بووە بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە سلێمانی. ساڵی ١٩٥٩ بووە بە کارگێڕی گۆڤاری "هیوای کوردستان"ی ئۆرگانی یەکێتیی قوتابیانی عێراق لە سلێمانی. ساڵی ١٩٦٢ لە یادی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی سلێمانی جارێکی دیکە گیراوەتەوە و فەرمانی دوو ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچووە، لە شاری حلله زیندانی بەسەر بردووە و پاش ئازادکردنی گەڕاوەتەوە بەغدا.

ساڵی ١٩٦٤ لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی وەک مووچەخۆر دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٠ بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "بەیان" هەڵبژێرراوە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ لە نێوان دەسەڵاتی بەغدا و بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەی کورد دەستی پێ کردەوە، جەلال بەغدای بەجێ هێشت و ڕووی کردووەتە شاخ.

ساڵی ١٩٧٦ ژیانی ئاوارەیی هەڵبژاردووە و ڕووی کردووەتە ئەمەریکا. ساڵی ١٩٨٢ لە ئەمەریکا ئۆتۆمبیل لێی داوە و لەشی تێک شکاندووە و تووشی نەخۆشی

لەرزۆکیی بووە.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، جەلال گەڕاوەتە کوردستان. لە ئەیلوولی ١٩٩٢ لە ئیستگەی ڕادیۆی کوردستانی عێراق لە هەولێر دامەزراوە. ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی براوەتەوە گردی سەیوانی شاری سلێمانی و لەو گۆڕستانە نێژراوە.

جەلالی میرزا کەریم بەرهەمی شیعریی زۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک بەیان و ڕوانگە و نووسەری کوردستان و... بڵاوی کردووەتەوە. تا ئێستا بەرهەمەکانی بە تەواوی کۆ نەکراوەتەوە و چاپ نەکراون.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، (...) شیعر، ل ٤١-٤٢.



## جەزا عەبدولواحید

جەزا عەبدولواحید عەبدوڵڵا... ساڵی ١٩٥٩ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە... ساڵانی ١٩٧٨ ـ-١٩٧٩ ئامادەیی بازرگانیی سلێمانیی تەواو کردووەو هەمان ساڵ، واتە لە مانگی ٧ی ١٩٧٩دا بووە بە پێشمەرگە... ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە کومەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستانەوە کردووە کە دواتر بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان... سەرەتای پێشمەرگایەتی چووەتە هەرێمی ٤ و پاش ماوەیەک و بەپێی بڕیاری ناوەندی کۆمەڵەی ئەو سەردەمە چووەتە سەرکردایەتی... لە ڕاگەیاندنی یەکێتی لە گوندی (زەڵێ) دانراوە و وەک تایپیست کاری کردووە... ئەو کاتە ئێزگەو ڕاگەیاندن بەیەکەوە بوون، لەگەڵ هوشیار عابد، شەهید سورکێو و ئاسۆ علی، پاش ماوەیەکی کەمیش خوالێخوشبوو مام جالال هاتووەتە لایان... ئەو کاتە تەنها ئەو ڕاگەیاندنە هەبوو... ئەو کاتەی چووەتە ڕاگەیاندن (گۆڤاری کومەڵەی ژمارە ٥ی خولی یەکەمیان لە بەردەستدا بووە و ئەو بەشداریی کردووە لەگەڵیاندا... دواترناملیکەی (هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی شەهید ئارام)یان چاپ کرد... ناوبراو لەبارەی ئەو ماوەیەوە دەڵێت: ئۆفسێتێکی بچووکمان هەبوو لەگەڵ ڕۆنیویەک و مێزێکی مۆنتاج و تایپێکی بچووک... لەو کاتەدا زۆربەی ئیشەکان هوشیار عابد سەرپەرشتیی دەکردن. فەرید ئەسەسەردیش وەک نووسەر لەگەڵماندا بوو... مامۆستا جەعفەر سەرپەرشتیی ڕاگەیاندنی دەکرد... پشکۆی سەعید ناکام لە ڕادیۆکە بوو و بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی (کاڵا بەقەد باڵا). دوای ماوەیەک ڕاگەیاندن گواستیەوە بۆ گوندی (تووژەڵە) و لەوێ خانوومان دروست کرد... ڕادیۆکە جیا بووەوە و چووە گردەکەی سەرەوەی گوندی (تووژەڵە). هوشیار عابد هەم لە ڕادیۆکە بێژەر بوو، هەم لە ڕاگەیاندن لای

ئێمە بوو.

پێش کۆنفرانسی یەکەمی کومەڵە، من بڕیاری گواستنەوەم درا بڕۆم بۆ (قەرەداغ). بەشداریی کۆنفرانسی یەکەمم کرد... دوای کۆنفرانس (ڕاگەیاندنی کومەڵە) دروست کرا و جیا بووەوە... کاک نەوشیروان جوابی بۆ ناردم کە نابێ بڕۆم بۆ قەرەداغ و وتی: لێرە ئیشمان پێتە... ئیتر من و کاک شەماڵی بەهجەت کابان و کاک سیامەند مامیر شاسواری و خوالێخۆشبوو مام چالاک پێکەوە کارمان دەکرد.

لە ڕاستیدا چۆن فریا بکەوتینایە ئیشمان دەکرد... گوێمان نەدەدایە ئەوەی کێ چاپ بکات و کێ ڕۆنیۆ بەکار بهێنێت... بەس کاک سیامەند شاسواری کاری مۆنتاج و خەتاتی (لیتراسیت) و کاری هونەریی دەکرد. باقیاتی چاپ و ڕۆنیو و دەرزیلێدان و کۆکردنەوەی ئەو چاپکراوانەمان دەکرد. من وەک خۆم بیرم نییە لە گۆڤاری (نووسەری کوردستان)دا بەشداریم کردبێت. پاش نزیکی ساڵێک زیاتر کارکردن، من و کاک چالاک بە هۆی ئەو مەترسییەی کەوتە سەر سەرکردایەتی، بەشێکی زۆر لە کەرەسەکانمان گواستەوە بۆ گوندی (وەرتێ) و لای ماینەوە... ٨ یان ٩ مانگێک لەوێ ماینەوە و هەر لە وەرتێ بە دووقۆڵی نامیلکەی (سەگوەڕ)ەکەی محەمەد موکریمان چاپ کرد... دواتر بە بڕیاری سەرکردایەتی کەلوپەلەکانمان گواستەوە بۆ (سەرشیو و باوزێ) کە سەرکردایەتی بە تەواوی لە ناوزەنگ نەمابوو. شایانی وتنە ڕاگەیاندنی ناوەندی کومەڵە لە سەرەوەی ناوزەنگ دروست کرا.



## جەزای عەلی ئەمین(گیابەند)

لەساڵی ١٩٤٩ لەسلێمانی لەگەڕەکی کانی ئاسکان لەدایکبووە.

سەرەتایی لەبنگرد و ناوەندی لە قەڵادزێ و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردووە.

یەکەم نووسینی لە رۆژنامەی هاوکاری لەلاپەڕەی کۆتایی لەگۆشەی هەر جارەی نووسینێک لەساڵی ١٩٧١ بڵاوکردۆتەوە.

لەساڵی ١٩٧٩ یەکەم بەرهەمی چاپکردووە بەناوی شەمامە کە کۆمەڵێک چیرۆکن بۆ منالان و بەرگەکە هونەرمەند عەلی مەندەلاوی نەخشاندوویەتی.

ساڵی ١٩٨١ نامیلکەی ئەستێرەی بڵاوکردۆتەوە کە کۆمەڵێک چیرۆکن بۆ منالان، کە تا ئەوکاتە جوانترین بەرهەمی چاپکراوی رەنگاوڕەنگی منالان بووە، بەهۆی هیممەتی هونەرمەدنی بەتوانا عەلی مەندەلاوی و جەمال خەزنەدار، بەم شێوە جوانە چاپکرا.

ساڵی ١٩٨٢ شیبای ئەوینی چاپکردووە، کە کۆمەڵێک پەخشانی شیعرن و بەدەسخەتی رۆماننوس و چیرۆکنووس شێرزاد حەسەن نووسراونەتەوە. پەخشانەکانی زۆرینەیان هی ساڵانی ١٩٧١ پێشترن و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە و یەکەمین کەسیشبووە کە زاراوەی پەخشانە شیعری بەکارهێناوە.

ساڵی ٢٠٠٢ گوڵفرۆشی چاپکردووە، کە کۆمەڵێک چیرۆکن بۆ نەوجەوانان.

ساڵی ٢٠٠٢ زینوێ چاوڕێژانی چاپکردووە، کە کۆمەڵێک پەخشانی شیعرن.

٢٠٢٠ نەزیلەی کوردەواریی چاپکردووە، کە چەپکێک قسەی خۆش و نوکتەی کاکڵداری ناوچەی موکریانە.

**ئەم بەرهەمانەی چاوەڕوانی چاپن:**

_ کەشکۆڵی قریوە، چەپکێک نوکتەی وڵاتی بابان.

_ پەرژینی بەرامە. دەیان پەخشانی بڵاونەکراوە و دیمەنداری تێدایە.

_ کۆمەڵێک هۆنراوە بۆ منالان.

_ لێکۆڵینەوە لەسەر بەیتەکانی کوردەواری، وەک سەیدەوان و سوارۆ و ئازیزە و پایزە وگەلۆ و خەج و سیامەند و..

_ کارێکیدیکەی لەبەردەستە کە دەیەوێ بەشێک لەو گۆرانییانەی ماملێ و زیرەک، کە دەیان ساڵە شایی شادی لەدڵیدا دەگێڕن، ئەم ئاهەنگ و ناونیشانیان، بە پەخشانە شیعر بنووسێتەوە، تا لەو رێیەوە بەشیک لەو قەرزەیان بداتەوە، کە پێیوایە لەمێژە لەسەریەتی. ئەو دوو زاتە دوو ستونی زێڕینی تاولّی وڵاتی کوردەوارین.

* ژمارە (١٢) مایسی ساڵی ١٩٨٦، سنووری بەخشین، شیعر، ل. ١١٣ – ١١٥

# ح



## حەمەکەریم عارف (هێژا)

ساڵی ١٩٥١ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە. یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بە ناوی (هەڵبەستێکی هەتیوکەوتوو) کە لە ژمارە ١٧٠ی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوی کردووەتەوە و لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی و وەرگێڕانی بڵاو کردووەتەوە.

سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارو بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، بە ناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح، ع، هامون، زێباری، بازەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ بووە پێشمەرگەی کوردستان وەک بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورددا، شانازیی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلووم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتیی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە. زۆر کتێب و بەرهەمی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیا چاپ بوون، بە تیراژی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە لە نرخی نەبواندان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. سەرجەم چاپکراوەکانی لە سەرووی ١٠٠ کتێبەوەن.

لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا چالاکانە بەشداریی بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمەجۆر (نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە. تا ئێستا زیاتر لە سەد کتێبیی لە وەرگێڕان و نووسین بڵاو کردووەتەوە.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، حەوتەوانەی عەشقی پیرۆز، چیرۆک، ل ٦٠-٦٧.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، سووکەپێشەکییەک دەربارەی ئەفسانەی کۆن، صەمەدی بەهرەنگی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ١٧-٣٢.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، چیرۆک، چیرۆک، ل ٢٧-٣٧.

* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، هەرەس لە تای تەرازووی خوێندنەوەدا، ڕەخنە، ل ٦-٣٩.

* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، کۆچ، چیرۆک، ل ٨٧-١٠٢.

* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، قاچاخچی، چیرۆک، بکر یلدیز، وەرگێڕان، ل ٣-٢٤.



## حسێن عارف (وسوو)

وسوو ناوی تەواوی حسێن عارف مەلا عەبدولڕەحمان محەمەد ئاغای ئیسماعیل ئاغایە، باپیرەگەورەی دوای دامەزراندنی شاری سلێمانی، لە قەڵاچوالانەوە هاتووەتە سلێمانی، دایکی ناوی حەبیبەی مەلا ئەحمەدی مەلا محەمەدە، کە بە (مەلای چایچی) ناوزەد دەکرێت. بە قسەی دایکی، لە حەوتەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ١٩٣٦ هاتووەتە دنیاوە. باوکی یەکێک بووە لە وەستا ناسراوەکانی کارگەچێتی لە شاری سلێمانی (بە واتای وەستاباشی) شوێنی کاگەکەیشی لەو خانووەدا بووە کە خێزانەکەی تێیدا نیشتەجێ بوون.

ساڵی ١٩٣٨ خانوو و کارگەکەی فرۆشتووە و لەپێناوی ئاڵوگۆڕی ژیانیدا، چووەتە شاری کەرکووک و عەلافخانەیەکی داناوە. ساڵانی هەرەتی تەمەنی منداڵیی بەر گەرمەی جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩–١٩٤٥) دەکەوێت و تاڵاوەکانی جەنگ دەچێژێت و خۆراکی سەرەکییان خەپلەی تێکەڵ لە ئاردی جۆ و گەنم بووە.

برا گەورەکەی (محەمەد) لە زووەوە، ساڵی ١٩٣٠، خراوەتە بەر خوێندن و خانەی مامۆستایانی گوندان (دارالمعلمین الریفیة)ی لە بەغداد تەواو کردووە. لە پێنجوێن و هەڵەبجە دەستی بە خزمەتی مامۆستایی کردووە.

بە هۆی سەرنەکەوتنی باوکی لە پیشەکەیدا و هەرەسی ئابووریی خێزانەکەیەوە، کە ژمارەیان دوازدە کەس بووە، تەنها بە مووچەی مامۆستایی محەمەدی براگەورەی ژیاون. ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٤ بە هۆی کاری نوێی باوکی و کاری براکەیەوە کە مامۆستا و مووچەخۆری میری بووە، خێزانەکەیان ئاهێکیان تێ گەڕاوە.

ساڵی ١٩٤٥ بە هۆی ئەوەی براکەی مامۆستا بووە لە شارۆچکەی پێنجوێن، جارجار حسێنی بردووە بۆ قوتابخانە و ئاشنا بووە بە خوێندن و خوێندەواری. کە تەمەنی گەیشتووەتە حەوت ساڵی، لە شاری هەڵەبجە چووەتە بەر خوێندن.

سالانی ١٩٤٥-١٩٤٦ خێزانەکەیان کە پێشتر لە پێنجوێن و هەڵەبجە بووە، گەڕاونەتەوە نێو شاری سلێمانی، لە ماڵی مەلا عەلی چرووستانی، دووسەد هەنگاوێک لەولای ماڵە کۆنەکەیانەوە لە گەڕەکی چوارباخ نیشتەجێ بوون، هەر ئێرەش دەبێ بە مەڵبەندی بیرەوەرییە هەرە گرنگەکانی ڕۆژگاری منداڵی کە دەکاتە سالانی ١٩٤٥-١٩٤٩. وەک خۆی دەڵێت: «لەوەولا ئیتر بوومە پیاو، تەنانەت پیاوی مەعمیلی گرتووخانە و هەلاتن و بەندیخانە و خەباتی ژێرزەمینی.»

سالانی ١٩٤٩ـ-١٩٥٠ بە هۆی گواستنەوەی براکەیەوە، ماڵیان بە خێزانەوە چووەتە خانەقین، لەو تەمەن و مەڵبەندەدا چاوی لە ڕووی ئایدیۆلۆجی و سیاسییەوە پشکوتووە، ڕێگای تێکۆشانی لە ڕیزی کۆمۆنیزمی نیشتمانیدا بینیوەتەوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٠دا بە هۆی ناپاکیی کەسێکەوە تووشی گرتن و ئەشکەنجەدان بووە و ١١ مانگ بەند کراوە. ساڵی ١٩٥١ـ-١٩٥٢ بووە بە قوتابیی پۆلی یەکەمی ناوەندی و گەڕاونەتەوە شاری سلێمانی. لە ڕاپەڕینی تشریندا لەگەڵ چەند قوتابییەکی دیکەی هاوڕێیدا جارێکی تر دەستگیر دەکرێت.

خوێندنەوەی زۆر و چالاکیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی خستوویانەتە سەر کەڵکەڵەی نووسین و لە پۆلی دووەمی ناوەندییەوە دەستی کردووەتە شیعرنووسین، هەرچەند لە بواری ئەدەبدا زیاتر چیرۆک و ڕۆمانی خوێندووەتەوە. یەکەم بەرهەمی شیعریی گۆرانی شاعیر ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی «ژین»دا بۆی بڵاو کردووەتەوە.

لە ئازاری ١٩٥٥دا کە لە چوارەمی ئامادەیی بووە لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی، براوە بۆ سەربازی و کراوە بە سەرباز و نێرراوە بۆ لەشکرگای (شوعەیبە) لە نزیک بەسرە. لە ڕاستیدا ئەم شوێنە کرابووە بەندیخانە و بۆ جاری سێیەم گیراوە.

لە پایزی ساڵی ١٩٥٨ دوای شۆڕشی ١٤ تەمووز ماوەی سەربازیی تەواو کردووە، پاشان لە پۆلی چوارەمەوە دەستی بە خوێندن کردووەتەوە، سالانی ١٩٥٩-١٩٦٠ تاقیکردنەوەی دەرەکیی کردووە، نمرەی بەرزی بە دەست هێناوە و لە کۆلێژی ماف لە بەغداد وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٦١ بۆ یەکەم جار وەک ئەندامی ستافی ڕۆژنامەی (ئازادی) پێی ناوەتە نێو دنیای ڕۆژنامەگەرییەوە. ساڵی ١٩٦٣ لە کودەتا خوێناوییەکەی یەکەمی بەعسدا، بۆ جاری پێنجەم تووشی گرتن و بەندیخانە بووەتەوە. سالانی ١٩٦٢-١٩٦٣

خوێندنی لە دەست چووە. ساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە بەغدا و دەستی بە دەوامی کۆلێژ کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٦٤ خێزانی دەستنیشانی کردووە و ١٩٦٦/١٠/٢٨ هاوسەرگیریی کردووە. ١٩٦٥/٨/٣ بووە بە ئەندامی سەندیکای پارێزەران. ١٩٦٦/٢/٥ بووە بە قوتابیی کۆلێژی ئەفسەرانی یەدەکی یەک ئەستێرە لە سەربازگەی (الوشاش) لە بەغداد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی کەوتوونەتە کۆششکردن بۆ دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ١٩٧٠/٢/١٠ مۆڵەتی فەرمییان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە.

لە ئەیلوولی ١٩٧٣ وەک نوێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد لەگەڵ نوێنەری عێراق بەشداریی کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیا و ئەفریقای کردووە. ٧-١٩٧٤/٦/٨ چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە.

١٩٧٤/١١/٢٣ بۆ جاری شەشەم لە لایەن دەزگای پاراستنی شۆڕشەوە تووشی گرتن بووە.

١٩٧٥/٣/٢٨ دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول چووەتەوە بەغداد و ساڵی ١٩٧٨ بۆ جاری حەوتەم لە بەغداد گیراوە. ١٩٩٢/٦/٤ لەسەر لیستی سەوز بووەتە ئەندام پەرلەمان و لە بواری یاسادا کارو چالاکیی کردووە.

٣١ ئابی ١٩٩٦ بۆ جاری سێیەم چووەتەوە شاخ.

لە مانگی ١١ی ١٩٩٨ بەشدار بووە لە دامەزراندنی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

لە بواری نووسین و ڕۆمان و چیرۆک و وەرگێڕاندا خاوەنی چەندین بەرهەمە، وەک ڕۆمانی شار، هێلانە و مێروو، بیرەوەرییەکانی لە دوو بەرگدا.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، ئەگەڕێمەوە... ئەبینرێمەوە، چیرۆک، ل ٧٩-٨٤.
* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، زەربەیەکی تر، چیرۆک، ل ٣٣-٤٠.



## حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار. خالید ئەسعد)

ساڵی ١٩٥٤ لە شاری خانەقین لە دایک بووە، ساڵی ١٩٧٠ چووەتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کە چەند مانگێک بەسەر دامەزرانیدا تێ پەڕیبوو. دەرچووی ناوەندییەو بەهۆی کاری سیاسی و چاودێری وڕاوەدوونانی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی شۆڕشدا بوون و پاش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، لە مانگی نیساندا گەڕاوەتەوە شاری خانەقین. پاش مانگێک لە لایەن حکومەتەوە دەسگیر کراوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە و ئازاد کراوە. بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی بۆ هەڵنەکەوتووەو دوای تێپەڕینی ماوەیەکی دووردرێژ بەسەر ئەو دەرفەتەدا، توانیویەتی بە کۆرس لە دانیمارک خوێندنی ئامادەیی تەواو بکات.

لە ئەیلوولی ١٩٧٥، پاش دەستگیرکردنی ئەنوەر زۆراب، سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی خانەقینی کردووە کە ئەو کاتە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە سەر بە شاری بەغدا بووە. پاش گیرانی هاوڕێکانی و کەوتنەدەستی دیکۆمێنتەکان لە لایەن حکومەتەوە، لە شارەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی خۆی حەشار داوە و بە نهێنی ژیاوە. پاش دەسگیرکردنی ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ئێران و ڕادەستکردنەوەیان بە عێراق، ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ شاسوار جەلال (ئارام) و سالار عەزیز و ئازاد هەورامی سەرکردایەتییەکی کاتییان بۆ کۆمەڵە پێک هێناوە بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان. ماوەیەک سەرپەرشتیی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی لە دەڤەری قەرەداغ و گەرمیان و بازیان کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ چووەتە شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە. ساڵی ١٩٧٧ بەشداریی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی کردووە لە ناوچەی برادۆست. ساڵی ١٩٧٨ لە کۆبوونەوەی نۆکان کە سەرکردایەتیی کاتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێرراوە، پاش نەوشیروان مستەفا یەکەم دەنگی بە دەست هێناوە. لە یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨١دا، بۆ ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێرراوە. لە دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەشدا جارێکی تر بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێرراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٤ ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن یەکێتییەوە دەستبەسەر کراوە. لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بەرهەمی سیاسی و ئەدەبی و فکری و ڕەخنەیی بڵاو کردووەتەوە.

بەرهەمەکانی

١- شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، ١٩٩٠.

٢- لەبری بیرەوەری ساڵی ٢٠٢١.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١، گرنگیی ئیلتیزام لە قۆناغی خەباتی ئێستاماندا، لێکۆڵینەوە، ل ٣-١١.

* ژمارە ١٦پایزی ١٩٨٩، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕ لە نێوان دۆگم وئازادیدا، لێکۆڵینەوە ل٢٦ ـ ٣٣

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، ئاستەنگی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل ٢٠-٢٩.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، ڕیالیزمی سۆشیالیزم و بەهرەی ئازادی، لێکۆڵینەوە، ل ٣٢-٣٧.



**حەمەسەعید حەسەن**

ساڵی ١٩٥٠ لە قەرەداغ دایک بووە. پیشەی مامۆستایی کردووە، لە ساڵانی ١٩٧١ـ–١٩٨٢ لە دەڤەری شارەزوور مامۆستا بووە. ساڵانی ١٩٧٩ـ–١٩٨٢ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی و مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە. سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ دووچاری ڕاونان بووە و ڕووی کردووەتە شاخ، ساڵانی ١٩٨٨ تا ٢٠٠٥ لە سوید ژیاوە. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوید بووە، سەرنووسەری گۆڤاری "خەرمانە" بووە کە ساڵانی ١٩٩١ـ–١٩٩٣ لە سوید دەردەچوو. دوو کتێب و هەندێک شیعر و شانۆنامەیەکی لە زمانی سویدییەوە کردووە بە کوردی. نموونەی بەرهەمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی، فارسی، سوێدی، ئەڵمانی و ئینگلیزی. ساڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی ئەدەبیی دەزگای ئاراسی پێ بەخشراوە.

لە سەردەمی لاویدا تێکەڵ بووە بە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراق و کاری سیاسیی لە نێو ئەو حیزبەدا کردووە. سەرەتای نووسینی وەک ڕەخنەگرێک دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی شەستەکان لە ڕۆژنامەی "برایەتی"دا وتارێکی لەسەر دیوانێکی شاعیر ع. ح. ب بڵاوی کردووەتەوە.

حەمەسەعید حەسەن تەنها شاعیر نییە، بەڵکو ڕەخنەگر و چیرۆکنووس و سیاسییە. لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەرهەمی شیعری و ڕەخنە و وتاری هەمەجۆری بڵاو کردووەتەوە. لە "نووسەری کوردستان"ی شاخیشیدا چەند بەرهەمێکی دەبینرێت.

**هەندێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی**

١- شیعر و هەڵوێستە، ١٩٧٨.

٢- وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، ١٩٧٩.

٣- لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، وەرگێڕان لە سویدییەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣.

٤- قوڵپی پێکەنین، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٥- ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، کۆشیعر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٦- نووسین بەبێ وشە، کۆشیعر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٧- شیعر و شمشێر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٨- هونەری ڕاوەژن، ساتیرەچیرۆک دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٩- ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دیمانە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
١٠- جەلالینامە، ڕەخنەی سیاسی، چاپخانەی هەڵەبجە، ٢٠٠٤.
١١- هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٥.
١٢- کۆتر و پڵنگ، بیر و بۆچوون، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٥.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، کاتێ شارە زەردەواڵە ئەورووژێ، شیعر، ل ٥٩-٦٠.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، لێکدابڕان، شیعر، ل ٩٦-٩٧.



## حەکیم ساڵح عەبدولکەریم (حەکیم مەلاساڵح)

ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجە لە دایک بووە. عیشقی ئەو کانییە شەیدای گەل و نیشتمان و قەڵەمی کردبوو. لە ڕووی خوێندنەوە یەکەمین ساڵی زانکۆی تەواو نەکرد بە هۆی ڕووداوێکی سیاسییەوە. ساڵی ١٩٧٨ لە بانکی هەڵەبجە دامەزراوە. ساڵی ١٩٦٨ لە باڵی مەکتەب سیاسی بووە بە ئەندام. دوو کەس لەوانەی کۆبوونەوەیان پێ دەکردن ١-شێخ ئەنوەری شێخ ئەحمەد ٢-حسێنی حاجی عەبدولقادر بوون  کە یەک لە دوای یەک بەرپرسی بوون و کۆبوونەوەیان پێ دەکرد. ساڵی ١٩٧٠ کە باڵی (م.س) و پارتی پێکهاتن، بوو بە ئەندامی یەکێتیی لاوان و تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول درێژەی پێ دا. پاشان لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٦ لە لایەن شەهید فاتیحی شێخ حەیدەرەوە کراوە بە ئەندامی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨١ گیراوە، مەترسیی زۆری لەسەر بووە، بەڵام بە واستەی شێخ قادری چوێسەی ڕەحمەتی ئازاد کرا. پاش دەوروتەسلیمکردن، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا بە بڕیاری شۆڕش سەنگەری گواستەوە بۆ چیا و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ درێژەی بە شۆڕش دا. لە ڕووی نووسینەوە بەڕێوەبەری کۆڕە ئەدەبییەکانی ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، هونەرمەندی گەورە کاک جەمالی مەلا قادر، لە ساڵی ١٩٧٩دا بە هۆی کاری سیاسییەوە سەرۆکی تیپی شانۆی هەڵەبجەی دایە دەست ناوبراو. هەر لەو سەروبەندەدا بوو بە ئەندامی ستافی گۆڤاری شنروێ کە مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە بە سەرپەرشتیی ئەنوەر محەمەد ڕەشید گۆڤارەکەیان دەردەکرد.

لە ڕووی وەرزشەوە بۆ یەکەم جار تیپی وەرزشی ناتیقی تۆپی پێیان لە ساڵی

١٩٧٠دا دامەزراند. ساڵی ١٩٧١ چووەتە تیپی خەبات، پاشان لە ساڵی ١٩٧٧دا چووەتە تیپی هیواوە کە تیپێکی بەناوبانگ بوو و یارییان لەگەڵ تیپە باشەکانی سلێمانی، خانەقین، دەربەندیخان، ڕانیە کردووە. ناوبراو دەڵێت: "لەگەڵ دوو تیپی بەغداد یاریمان کرد بە ناوەکانی ڕەحمانیە و داودیە و توانیمان لێیان بیەینەوە. ئەو کاتە لە پاشکۆ وەرزشییەکەی ڕۆژنامەی سەورە، عەدنان جبووریی ڕاهێنەری تیپەکان وتارێکی بڵاو کردەوە لەسەر هەڵەبجە و توانای وەرزشی. لەڕووی نووسینەوە ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین بەرهەمم لە چیا چاپ کرد کە کۆمەڵە شعرێک بوو. پاشان کۆمەڵێک چیرۆکم چاپ کرد بە ناونیشانی ئەو وەختەی کرمی خۆی گیانی چنی. بەوانەوە تا ئێستا ٢٨ بەرهەمم چاپ کردووە و ٧ بەرهەمیشم بە پوختەکراوی ئامادەی چاپن. لە ئاوارەییدا کە لە شاری سنە گیرسامەوە، بووم بە سەرنووسەری بەشە کوردییەکەی هەفتەنامەی ئاویەر کە کاک بارامی وەڵەدبەگی بەرپرسی بوو. ئێستەش بەردەوامم و ئەوەی لە بەردەستمدایە، دوابەرگی کتێبی (هەڵەبجەی لە ئامێزی مێژوودا)یە کە تایبەتە بە چیرۆک و ڕۆژنامەگەری لە هەڵەبجەدا. جگە لەوەش، ئێستە خەریکی نووسینم لەسەر نالی بە ناونیشانی (نالی بە دیدێ دی). بەشی یەکەمی لە هەفتەنامەی زەمەندا بڵاو کراوەتەوە، ئێستەش بەردەوامم لە بڵاوکردنەوەی چەند ئەڵقەیەکی تر لەسەر نالی، ئەگەر تەمەن یار بێت."

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، مۆتەکە، چیرۆک، ل ١١٣-١١٧.
* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، تلیاک، چیرۆک، ل ٩٤-١٠٢.

# خ



## خەلیل دهۆکی

هەلبەستڤان و نڤیسەر: خەلیل دوهۆکی د سالا ١٩٥١ ئێ دە، ل باژارێ دوهۆکێ، ل کوردستانا باشوور ژ دایک بوویە. د سالا ١٩٧٠ ئێ دە، دەست ب نڤیسینا هەلبەستان کریە. کورتەچیرۆک و ڤەکۆلینێن ئەدەبی ژی دنڤیسە. د پرانیا ئاهەنگ و فێستیڤالان دە، هەلبەست پێشکێش کرینە و د ڕۆژنامە و کۆڤارێن کوردی دە، چ ل ناڤ کوردستانێ و چ ل دەرڤەیی کوردستانێ بەلاڤ کرینە. د سالا ١٩٧٣ ئێ دە، بوویە ئەندامێ.ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد. سەرنڤیسکارێ کۆڤارا بەربانگێ بوویە. سەرنڤیسکارێ کۆڤارا نووبوونێ بوویە. چەند سالا، سەرۆکێ کۆمەلا نڤیسکارێن کورد ل سوێدێ بوویە. ئەندامێ.ئێکەتیا نڤیسکارێن سوێدێ یە. ئەندامێ سەندیکا ڕۆژنامەڤانێن کوردستانێ یە. خەلاتێ زێرین یێ ئەدەبیاتا کوردی، ژ.ئێکەتیا نڤیسکارێن کورد، وەرگرتیە. سالا ١٩٧٤ ئێ، بوویە پێشمەرگە و د ڕادیۆیا شۆرەشێ دە، کار کریە. د سالا ١٩٨٢ ئێ دە، دیسان گەهشتیە شۆرەشا کوردی. لێ پشتی ئەنفالێن ڕەش، نەچار بوویە خوە بگەهینە وەلاتێ سوێدێ. سالا ٢٠٠٣ێ، ڤەگەریا وەلاتی و ل وەزارەتا ڕەوشەنبیریێ شارەزا بوویە. لێ ژ بەر هن نەخوەشیان، ژ نەچاری دیسان ڤەگەریا سوێدی. هەتا نها ئەڤ پرتووکێن ژێری چاپ کرینە: ١. تە چ ڤیا و من نەانی. دیوانا هەلبەستان، کوردستانا باشوور ١٩٨٢. ب تیپێن ئەرەبی. ٢. لەهەنگ. ل سەر نڤیسین و وەرگەراندنا چیرۆکێن کوردێن باکور، ژ تیپێن لاتینی بۆ یێن ئەرەبی. کوردستانا باشوور، ١٩٨٣. ب تیپێن ئەرەبی. ٣...عوسمان سەبری، هەلبەستڤان و

شۆرەشگەر. کوردستانا باشوور، ١٩٨٣. ب تیپێن ئەرەبی. ٤. گازیەک ژ جەرگێ ئاسیا. دیوانا هەلبەستان، سوێد١٩٨٩. ب تیپێن لاتینی. ٥. من دگۆت و تە ڤەدگێرا. دیوانا هەلبەستان، سوێد ١٩٩٠. ب تیپێن لاتینی. ٦. ڕاگرتن. دیوانا هەلبەستان، ب سوێدی و کوردی، سوێد ١٩٩٠. ٧. هەلبەستا هەڤچەرخ یا کوردی. بەرگێ، ئانتۆلۆژی، سوێد ١٩٩٢. ب تیپێن لاتینی. ٨. هەلبەستا هەڤچەرخ یا کوردی. بەرگێ، ئانتۆلۆژی، سوێد ١٩٩٤. ب تیپێن لاتینی. ٩. هەلبەستا هەڤچەرخ یا کوردی. بەرگێ، ئانتۆلۆژی، سوێد ١٩٩٥. ب تیپێن لاتینی. ١٠. ئانتۆلۆژیا چیرۆکا نوو یا کورمانجێن باشوور. سوێد ١٩٩٥. ب تیپێن لاتینی. ١١. مرۆڤ و وەلات د هەلبەستێن ڕەفیق سابری دە. سوێد ١٩٩٦. ب تیپێن لاتینی. ١٢. پەیڤ و تابلۆ داخڤن. سوێد ١٩٩٧. ب تیپێن لاتینی. ١٣. هەلبەستڤانێ تەپەسەر و هەژاران، لەتیف هەلمەت. سوێد ١٩٩٨. ب تیپێن لاتینی. ١٤. قەرتەلێ ژ بلنداهیێ دترسیا. لاش کلینتینگ. چیرۆک ژ بۆ زارۆکان. وەرگەر ژ زمانێ سوێدی، ١٩٩٩. ب تیپێن لاتینی. ١٥. لیۆپۆلد. لاش کلینتینگ. چیرۆک ژ بۆ زارۆکان. وەرگەر ژ زمانێ سوێدی، ٢٠٠٠. ب تیپێن لاتینی. ١٦. دو پاتۆلێن بەفرێ. چیرۆک ژ بۆ زارۆکان. هیوا قادر. ژ کورمانجیا ژێری بۆ کورمانجیا ژۆری. سوێد ٢٠٠١. ب تیپێن لاتینی. ١٧. مەرەقا ل سەر زرافێ. ئینگەگرد و سڤەن زەتتەرلوند. چیرۆک ژ بۆ زارۆکان. وەرگەر ژ زمانێ سوێدی، ٢٠٠١. ب تیپێن لاتینی. ١٨. مەرەقا ل سەر فیلی. ئینگەگرد و سڤەن زەتتەرلوند. چیرۆک ژ بۆ زارۆکان. وەرگەر ژ زمانێ سوێدی، ٢٠٠١. ب تیپێن لاتینی. ١٩. دۆکتۆرەن سۆم ڤەت ئالت. ماتس ڕەهنمان. چیرۆک ژ بۆ زارۆکان. وەرگەر ژ زمانێ سوێدی، ٢٠٠١. ب تیپێن لاتینی. ٢٠. مەرەقا ل سەر زرافێ و فیلی. دو پرتووک ژ بۆ زاراکان. ئینگەگرد و سڤەن زەتتەرلوند. وەرگەر ژ زمانێ سوێدی، ٢٠٠٧. ب تیپێن ئەرەبی. ٢١. هەلبەستا هەڤچەرخ یا کوردی. چاپا دویێ. وەشانێن دەنگ. ئامەد ٢٠٠٧. ب تیپێن لاتینی. ٢٢. مەم و زین یا کو مەلا مەهموودێ بازیدی، وەک جیرۆک، د سالا ١٨٥٦ ئێ دە، نڤیسی. ژ تیپێن ئەرەبی ڤەگوهازتیە بێن لاتینی. وەشانخانەیا لیس ئێ، ٢٠٠٧ ئامەد. ب تیپێن لاتینی. ٢٣. چەند ستێرێن گەش د ئەسمانا هەلبەستا نوو یا کوردی دە. دوهۆک ٢٠٠٨. ب تیپێن ئەرەبی. ٢٤. قەفتەکا گولان، ژ باخچێ پەیڤ و داهینانا کوردان. هەڤلێر ٢٠١٠. ب ب تیپێن ئەرەبی. ٢٥. هەژارنۆ. هەموو بەرهەم. هەلبەست. وەشانخانیا لیسێ، دیاربەکر ٢٠١١. ب

تیپێن لاتینی. ٢٦. ئانتۆلۆژیا چیرۆکێن باشوور (ب ڕەنگەکێ بەرفرەهتر) وەشانخانەیا ئاڤەستایێ، ئیستەنبول ٢٠١١. ب تیپێن لاتینی. ٢٧. ئانتۆلۆژیا هەڵبەستا نوو یا کورمانجێن باشوور (ب ڕەنگەکێ بەرفرەهتر) وەشانخانەیا بەربانگێ، ئیستەنبول ٢٠١٣. ب تیپێن لاتینی. چەندین پرتووکێن دن ژی، ل بەر چاپێ هەنە.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، شۆڕشگێڕ و هۆزانڤانی کورد، کەمال بورقای، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٥-١٦.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، شەڤەکە پیزی، باڤی نوری، ژبەرهەڤ کردنا، چیرۆک، ل٢-٢٦.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، باژێڕی من، شیعر، ل ٦-٧.

* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، نۆبەداری سەهۆسالێ، شیعر، ل ٩٠-٩١.



## خالید مەولوود ئەحمەد (خالید جووتیار)

خالید مەولوود ئەحمەد، زیاتر بە خالید جووتیار ناسراوە. لە ١٩٥٣/٧/١ لە گوندی (قەندارە قەلی) دەڤەری کەندیناوای باشووری دیبەگە لە دایک بووە. قۆناخی سەرەتایی لە گوندەکانی (چەغمیرە و لهێبان) خوێندووەو ناوەندیشی لە قوتابخانەی ئیسکان لە شاری هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە و ساڵی ١٩٧٦ـ-١٩٧٧، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردیدا وەرگرتووە. بە فەرمانبەر لە بانکی ڕافیدەین لە شاری هەولێر دامەزراوە، ساڵی ١٩٧٧ ژیانی هاوسەرێتیی پێک هێناوە و خاوەنی سێ کچ و دوو کوڕە.

خالید جووتیار لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە شاخ و لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان. لە دوای ڕاپەڕین، بە هۆی شەڕی ناوخۆوە شاری هەولێر بەجێ دەهێڵێ و لە شاری سلێمانی و کۆیە نیشتەجێ دەبێت.

١٩٩٧/٣/١ دەکرێت بە بەڕێوەبەری گەنجینەی کۆیە، دوای چەند ساڵێک بە هۆی باری نالەباری تەندروستییەوە خۆی خانەنشین دەکات و ئیتر بە یەکجاری خۆی بۆ خزمەت کردنی کەلەپوور و ئەدەبیاتی نەتەوەکەی تەرخان دەکات. خالید جووتیار لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا وەک خوێنەرێکی جدی هاتووەتە نێوەندی ڕۆشنبیرییەوە. ساڵی ١٩٧٤ یەکەم نووسین و بابەتی لە گۆڤاری "بیری نوێ"دا بڵاو دەکاتەوە.

خالید جووتیار بەو پێیەی لە گوند لە دایک بووە و دەسپێکی ژیانی لە گونددا گەشە دەکات، ئەوینێکی تایبەتی بۆ فۆلکلۆر و کەلەپوور دەبێت و ئاوێزانی دنیاری

کەلەپوور دەبێت. لە ناو پانتایی جیهانی فۆلکلۆردا خالید جووتیار بە حەیرانسازێکی مەزن نێوزەند دەکرێت، چونکە بە شێوەیەکی زانستییانە مامەڵە لەگەڵ تێکستەکانی حەیراندا دەکات، وەکو بۆ خۆشی لە ژمارە "١٦"ی بڵاوکراوەی "هاموون"ی ساڵی ١٩٩٩دا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات و دەڵێت" من بۆ یەکەمین جار بەر لە هەموو نووسەرانی کورد، ساڵی ١٩٧٦ لە گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوی" و ساڵی ١٩٧٨ لە گۆڤاری "بەیان" لێکۆڵینەوەم دەربارەی حەیران بڵاو کردووەتەوە.

خالید جووتیار جگە لە شیعرنووسین و بوارەکانی ڕۆژنامەوانی، یەکێکیشە لە فۆلکلۆریستە گەورە و ناسراوەکانی نەتەوەکەمان. ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردستان". یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (یەکێتیی نووسەرانی کوردستان) لە شاخ. ئەندامی دامەزرێنەری (ناوەندی ئەرشیڤ بۆ پاراستنی هەولێر) بووە.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، بەرەو لێکدانەوەی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە، ل ٢١-٢٤.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، بەرەو لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی، لێکۆڵینەوە، ل ١٣-١٦.

# د



## دڵشاد محەمەدئەمین فەتاح (مەریوانی – سەیران)

دڵشاد مەریوانی لە ٢٨ /٣/ ١٩٤٧ لە دایک بووە. باوکی لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە لە گوندی کاڵێی خوارووی مەریوانەوە هاتووەتە پێنجوێن، پاشان شاری سلێمانی و هەر لەوێ ژنی هێناوە و نیشتەجێ بووە لە ساڵی ١٩٤٦دا. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی بەشی وێژەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانستگا، چووەتە شاری بەغدا، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانستگای بەغدا تەواو کردووە و ساڵی ١٩٧٢ بەکالۆریۆسی تێدا وەرگرتووە.

بە هۆی نۆبەرەیی خۆی لە خێزانەکەدا و هۆشیاریی باوکی، هەر لە ساڵانی ١٩٥٩–١٩٦٢ لە خەباتی یەکێتیی خوێندکارانی کاتی خۆی کاری کردووە. لە مانگی مارتی ١٩٦٣وە کاری سیاسی و خەباتی ژێرزەمینیی کردووە. چەندین جار زیندانی کراوە و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەریی دیوە. لە هەر یەکە لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و لە شۆڕشی حوزەیرانی ١٩٧٦دا پتر دوو ساڵ ژیانی پارتیزانانەی ناو شاری تاقی کردووەتەوە. جارێک بە دەربەدەری و چەندین جار بە گەشت، زۆربەی شارەکانی وڵاتانی عەرەب و تورکیا و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیوە.

ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە، لە سەندیکای ڕۆژنامەگەرانی عێراقدا ئەندامی هاوبەش بووە. ماوەیەک چەند بەرنامەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لە بەشی کوردیی ڕادیۆی عێراق و بەشی کوردیی تەلەفیزیۆنی کەرکووک بە ڕێوە بردووە.

بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی لە ڕۆژنامەی، ژین، هاوکاری، کاری میللی، بیری نوێ، دەنگوباس و لە گۆڤارەکانی بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، دەنگی کرێکار، تریفە... بڵاو کردووەتەوە. گەلێک وتاری ڕەخنەی ئەدەبیی لەسەر نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد نووسیوە، لەوانە: ئیبراهیم ئەحمەد، دکتۆر مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم، دکتۆر ئەمین موتابچی، هێمنی شاعیر، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، شێرکۆ بێکەس، دکتۆر کاوس قەفتان، کەریمی حوسامی، حەمە ساڵح دیلان، شکور مستەفا، ڕەئووف بێگەرد، ڕەئووف حەسەن، حسێن عارف، لەتیف هەڵمەت...

پتر لە ١٧ شانۆنامەی نووسیوە و وەرگێڕاوە و ئامادە کردووە. لەوانە: نازدار و شوان، پەروانە، خۆرکە، چاوی ڤێتنام، پەراوەی ژنهێنان، بووکەخان، مانگیش ئاوابوو...

چەندین موحازەرە و کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆڕی ڕەخنەسازی بە درێژایی ١٢ ساڵ دەربارەی شیعر، ڕەخنە، ئافرەت، چیرۆک ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی... لە شاری سلێمانی، هەولێر، دهۆک، بەغدا... پێشکەش کردووە. بە ناوی هەمەجۆرەوە چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیی لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤار و نەوارە نهێنییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

لە هاوینی ١٩٦٢ تا پایزی ١٩٦٦ لەگەڵ دەستەی لاوانی هۆشیاری ئەو کاتەدا، دامەزرێنەری (کۆمەڵەی بووژانەوەی سامانی نەتەوایەتیی کورد) بوو.

- شیعری بەرەنگاریی گەلێک لە شاعیرانی عەرەب و فارس و ئەورووپایی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی: موزەفەر نەواب، مەحموود دەروێش، سەمیح ئەلقاسم، پابلۆ نیرۆدا، پۆل ئیلوار، فابتزارۆف، مایکۆفسکی، یەسەنین، کاڤاڤی...

لە دوو شانۆنامەدا وەک ئەکتەر بەشدار بووە: ١- لانەوازان، ١٩٧٣، ٢- پردی وڵات، ١٩٧٣.

لە کورتەفلیمێکی سینەمایی ١٢ خولەکیدا وەک ئەکتەر بەشداریی کردووە، فلیمی ژیانی شوان، ١٩٧٢، بەرهەمی زانستگای سلێمانی.

لە ژیانیدا ئەم کارانەی دیوە: چاودێری زمانەوانی لە وەزارەتی ڕاگەیاندن،

مشقیاری هونەری کۆلێژی ئاداب، مامۆستای میوان لە زانستگەی سلێمانی. تۆمارکاری قوتابیان لە کۆلێژی پزیشکیی بەغدا. ڕۆژنامەنووس لە وەزارەتی ترانسپۆرت لە بەغدا، مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی سانەویی سەرچنار و برایەتی.

ساڵی ١٩٧٥ هاوسەرگیریی لەگەڵ شیرین کەمال، ئەدیب و چیرۆکنووس کردووە.

١٩٨٣/١٠/١٨ تا ١٩٨٥/٢/١٣ بووەتە پێشمەرگە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەیدا.

لە ئەیلوولی ١٩٨٤ وازی لە کاری سیاسی هێناوە، گەڕاوەتەوە لای کاغەز و قەڵەم و دنیای خوێندنەوە.

بە کرێکاری و بێکاری ژیانی گوزەراندووە. ١٩٨٧ بووە بە مامۆستا لە ئامادەیی هەڵگورد. بە هۆی بەرپەرچدانەوەی سوپای میللییەوە لە کارەکەی دەرکراوە. ساڵی ١٩٨٨ لە ناوەندی سەرۆک دانراوەتەوە، ساڵی ١٩٨٩ لە ئامادەیی شۆڕش ٢ مانگ کاری کردووە. لە ١٩٨٩/٢/١٢ دەستگیر کراوە. ١٩٨٩/٣/١٣ بەبێ دادگاییکردن شەهید کراوە.

لە ژیانیدا ئەم نامیلکانەی لە چاپ داوە

١- فرمێسک و زەردەخەنە، شیعر، ١٩٦٨.

٢- یەکەم هەنگاو، پەخشان، ١٩٧٣.

٣- دڵدارانی شۆڕش، چیرۆک، ١٩٧٣.

٤- پێشوازیی خاوەنشکۆ، ڕەخنە، ١٩٧٣.

٥- ببن بە تیشک، شیعر، ١٩٧٦.

٦- بە پەنجەکانم دەتبینم، ١٩٧٧.

٧- دێریاسین، چیرۆک، ١٩٧٨.

٨- سمفۆنیای وەنەوشە، شیعر، ١٩٨٠.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، پاکانە، مظفر النواب، وەرگێڕان، شیعر، ل ٥٧-٦٤.



## دڵشاد عومەر کاکی

دڵشاد عومەر کاکی... لە بواری ئەدەب و نووسین و شیعردا زیاتر بە دڵشادی عومەر کاکی ناسراوە. ساڵی ١٩٦١ لە هەڵەبجەی باخچەی شاعیران لە دایک بووە. کاتی لاوی کە سەرەتای تێکەڵاوبوونی بە شیعر دەست پێ دەکات، خۆشبەختانە لە نێو کتێبخانەدا دەژی و کار دەکات. باوکی دڵشاد، بە ڕاوێژی باوکی دکتۆر بەرهەم ساڵح، یەکەم کتێبخانە لە شاری هەڵەبجە دادەمەزرێنێ. ئیتر هەڵەبجە دەبێتە خاوەنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان... لاوان و خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران لە سایەی ئەم کتێبخانەیەی عومەری کاکیدا دونیایەکی ئاوەدانی کەڵچەری و ڕووناکبیری لە بەردەمیاندا دەکرێتەوە. ئیتر دڵشاد لە نێو کتێب و خوێندنەوەدا سەرقاڵتر دەبێ و کاتێ بورهان قانع سەر لە باوکی دڵشاد دەدات، شیعرێک لە دڵشاد وەردەگرێ و پەیمانی دەداتێ کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بۆی بڵاو بکاتەوە. ساڵی ١٩٧٩ یەکەم شیعری دڵشاد لەو گۆڤارەدا بڵاو دەکرێتەوە. ئیتر لێرەوە دڵشاد بەو شیعرە و بەهاوکارییکردنی بورهان قانعی مرۆڤ و نووسەر دەچێتە نێو دونیای شیعرەوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا شیعرەکانی بڵاو دەکاتەوە... پاشان هەندێ لە شیعرەکانی... لە گۆڤارەکانی (اقلام و طليعة الادبية)دا دەکرێتە عەرەبی... دڵشاد باشترین نووسینی ڕەخنەیی لەسەر گوڵی ڕەشی شێرزاد حەسەن دەست پێ دەکات... لێرەولەوێ دەست دەکات بە نووسین لەسەر هەندێ تاقیکردنەوەی شیعریی شاعیران و لەسەر هەندێ کتێب... دواتر چەند جارێ کورتەنووسینی لەسەر شیعرە سەرنجڕاکێشەکانی شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس نووسیوە.

دڵشاد ساڵی ۱۹۸۱ لە ڕیزی یەکێتیی نیشتمانیدا دەبێتە پێشمەرگە و کادیر. جارجارەش بۆ دەنگی گەلی کوردستان دەنووسێ. هەر لە هەرێمی سەرکردایەتی لە کۆنفراسی مالەمۆس بە قەسیدەیەکی شیعری سەرنجی زۆر لە پێشمەرگە و فەرماندەکان ڕادەکێشێ. کاک حەمەی حەمە باقی لەوێ دەبینێ و... لە گۆڤاری نووسەری کوردستان ژمارە سێ لە شاخ یەکەم بەرهەمی چیرۆکێک بە ناوی (شێتە) بڵاو دەکاتەوە... لە شاخ جگە لە بورهان قانع و حەمەی حەمە باقی، هەریەک لە سەلام موحەمەد و هەڤاڵ کوێستانی و هەندێ نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی تر دەناسێ و پاشان بە کاری کادیر دەچێتە ناوچەی شارەزوور و هەورامان. لەوێش هەمیشە کتێب و دەفتەر و قەڵەم و شیعر و یادەوەری لە گیرفانەکانیدا دەبێ. ساڵی ۱۹۸۵ دەگەڕێتەوە شار و بەردەوام لە کۆڕ و سیمنارە ئەدەبییەکاندا ئامادەیی دەبێ. تا ئێستا سەدان شیعر و نووسین و ڕەخنەی بڵاو کردووەتەوە. دوو کۆمەڵە شیعری بە چاپ گەیاندووە... ئێستا سێیەم کۆمەڵە شیعر و کتێبێکی یادەوەریی ئامادەی چاپە... لە ئەڵمانیا دەژی و ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شێتە، چیرۆک، ل ٧٨-٨٥.

# ڕ



## ڕەفیق سابیر (دکتۆر) ـ کاوە

ڕەفیق سابیر ساڵی ١٩٥٠ لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە قەڵادزێ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی بەغدا، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی کوردی، خوێندنی تەواو کردووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢ تا ئەیلوولی ١٩٧٨ وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی بیری نوێ، لە بەغدا، کاری کردووە. ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین کۆمەڵەهۆنراوەی بە ناوی (پشکۆکان دەگەشێنەوە) لە بەغدا بڵاو بووەتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١دا لە شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان دامەزراندووە، هەروا گۆڤاری (نووسەی کوردستان)یان دەرکردووە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ دوای پەرەگرتنی شەڕی براکوژی، کوردستانی بەجێ هێشتووە و چووەتەوە بۆ بولگارستان. لەوێ لە ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی فەلسەفە، درێژەی بە خوێندن داوە. لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی دوکتۆرای لە فەلسەفەدا وەرگرتووە. دوکتۆرانامەکەی بە ناوی (ڕۆڵی کولتوور لە پێکهێنانی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد) نووسیوە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ وەک پەنابەر لە وڵاتی سوێد نیشتەجێ بووە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ بەڕێزان د. کەمال میراودەلی، هاشم کۆچانی و کاروان عەبدوڵڵا، گۆڤارێکی کولتووریی وەرزییان بە ناوی (ڕابوون) لە سوێد دەرکردووە. ساڵی ٢٠٠٦ لە سلێمانی سەرۆکی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بووە. لە ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ئەدەبیی (کلاس دی ڤیلدێ)ی سوێدیی پێ بەخشرا. ئەو خەڵاتە

ئەدەبییە دوو ساڵ جارێک بە نووسەرێکی بیانی دەدرێت کە بەرهەمەکانی بە سوێدی بڵاو کرابنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی ئەدەبیی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)ی لە سلێمانی پێ بەخشرا.

هۆنراوەکانی ڕەفیق سابیر بۆ چەندین زمانی بیانی تەرجومە کراون، لەوانە عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فڕەنسی، سوێدی، دانیمارکی، نەرویجی، هۆڵەندی و ئیستۆنی.

بەرهەمەکانی ڕەفیق سابیر

هۆنراوە:

- پشکۆکان دەگەشینەوە، بەغداد، ١٩٧٦.
- ڕێژنە، مهاباد، ١٩٧٩.
- سووتان لەبەر باراندا، لەندەن، ١٩٨٥.
- وەرزی سەهۆڵبەندان، لەندەن، ١٩٨٧.
- لاوکی هەڵەبجە، بەیروت، ١٩٨٩.
- کاروانسەرا، سوێد، ١٩٩٠.
- وەرزەبەردینە، ئەڵمانیا، ١٩٩٢.
- دیوانی ڕەفیق سابیر، بەرگی یەکەم، سوێد، ١٩٩٣.
- ئاوێنە و سێبەر، سوێد، ١٩٩٦.
- ژوانی ڕووناکی، سوێد، ١٩٩٧.
- ڕوونبوونەوە، سوێد، ٢٠٠١.
- بە تەنیا جێی مەهێڵن (سەرجەمی شیعرەکان)، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- ڕاز و گومان (سەرجەمی شیعرەکان)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، سووتان لەبەر باراندا، شیعر، ل٤٠-٤٥.

* ژمارە ١ ئابی ١٩٨١، زوڵمئاوا، عەلی ئەشرەف دەرویێشیان، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٦٨-٧٨.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، دەربارەی پێکهێنانی یەکێتییەک بۆ نووسەرانی هەموو کوردستان، لێکۆڵینەوە، ل ١٦-٢٠.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، پێنج هۆنراوە، شیعر، ل ٤١-٥١.

* ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، سروودی خاک، شیعر، تایبەت بە تۆماری ە ل٨٤-١٠١



## ڕەئووف بێگەرد (ڕێبوار، ڕێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد، فەرهاد)

ساڵی ١٩٤٢ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە و هەر بە منداڵی خێزانەکەی گەڕاونەتەوە سلێمانی. ساڵی ١٩٦٠ خولی پەروەردەی مامۆستایانی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستای سەرەتایی. ساڵی ١٩٦٦ خێزانی پێکەوە ناوە و چوار کچ و کوڕێکی هەیە. ساڵی ١٩٧٠ دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین. ساڵی ١٩٩١ بووە بە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٧ بووە بە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ. ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیان دامەزراندووە و بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری (سەردەم) کە تایبەتە بە وەرگێڕان.

بەرهەمەکانی لە نووسین و وەرگێڕان بریتین لە:

١- کۆمەڵەچیرۆکی بوار، ١٩٧٧.

٢- کۆمەڵەچیرۆکی هەوار، ١٩٨١.

٣- کۆمەڵەچیرۆکێکی (ئانتوان چیخۆف) وەرگێڕان لە فارسییەوە، ١٩٨٤.

٤- کۆمەڵەچیرۆکی (بەرەو چیا)ی بە ناوی (ڕێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد)ەوە لە چیا بڵاو کردووەتەوە، ١٩٨٥.

٥- سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ١٩٨٦.

٦- وەرگێڕانی (سێ شانۆگەری) لە زمانی عەرەبییەوە، ١٩٨٧.

٧- کۆمەڵەچیرۆکی هەڵۆ، ١٩٨٩.

٨- کۆمەڵەچیرۆکی کۆڵان، سوید، ١٩٩٤.

٩- کۆمەڵەچیرۆکی سەما، ١٩٩٨.

١٠- کۆمەڵەچیرۆکی (دڵۆپە خوێنەکانی سەر بەفر)، چیرۆکی بیانین و لە عەرەبی و فارسییەوە کردوونی بە کوردی، ١٩٩٨.

١١- شانۆنامەی (ئیڤانۆڤ)ی چیخۆف، وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە، ١٩٩٩.

١٢- ڕۆمانی (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠٠١.

١٣- (دیکارت) زنجیرەکتێبی گیرفان، وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە، ٢٠٠٢.

١٤- ڕۆمانی (ئاهەنگی ماڵئاوایی) میلان کۆندیرا، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠٠٢.

١٥- (چۆن ڕۆمان دەنووسرێ)ی گابریل گارسیا مارکیز، زنجیرەکتێبی گیرفان، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠٠٣.

١٦- کۆمەڵەچیرۆکی دەستی خودا، ٢٠٠٤.

١٧- دوا گفتووگۆکانی بۆرخیس، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠٠٤.

١٨- سێ دەقی شانۆیی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٥.

١٩- یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم، کۆمەڵێک نامەی ژنەشاعیری ئێرانی فروغ فروخزاد، وەرگێڕان لە فارسییەوە (بە هاوکاریی شەیدا سەڵاح)، ٢٠٠٥.

٢٠- ڕۆمانی تاوان و سزای دۆستۆیفسکی، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠٠٦.

٢١- کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی بە ناوی (بێدەنگی و شتی تر)، ٢٠٠٧.

٢٢- شانۆگەریی (ترێ و ڕێوی)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠٠٧.

٢٣- (دڵدارە هەرە ئازیزەکەم) کۆمەڵێک نامەی خۆشەویستیی نێوان ئەنتۆن چیخۆف و ئۆڵگا کنیپەر، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠٠٨.

٢٤- بەرەو کەناری شپرزەیی، دەقێکی کراوە، ٢٠٠٩.

٢٥- کۆمەڵەچیرۆکی (فڕین بە مەرزی حەرامدا)، ٢٠١٠.

٢٦- فرانتس کافکا، (کۆمەڵێک چیرۆکی کافکا)، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠١١.

٢٧- ئانتۆن چیخۆف (ژیانی لە وێنەدا)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٢.

٢٨- ڕۆمانی (شەیتانەکان)ی دۆستۆیفسکی، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠١٤.

٢٩- نووسینەکانی کەنار دەریا، گابریل گارسیا مارکیز، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠١٥.

٣٠- سڵاو لە کافکا، کۆمەڵەچیرۆک، ٢٠١٥.

٣١- نامەکانی کافکا بۆ میلینا، وەرگێڕان لە فارسییەوە، ٢٠١٦.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکی شێتە، ڕەخنە، ل ٨٦-٩٢.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، قفڵ، چیرۆک، ل٦٦-٦٩.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، پێداگرتن، چیرۆک، ل ٩٠-٩٩.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، درەختی پیرۆز، چیرۆک، ل ٢٦-٣٧.

* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، کارگە، چیرۆک، ل ٤٣-٥٤.



## ڕەئووف عوسمان (دکتۆر) - هیوا

ڕەئوف عوسمان معروف: ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لە دایک بووە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. هەڵگری بڕوانامەی بەکالوریوس، ماجستیر، دکتۆرایە لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا. ماوەی ٢٥ ساڵ مامۆستای ئامادەیی بووە. چەند ساڵێک سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی عەرەبی بووە.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کراوە بە بەڕێوبەری ڕۆشنبیری لە سلێمانی. لەگەڵ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێردا، بووە بە مامۆستا لە بەشی عەرەبیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی و بە سەرۆکی بەشی عەرەبی هەڵبژێرراوە. دووخول هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ.

لە ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی شاخداو لەڕۆژگارە تاڵو ترسناکەکاندا، لەژێر ناسناوی)هیوا(و هەندێک ناسناوی تردا، هاوبەشیی کردووەو بۆ ئەو مەبەستەش شەهادەی تەقدیر و پێزانینی (ی.ن.ک) بە ئیمزای بەڕێز جەنابی مام جەلال وەرگرتووە. دووخول هەڵبژێرراوە بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە بەغدا.

لە گەلێ کۆنگرە و وۆرکشۆپ و فێستیڤاڵدا هاوبەشی کردووە، لە لەندەن، پاریس، واشنتۆن، بروکسل، تاران، سنە، بەغدا، مانێلا، قاهیرە، بەیروت و عمان.

لە ساڵی ١٩٦٩وە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بە نووسین هاوبەشیی کردووە. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردو ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقە.

* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چیرۆکی کارگە لە ڕوانگەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ڕەخنە، ل ٧-٢٢.



## ڕەمەزان عیسی- هەڵبەستڤانی پێشمەرگە

- ١٩٥٣ ل دهۆکێ هاتیە سەر دونیایێ

-١٩٧٤ پەیمانگە ها ئامادەکردنا مامۆستایان ل مووسڵ ب دووماهی ئینایە

-کاری نڤیسن و ڤەها دنا هەڵبەستی ل ژیەکی زوی دەستپێکریە

- پێشمەرگی شۆڕشا گوڵانی بوو.

- ئەندامی دەستەیا نڤیسینی بوو ل گۆڤارا ڕۆشنبیری نوێ

-ئێک ژ دامەزرێنەرێن ڕۆژناما پەیمان بوو ل دهۆکێ

-١٩٩٣ سکرتێری نڤیسینی بوو ل ڕۆژناما پەیمان (ئەڤرۆ) لە دهۆکی بۆ دەمی(٥) سالان

- ١٩٩٦ ڕێڤە بەری ڕۆشنبیریا دهۆکی بۆ دەمی (٩) نەە سالان

-١٩٩٨ جێگری سەرنڤیسەری گۆڤارا دجلە ل دهۆکی بۆ دەکی (٦) سالان

-٢٠٠٠ خودان ئیمتیازا گۆڤارا ماف ل دهۆکی بۆ دەمی (٢) سالان

-ئەندامەکی دەستەیا ڕێڤەبەریا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد-تایی دهۆک بوو

-ئەندمی سەندیکا ڕۆژنامەڤانێن کوردستانی بوو

-بۆ دەمی چەند سالان ل وەلاتی سویدی ژیایە

-ژمارەکا پەرتوکان و دیوانێن هەڵبەستی چاپکرینە

-پشکداری دژمارەکا زۆرا کۆنگرێن گرنگێن هزری-ڕەوشەنبیریدا ل کوردستانی و دەڤاردا کریە.

- سی بەرهەمێن چاپکری هەنە هەرسی بەرهەم دپرتووکا فەلسەفا بەرخۆدانی دا کۆمڤەبووینە

-ب مخانی ڤەل ١٥ی تیرمەها ٢٠١٤ ل وەلاتی سویدی قەستا جیهانا نەمریی کر.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، دوو خوژی، شیعر، ل ٧٣.



## ڕێکار ئەحمەد

ساڵی ١٩٦٤ لە ناحیەی گوێڕی سەر بە پارێزگای هەولێر هاتوومەتە ژیان... ساڵی ١٩٦٨ چوومەتە فێرگە. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە هەولێر خوێندووە و دواتر لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوم، لەگەڵ گوێزرانەوەی زانکۆی سلێمانی هاتوومەتەوە هەولێر و ئاکام لە زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە ئەندازەی کارەبای گشتی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٧ لە ڕیزی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا هەنگاوی یەکەمی تێکۆشانی سیاسیم هەڵێناوەتەوە. دوای تەواوکردنی زانکۆ چوومەتە شاخ و چەکی پێشمەرگایەتیم کردووەتە شان. سەرەتا لە ڕیزی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و دواتریش لە ڕیزی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستاندا تێ کۆشاوم و لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا بە زێد و شارەکەم شاد بوومەتەوە. تاکە ئەندامێکی سەرکردایەتیی حزبی یەکگرتنی کوردستان بووم کە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ دەستەیەک کادیری حزبی یەکگرتن ماوینەتەوە و حزبی ڕزگاریی کوردستانمان ڕاگەیاندووە. هەر چۆن ساڵی ١٩٧٧ دەستم بە تێکۆشانی سیاسی کردووە و بێپسانەوە تا ئەمڕۆ تێیدا بەردەوامم.

ساڵی ١٩٧٧ یەکەمین چیرۆکم نووسیوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ چەندین هۆنراوە و کورتەچیرۆکم لەسەر شێوەی نامیلکە لە شاخ چاپ و بڵاو کراونەتەوە. ساڵی ١٩٩١ کۆمەڵە چیرۆکی ئەستێرەی داڕژاو لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ورمێ چاپ کراوە. هەر ئەو ساڵە بڕیار بوو ڕۆمانی (نـووژەن)، کە ساڵی ١٩٨٨ نووسراوە، لەو ناوەندەدا چاپ بکرێ، بەڵام لەگەڵ ڕاپەڕین گەڕامەوە باشووری کوردستان، سەرئەنجام دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، هاوینی ٢٠٠٥ کەوتە بەردەستی خوێنەران. هەروەها بابەتی سیاسی و ویژەیی جۆراوجۆرم لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی سەردەمی شاخ و هەندەراندا دەرگەی ڕووناکییان لێ کراوتەوە.

ماوەیەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بووم. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە بابەتی سیاسی و لێکۆڵینەوە بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسم و لە کاری سیاسییشدا چالاکم. ماوەی ساڵێک ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووم. لە بواری کۆمەڵایەتیدا ژیانی هاوسەریم پێک هێناوە و منداڵمان هەن.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، ئاوارەیی، چیرۆک، ل ٨٩-٩٣.



## ڕێبوار سەعید (دکتۆر)

ڕێبوار سەعید ڕەشید ساڵی ١٩٦٢ لە شاری تەوێڵە لە دایک بووە. ساڵی ١٩٩٧ کۆلێژی هونەری لە لەندەن تەواو کردووە. ١٩٩٩ بڕوانامەی ماستەری لەدانیشگای میدل سیکس وەرگرتووە ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری هونەردا لە دانیشگای میدل سیکس وەرگرتووە. ئێستا ڕاگری کۆلیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانییە. سەرۆکی بۆردی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخی سلێمانییە، سەرۆکی ڕێکخراوی هونەری ئارت ئین کۆمۆنە لە لەندەن، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی باڵندە بارانە لە فەڕەنسا، ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی کولتووری میلیونیم ئەوەردە. خاوەنی بڕوانامەی باشترین پڕۆژە سەرکەوتووەکانی میلیۆنیم ئەوەردەبۆساڵی ٢٠٠٣لەبەریتانیا، دەستەی دامەزرێنەری مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخە لە سلێمانی. لە ساڵانی ١٩٨٤ـ- ٢٠١٣ خاوەنی زیاتر لە ٢٧ پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی، هەولێر، سەقز، وەترلۆ- فەڕەنسا، وازێم لیل فەڕەنسا، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن، گەلەری ودگرین لە لەندەن، دۆڤران - فەڕەنسا، فێستیڤاڵی جیهانی شیعر بیوڤری- فەڕەنسا.، گەلەری فیبەیتی ئەمستردام هۆڵندا، گەلەری پیشانگا لەندەن و گەلەری کویک سلڤەر لەندەن، مۆنەمینتی هەڵەبجە، گەلەری هاکس بەربەگن هۆڵندا، گەلەری کۆمپۆیلان هۆڵندا، مەڵبەندی کولتووریی بیوڤر فەڕەنسا، مەڵبەندی کولتووری میریکوردفەڕەنسا، مەڵبەندی کولتووریی بیوڤری- فەڕەنسا، مەڵبەندی کولتووری مێری مادلین فەڕەنسا، ماڵی شیعر لە شاری بیوڤری فەڕەنسا، کتێبخانەی گشتی دوهینین بیومۆنت فەڕەنسا، گەلەری کوفە لەندەن، گەلەری مەدبۆر گەرهاوسیت کۆپنهاگن، هەمەریسمس لەندەن، دولەلین فەڕەنسا، گەلەری ڕیڤەر ساید ستۆدیۆ، گەلەری (ودگرین) لە لەندەن. ساڵانی ١٩٨٣ـ-٢٠١٠ بەشداریی زیاتر لە ٥٠

پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (سلێمانی، هەولێر، تاران، پاریس، ئیسپانیا، لەندەن، کەنەدا، ئەمەریکا، تۆکیۆ، پۆلۆنیا، بینالەی ڤینیس لە ئیتالیا. پڕۆژەکانی گرووپی هونەری: گرووپی ئیدوارد،١٩٩٢، گەلەری فاشێ شۆمینسال لیل بانکی فەڕەنسی ئەلبی – فەڕەنسا. گەلەری ڕوبێ فەڕەنسا. پڕۆژەی باڵندەباران، ١٩٩٢، لە فەڕەنسا، بەلجیکا، پۆلۆنیا، ئەنستیتوتی کورد لە پاریس، سانت ئەندرێ، فەڕەنسا. فێستیڤاڵی جیهانیی شانۆی لیاگۆرا پۆلۆنیا، ڤیڤات هۆلّی کولتووری ئارمینتیرفەڕەنسا، فێستیڤاڵی چوارەمی باڵندەباران لە مۆزەخانەی بلّندی ئەبیڤیل، مەڵبەندی کولتووری شاری ئوبی، ١٩٩٥، هۆلّی سانت نیکۆلێ، بەلجیکا، گراندەسینسە، فەڕەنسا، مەڵبەندی کولتووریی لیل، فێستیڤاڵی هوی فەڕەنسا، مەڵبەندی کولتووریی لیەژ، بەلجیکا، فێستیڤاڵی کولتووریی کاتوویچ پۆلۆنیا، فێستیڤاڵی جون، لیل، کتێبخانەی مەرکەزیی لۆس ئین گوال، مەڵبەندی کولتووریی کۆندی سوخ لە ئسکوت، فەڕەنسا. پۆلۆنیا ئەلووس ئین گۆهیلا دیاب فەڕەنسا، برۆکسل، لۆکسمبۆرگ، شارەکانی (لیەژ، سۆماگنی، ئارلۆن، مارچە، بەلجیکا، لەڤیلیت، پاریس، ١٩٩٨، مەڵبەندی هونەری ڕوبەی فەڕەنسا، شاری هوی بەلجیکا. مەڵبەندی هونەری برۆکسل، ٢٠٠٣، گەڕانەوەی پڕۆژەی پێنج هەزار پۆرترێت بۆ پێنج هەزار قوربانی بۆ مۆنەمێنتی هەڵەبجە، ٢٠٠٤، هەفتەی هونەریی نێوان چین و کوردستان لە شاری سلێمانی، پڕۆژەی کۆڕاڵی ڕەنگ، ٢٠٠٥، پڕۆژەی خۆری ڕەشپۆش بۆ ئەنفال، ٢٠٠٥، پڕۆژەی شانۆی دیجیتاڵی باخچەی کورد لە ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیسپانیا، پورتوگال، ژاپۆن، ئوسترالیا، ئەمەریکا.

کتێبە چاپکراوەکانم ئەمانەن: ئاوابوون، شیعر، تاران، ١٩٨٥. ئاژێر، شیعر، ١٩٨٨. هێڵەکان نیشتمانی خۆیان دروست دەکەنەوە، شیعر، ١٩٩٣. پاریس فەڕەنسی پالێتی شیعر، شیعر، سلێمانی، ١٩٩٨. وشەو ڕەنگ، لێکۆڵینەوەی هونەری، لەندەن، بە ئینگلیزی، ٢٠٠٠. هێڵەکان بۆ من، ڕەنگەکان بۆ تۆ، کەتەلۆگ، سلێمانی، ٢٠٠٧. نامەی دکتۆرا بە ئینگلیزی، تاران، ٢٠١٢.

ساڵی ١٩٨٧ لە ڕاگەیاندنی ناوەندی بووم بە پێشمەرگە لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ. لە ساڵی ١٩٨٨ گۆڤاری کەلتوورمان دەرکرد کە من ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و بەرپرسی هونەریی گۆڤارەکە بووم، جگە لە کاری هونەری، بەشداریم هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و هونەری لە بڵاوکراوەکانی شاخ. ساڵی

١٩٨٩ لە شاری سەقز وەک یەکێتیی هونەرمەندانی شاخ گۆڤاری ڕەنگاڵەمان دەرکرد کە من بەرپرسی هونەریی گۆڤارەکە بووم، وێرای بڵاوکردنەوەی بابەتی هونەری شێوەکاری. پاش کارەساتی هەڵەبجە، کۆمەڵێک تابلۆم لەسەر کارەساتی هەڵەبجە چاپ کرد، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی دوو دیوانی شیعرو تابلۆ بە ناوی ئاژێر و ئاوابوون لەگەڵ تابلۆی هونەریدا.



## ڕێبین ئەحمەد حەسەن(ڕێبین هەردی)

ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی ئاوەکورتێ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتای(پۆلی یەک و دووی) لە قوتابخانەی مەحوی و (پۆلی سێ چوار )لە قوتابخانەی شۆرش تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ لە کەرەج جێگیر بوون خوێندنی ناوەندی لەکەرەج تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ گەراونەتەوە سلێمانی و لە قوتابخانەی ئازادی دریژی بە خوێندن داوە. دوا ناوندی لە قوتاابخانەی ئەزمەڕ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٥ ـ ١٩٨٦ بووە بە خوێندکاری پەیمانگەی تەکنۆلۆجی بەغدا.

دوای تەواکردنی خوێندن ١٩٨٦ ـ ١٩٨٧ پەیوەندی بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە کردووەو بوو بە پێشمەرگە لە پارتی سوشیالیستی کورد (پاسۆک).

لە ڕاگەیاندنی پاسۆک کاری کردووەو یەکێک بووە لە نوسەرانی ڕۆژنامەی سەربەخۆی

پاش ڕاپەرین گەڕاوەتەوە کوردستان و لەکاری حیزبی دور کەوتۆتە.

ساڵی١٩٩٣ لەگەڵ هاوڕیان بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع هاوکاری گۆڤاری (ئازادی) بووە، لە ژمارە (سێ)وە ئەندامی دەستەی نوسەرانی ئەم گۆڤارە بووە کە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە.

یەکێک بووە لە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ڕەهەندو بەرێوبەری ناو هەرێمی کوردستانی ئەم گۆڤارە بووە،چەندان کۆرو سەمیناری لە شاری سلێمانی سازکردووەو چەندان وتار و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٩٨پەیوەندی بە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە کردووە، دەستەی نوسەرانی گۆڤاری سەردەم بووە، ماوەیەکیش سەرنوسەری ئەم گۆڤارەی کردووە.

چەندان وتار و لێکۆڵینەوەی لە زمانی فارسیەوە کردووە بە کوردی و زوربەیان لە گۆڤاری سەردەم بڵاو کراونەتەوە.

ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەو تا هەنوکە بەردەوامە.

تا ئێستا خاەنی ئەم بەرهەمانەیە

نوسین:

لە بارەو دیموکراسیەوە

دژی بێدەنگی

وەرگێران:

چەند تێکستێکی وەرگێراو

پێشەکیەک بۆ ڕۆشنگەری

حوکمڕانی و ئازادی

* ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دۆزەخ، چیرۆک، ل ٨٤ ـ ٩٠



## ڕەشید فاروق توفیق مەلا ئەحمەد (حەمەڕەشید)

لە ١٩٦١/١٠/١٥ لە گەڕەکی شۆرجەی کەرکووک لە دایک بووە. دەرچووی کۆلێجی کشتوکاڵ، بەشی پیشەسازیی خۆراکە، لە ساڵانی ١٩٨٢–١٩٨٣. لە دوای تەواوکردنی زانکۆ بە ماوەیەک، پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە و تا ڕاپەرین بەبێ دابڕان پێشمەرگە بووە. لەم شوێنانەشدا پێشمەرگایەتی کردووە:

دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵە، تیپی ٥١ی گەرمیان، هێزی بادینان، کۆمیتەی ئامێدی، ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان. لە دوای ڕاپەرینەوە بۆ ماوەیەک کاری فەرمانبەریتی کردووە لە وەزارەتی دارایی و ئابوری، وەزارەتی کشتوکاڵ، پاشان لە مەکتەبی دارایی یەکێتی، چاپخانەی کۆڕەو کاری کردووە. لە ئێستاشدا لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کار دەکات. پێش ڕاپەرین جگە لە کاری پێشمەرگایەتی، کاری چاپ و تایپ و دیزاینی کردووە، هەروەها وتاری بۆ دەنگی گەلی کوردستان دەنووسیوە.

لە پاش ڕاپەرین جگە لە نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێم، ئەم کتێبانەشی بە چاپ گەیاندووە:

کوردستان، کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، ئیسماعیل بێشکچی
دڵڕەقی و بێدەنگی، کەنعان مەکییە
کۆماری ترس، کەنعان مەکییە
بنەماکانی تۆتالیتاریزم، هانا ئارێنت
دەربارەی توندوتیژی، هانا ئارێنت
سایکۆلۆجیای دەسەڵات، سالم قەمودی

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چارلز تیلی
دیموکراسی، چارلز تیلی
ناسنامە و توندوتیژی، ئامارتیا سەن
بەرهەمی منالان (ڕێوییەکی سەیر) چیرۆکی وڵاتە دوورەکان.

# ژ



## ژیلا حوسێنی (شاعیری جوانەمەرگ)

خاتوو ژیلا لە ڕۆژی ٣١ی مانگی خەرمانانی ١٣٤٣ی کۆچی هەتاوی ١٩٦٤ز لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی ئایینیی سەر بە شێخانی دۆزەغەرە لە دایک بووە. لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە ساڵانی ٥٧ بەدواوە، بە تەمەنێکی کەمەوە زۆر زوو تێکەڵ بە دونیای ژیانی هاوبەشی ماڵ و مناڵ و ماڵداری دەبێت کە سەرەڕای ئەوانەیش، بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا دەوری بەرچاو دەبینێت، بە تایبەت لە ئەنجوومەنەکانی شاری سنەو سەقز کە دوایین چالاکیی لە شاری سەقز بە وتارێکی ئەدەبی و توێژینەوە لە کونگرەی مەولەویی کوردا بەشداریی چالاکانەی بوو و هەروەها بۆ کونگرەی فەرزانەگان کە لە شاری سنە بە ڕێوە چوو، ڕوانگەی نوێخوازییانەی سوارەی ئیلخانیزادەی لە وتارێکی تێروتەسەلدا ئامادە کردبوو، کە بەداخەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی سمینارەکەدا جێگەی ژیلا بە گوڵ نەخشێنرابوو، بەڵام هاوڕێکی ژیلا بە ناوی (کولسوومی عوسمانپوور) بە چاوی فرمێسکاوییەوە وتارەکەی ژیلای پێشکەش بە بەشداربوان کرد.

بە داخەوە ئەم خاتوونە شاعیرەی دەڤەری ئەشق و جوانی و ئاوەدانی، ئەم کچە تەمەن گوڵ و پەپوولەی شاری سەقز لە ڕۆژی ١٣٧٥/٧/٦ی کۆچی هەتاویدا، هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی کە دەیانویست بچنە شاری تاران بۆ تەواف و زیارەتی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، لە ڕێگەدا تووشی کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل دەبن

و بە داخەوە خاتوو ژیلای شاعیر بە تەمەنێکی کەم و کارامەی ٣٢ ساڵییەوە لەگەڵ کچە تەمەن کورتەکەی بە ناوی "ژینۆ" گیانیان لە دەستدا. گەلی کورد بە گشتی و شاری سەقز بە تایبەتی خانمە شاعیرێکی بوێر و چاونەترسی بواری ئەدەب و گەشە کۆمەڵایەتییەکانی لە دەست دا.

هەواڵی مەرگی خاتوو ژیلا حسەینی، سەرەڕای نەبوونی دەسگایەکی ڕاگەیاندنی ئەوتۆ لەو کاتەدا، زۆر زوو بە وڵاتدا بڵاو بووەوە و شاری سەقزی کردە پاپۆڕی ئاشقانی شێعر و وەفادارییەکانی خاتوو ژیلا، هەر بۆیە لە ماوەی سێ ڕۆژ پرسە و سەرەخۆشیدا کە لە لایەن بنەماڵەی بەڕێزیان و ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرهەنگیی ئەدەبیی مەولەویی کوردی شاری سەقز بە ڕێوە چوو، هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکانی شارەکانی سنە، مەریوان، بانە، مەهاباد و بۆکان... هەروەها گەلێک کەسایەتیی ناودار و ناسراوی وێژە و ئەدەبی کوردی بە پیر ئەو کۆستە گەورەو خەمە ناوادەیەی بنەماڵەکەی و ئەدیبان و خەڵکی شاری سەقزەوە هاتن و تەرمی (خاتوو ژیلاوکچۆڵەکەیان) لە گۆڕستانی دۆزەغەرە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سەقز لە تەنیشت باو و باپیرانی بە خاک ئەسپەردە کرد، درووود لە ڕۆحی پاکی.

خاتوو ژیلا ئاشنای ئەدەب و فەرهەنگی ڕەسەنی گەلەکەی بوو، ئاشکرایە زۆر بە جوانی شارەزای هەموو بەیتە کوردییەکان و ئاشنای زۆربەی شیعرو شێوازی شیعری شاعیرانی کورد بوو، بۆ هەمیشەیش شانازیی پێوە دەکردن و لەو بوارەیشدا قەڵەمەکەی خستە گەڕ و گەلێک بەرهەمی بەنرخی لە دووتوێی کتێب و دەفتەردا پێشکەش بە دیوەخانی وێژە و ئەدەبی کوردەواری کرد، کە بەرهەمەکانی بریتین لە:

١- دیوانە شێعرێک بە ناوی "گەشەی ئەوین" کە یەکەم بەرهەمی شاعیر بوو و ساڵی ١٣٧٤ هەتاوی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

٢- دیوانە شیعر و چەند چیرۆکێک بە ناوی "قەڵای ڕاز"، ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی پاش مەرگی شاعیر لە سێ بەشدا بڵاوبوەتەوە.

بەشی یەکەم/ پاشماوەی شیعرە کوردییەکانی ژیلا خانم.

بەشی دووەم/ هەڵبژێرراوی کورتیلەچیرۆکە کوردییەکانی ژیلای جوانەمەرگ.

بەشی سێیەم/ کۆمەڵەشیعرێکی ژیلا خانم بە زمانی فارسی کە خوالێخۆش بوو

خۆی ناوی "باران"ی لەسەر داناون.

٣- وەرگێڕانی چیرۆکی "تەلەبی مەعریفەت" لە نووسینی (سادقی هیدایەت)، کە لە گۆڤاری ڕامان لە هەولێر بڵاو بووەتەوە.

٤- وەرگێڕانی ڕۆمانی "دزیرە" لە فارسییەوە بۆ کوردی.

٥- کۆمەڵەوتارێکی هەمەڕەنگ.

٦- کۆمەڵەشیعرێک بۆ مناڵان کە ئامادەی چاپە.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، کۆست، شیعر، ل ١٨٤



## سەڵاحودینی ڕەحمان ئاغای موهتەدی (سەڵاحی موهتەدی)

ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی کە بە ساڵی زایینی دەکاتە دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٨، لە گوندی قولقولەی باشووری شاری بۆکان هاتووەتە دنیاوەو وەک منالێکی نازپێدراوی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند کەوتووەتە نێو ژیانەوە. پێش هاتنەدنیای سەلاحودین، دوو برا و دوو خوشکی تری هاتوونەتە ژیانەوە و مردوون، پێش ئەمیش دوو خوشکی لە ژیاندا بوون، واتە ئەو کاتە شەش سەر خێزان بوون، یەکەم کوڕی خانەوادەکەیان بووە، بنەماڵەکەیان تێکەڵەیەک بووە لە عەشایەر و ڕۆشنبیرییەکی مەزهەبی ئیسلامی و تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت.

بە هۆی باوک و باپیرانیەوە کوردایەتی لە ناخیدا پەروەردە بووە و فێر بووە. خوێندن و خوێندەواری و زانست لە نێو بنەماڵەکەیدا لە ئاستێکی بەرزو باڵادا بووە، ژیانێکی عەشایەری و دەوڵەمەند ژیاوەو مندالێکی چوست و چالاک بووە. پاش نەمانەوەیان لە بۆکان، چوونەتە گوندی "شێخەلە"ی شاری بۆکان. پێنج تا شەش ساڵ لەوێ بوون و ژیانیان گوزەراندووە، پاشان چوونەتە "ئاشی گولان" کە باخ و ئاوێکی خۆش بووە، بە هۆی سەروەت و سامان و دەوڵەمەندیی فرەوە شاری بۆکانیان کڕیوە کە پێشتر خاوەنەکەی کابرایەکی تورکی ئازربایجانی بووە بە ناوی "حەبیب ئاغای پەناهی". ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٧ لە بۆکان دەستی بە خوێندن کردووە، پێشتریش لە حوجرە ئەلف و بێی خوێندووە و یەک دوو جوزئی قورئانی خوێندووە، چووەتە قوتابخانەی "شاپوور" کە بە ناوی کوڕی ڕەزا شا نێوی لێ نراوە، بە هۆی تاقیکردنەوەوە لە پۆلی دووەم دانراوە، بەڵام زۆر لە قوتابخانە نەماوەتەوە و چووەتە لای مامۆستای تایبەت، پاشان لە قوتابخانەی فەرمی تاقیکردنەوەی کردووە و لە بۆکان و تەورێز پۆلەکانی تەواو کردووە.

باوکی لە کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان بەشداریی کردووە، بە وەزیری مشاویر بۆ کاروباری دەرەوە دانراوەو زاناو لێهاتوو بووە، پاش ڕووخاندنی کۆمار،ماڵیان چووەتە شاری تەورێز. سەلاحودینی موهتەدی "حقوق"ی لە زانکۆ لە شاری "تاران" خوێندووە و تەواو کردووە.

لە تەمەنی "١٧" ساڵیدا تێکەڵاوی سیاسەت بووە لە یەکێتییەکی خوێندکاریدا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٦١ لە ئێران دەرچووە و لە ساڵی ١٩٦١دا بەشداریی شۆڕشی کوردستانی عێراقی کردووە، بووەتە پێشمەگە و تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣ درێژەی بە چالاکیی خۆی داوە. لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیشدا کاری کردووە و چالاکیی فرەی هەبووە.

ساڵی ١٩٦٤ لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیا بووەتەوەو لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تر حیزبێکیان دامەزراندووە بە ناوی (کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان). ساڵی ١٩٦٨ زیندانی کراوە. ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩ لە ناو خانەوادە و بنەماڵەکەیدا بووە و لەو ماوەیەدا دوو جاری دیکە زیندانی کراوە.

ساڵی ١٩٧٩ ئەندامی شاندی دانوستاندن بووە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دکتۆر قاسملوو و شێخ عیزەدینی حوسێنی و غەنی بلووریان. پاش گرتنەوەی شارەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەدەرنانی پارتە کوردییەکان بۆ سەر سنوورەکان، هاتووەتە دەڤەری ئالان و ساڵی ١٩٨٣ چووەتە وڵاتی سوید و نیشتەجێ بووە. دەیان وتاری ئەدەبی و سیاسیی نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە. تاکە ئاواتی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، خەوەبەردینە (شیعری سوارە)، شیعر و لێکۆڵینەوە، ل ٣٩-٤٤.



## ساڵح عەبدوڵڵا نەجمەددین (ساڵح یوسفی)

ساڵی ١٩١٨ لە گوندی بامەڕنی لە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە. خوێندنی دواناوەندیی لە ساڵی ١٩٣٨ لە بەغدا تەواو کردووە. لەو ساڵەدا لە هەریری پارێزگای هەولێر دامەزراوە. پاش ماوەیەک دەستی بە خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی کردووە و پاش تەواوکردنی ساڵی ١٩٤٣ بە پلەی نووسەر لە دادگای موسڵ دامەزراوە.

ژیانی سیاسیی ساڵح یوسفی ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێ کردووە. ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندیی بە حیزبی هیواوە کردووە کە ڕەفیق حلمی ڕابەرایەتیی کردووە. ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ ساڵح حەیدەریدا بەشدار بووە لە پێکهێنانی حیزبی ڕزگاریی کورد. ساڵی ١٩٤٩ کاتێک کارمەندی دادگای شەنگال بووە، لەوێش بووەتە لێپرسراوی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٦١ لە شاری موسڵ دەستگیر کراوەو تا ساڵی ١٩٦٢ لە زینداندا بووە، پاش ئازادکردنی چووەتە بەغدا و بووەتە لێپرسراوی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦٣ تا ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٦٤ لە زیندانەکانی حکومەتدا بووە. ساڵی ١٩٦٤ دوای دروستبوونی قەیران لە نێو پارتیدا، پشتگیریی باڵی سەرۆکی پارتیی کردووە. ساڵی ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٦٩ یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تآخی" بووە. ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە.

پاش بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠، کراوە بە وەزیری دەوڵەت و لێپرسراوی لقی پێنجی پارتی لە بەغدا. لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرراوە و پاشان بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٧٥ داوای درێژەپێدانی شۆڕشی کردووە، بەڵام گوێی لێ نەگیراوە.

سالی١٩٧٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدابزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراندووە و وەک ڕابەری بزووتنەوەکە هەڵبژێرراوە. ساڵی ١٩٨١ لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستدا کەلەدۆڵەتوو بەسترا، بەشێوەیەکی نهێنی بەسکرتێری حزب هەڵبژێرراوەتەوە. پاش مانگ و نیوێک لە هەڵبژاردنی، لە ناوماڵەکەی خۆی لە بەغدا بە نامەیەکی بۆمبڕێژکراو تیرۆر کرا. ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨١ (کاتی تیرۆرکردنی) هەر لە بەغدا بووە و تەرمەکەی لە زاخۆ بە خاک سپێراوە.

سەیدا سالح یوسفی بەزمانی عەرەبی وتارو شیعری جۆراوجۆری لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە و جگە لە کاری سیاسی، ڕۆژنامەنووسێکی چالاک و بەتوانا بووە.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، وڵاتی من، شیعر، ل ٥٣-٥٦



## سامی عەبدولفەتاح عەبدولەتیف عەبدولوەهاب (سامی شۆڕش)

سالّی ١٩٥٠ لە باوکێکی عەرەبی شاری موسڵ و دایکێکی کوردی شاری هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. سالّی ١٩٥٩ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و سالّی ١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە دەست هێناوە. ژیانی سیاسیی لە چەند وێسگەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، سەرەتا وەک کەسێکی پێشکەوتنخواز دەرکەوتووەو خۆی لە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دییەوە. سالّی ١٩٧١ کاتێک هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکیان گرتەوە، "سامی" نەچووە ناو پارتی و چووە ناو ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە.

لە ژیانی ئەدەبیدا سالانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٦وەک شاعیرێکی ناسراو دەرکەوتووە. سالّی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان حکومەت و شۆڕشی کورددا هەڵایسا، ئەم چووە گەڵاڵە و پەیوەندیی بە ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە کرد و تا هەرەس لەوێ مایەوە. سالّی ١٩٧٥ دوای هەرەسی شۆڕش ئاوارەی ئێران بوو، لەوێوە چووەتە سوریا. سالّی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە ناوزەنگ گیرسایەوە. سالّی ١٩٨٢ تا سالّی ١٩٨٥ بە قۆناغێکی پڕ چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ناوبراو دادەنرێ و سالّی ١٩٨٣ لە کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە لە گوندی خەتێ بەشداریی کرد. سالّی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە و بووەتە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن.

ئەندامی دەستەی ڕۆژنامەی (الشرارة) بووە و چەندین وتاری تێدا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٧ بە هۆی سیخوڕێکەوە لە بناری چیای ئاسۆس لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە بە ژەهری سالیۆم دەرمانخوارد کراون و پاشان بۆ ئێران و بەریتانیا نێراوە. ساڵی ١٩٩٢ ماستەری لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە. وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەکانی (الحياة، الشرق الاوسط) وتاری دەربارەی دۆزی کورد نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٩٨ وازی لە یەکێتی هێناوەو لە ئێزگەی عێراقی ئازاد لە پراگ کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی دیڤد برۆکی پێ بەخشراوە وەک ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو. ساڵی ٢٠٠٤ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ وەزیری ڕۆشنبیری بووە و ساڵی ٢٠١٠ بووە بە ئەندامی نوێنەرانی عێراق. لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، دوو هۆنراوە، شیعر، ل ٦٩-٧١.
* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، عاشقی ئەو، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٧٩-٨٧.



**سەباح غالب**

سالّی ١٩٤٩ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە دایک بووە. سالّی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووەو چەند سالێک مامۆستایەتیی کردووە. سالّی ١٩٧٠ بەکالۆریۆسی لە بەشی دیراساتی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. سالّی ٢٠٠٣ لە زانکۆی لەندەن ماستەری لەسەر مێژووی کورد بە ناونیشانی (کورد لە نێوان سیڤەر و لۆزاندا) بە دەست هێناوە. سالّی ٢٠١١ لە زانکۆی ئیکسیتەر لە بەریتانیا دکتۆرای لە زانستەکانی سیاسەتدا، بەناونیشانی (سەرهەڵدانی کوردیزم لە سێ میرنشینی کوردی لە کۆتایی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ١٨٠٠-١٨٥٠) بە دەست هێناوە.

یەکەم نووسینی سالّی ١٩٧٢ لەسەر کۆماری خودموختاری کوردستان لە مەهاباد لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بلاو کردووەتەوە، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوسادا بە بەردەوامی بەرهەمەکانی بلاو کردووەتەوە. دواتریش لە بەریتانیا و لە شاری لەندەن بە هاوکاریی دکتۆر کەمال میراودەلی، خولی یەکەمی گۆڤارێکی بە ناوی (هەڵوێست) دەرکردووە. بۆ دەرکردنی ئەم گۆڤارەش تابیعەیەکی بە پارەی خۆی کڕیوەو خۆی سەرەتەقەی لەگەڵ گۆڤارەکەدا کردووە و لە چاپخانەوە تا بلاوکردنەوەی لە ئەستۆی خۆی بووە. دوای ئەوەش، هەر خۆی خولی دووەمیش لە ئەلفەوە تا یا، بە تاقی تەنیا ئەنجامی داوە، دواتریش (٧) ژمارەی گۆڤارێکی بە ناوی (باسکار) دەرکردووە، هونەرمەند (عەلی مەندەلاوی)یش دیزاینی هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەی بۆ کردووە. ئێستا لە بەریتانیا و لە شاری لەندەن دەژی.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی**

ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ١٩٧٩.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، هەوێنی بوون، چیرۆک، ل ١٧-٢٠.



## سیامەند مامیر شاسواری (لوقمان)

سیامەند ئیسماعیل سادق، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو خاوەن شەهید لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە خوێندنگەی سەرەتایی بوعەلی سینا لە سەقز دەستی بە خوێندن کردووە. ساڵی ١٩٦٩ لە دواناوەندیی سەعدی درێژەی بە خوێندن داوەو ساڵی ١٩٧٢ و هەموو ساڵەکانی بە پلەی یەکەم بڕیوە.

ژیانی سیاسی بۆ ساڵانی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەشدار بووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردستانی ئازاد، کە ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی بووە. ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی ئەفسەرانی فرۆکەوانی لە تاران وەرگیراوە، بەڵام پاش سی مانگ، لەسەر داوای ڕێکخراوەکە وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی ١٩٧٥ کەوتووەتە بەر شاڵاوەکانی دەزگای ساواکی ئێرانی و دەستگیر کراوەو بە درێژایی شەش مانگ خراوەتە بەر دڕندانەترین شێوەی ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن. سێ ساڵ لە زیندانی شاری سنەدا ژیانی گوزەراندووە و لە گشت مانگرتنەکاندا بەشداریی بەرچاوی هەبووە.

ساڵی ١٩٧٩ لە سەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی شادا زیندانییەکان بەندیخانەی سنەیان شکاندووە و ئازاد بووە. پاش ڕووخانی ڕژێمی شا، بەشدار بووە لە دامەزراندنی بنکەی بووژانەوەی کەلتووری کوردی. نۆبەرەی نووسینی کتێبی فێربوونی زمانی کوردییە کە لە زینداندا نووسیویەتی و بە تیراژی دەیان هەزار دانە چاپ کراوە.

لەگەڵ چەند سیاسەتمەدارێکی هاوڕێیدا، کۆمەڵەی یەکسانی و یەکێتیی جووتیارانی کوردستانیان دامەزراندووە. ساڵی ١٩٨١ لە کۆمەڵەی یەکسانی جیا بووتەوەو پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانییەوە کردووە و لە دەزگای ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی

ڕەنجدەران وەک لێپرسراوی چاپخانە دەستی بە کارکردن کردووە. لەو ساڵەشدا بووە بە ئەندامی هەڵبژێرراوی دەستەی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، بەشێکی زۆری ئەرکی تایپ و دیزاینکردنی گۆڤاری "نووسەری کوردستان"ی گرتووەتە ئەستۆ و بە نووسین و وەرگێڕانیش بەشداریی تێدا کردووە. ساڵی ١٩٨١ بەشداری کردووە لەیەکەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەدا.

لەگۆڤاری کۆمەڵە خولی دووەم چەند نووسینێکی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٨، پاش ئەنفالەکان، کوردستانی بەجێ هێشتووەو چووەتە نەرویژ. ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە نەرویژ. ساڵی ١٩٩٣ لە دامەزرێنەرانی پارتی سەربەخۆیی کوردستانە. ساڵی ١٩٩٤ سەرنووسەری گۆڤاری "شەبەنگ" بوو. ساڵی ٢٠٠٠ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بوو لە بەلژیک.

بەرهەمەکانی

١- هەژدەی برۆمێری لویس بۆناپارت "کارل مارکس: وەرگێڕان لە فارسییەوە، ١٩٨٦.

٢- کلیدەر، مەحمود دەوڵەت ئابادی، ڕۆمان، وەرگێڕان لە فارسییەوە، حەوت بەرگ، ٢٠١٢.

٣- ڕێگای ئاسان بۆ وازهێنان لە جگەرە، ئالین کار، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ٢٠١٣.

٤- سوور و ڕەش، ستاندال، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، ٢٠١٥.

٥- گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو، مارسیل پروست، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، حەوت بەرگ، ٢٠١٥-٢٠١٧.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، کارەساتی هونەری ئەمڕۆ لەمەڕ هونەرمەند و ڕووناکبیر، ڕۆژە گارودی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٢٥-٣٣.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، شاملو، شیعری نوێی فارسی، لێکۆڵینەوە، ل ٢١-٤٤.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، تیۆری ڕەنگدانەوە و داهێنان، لێکۆڵینەوە، ل ١٩-٢٨.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، دێم، شیعر، ل ١٠٢-١٠٩.



## سەید ئەحمەد

ئەحمەد سەید حەمەلاو مستەفا، ناسراو بە سەید ئەحمەد. ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٩، ماوەت، شارباژێڕ. ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی. پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە: ١٩٦٨. دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایان لە چۆمان. ساڵی ١٩٦٩ مامۆستای شۆڕش لە گەلاڵەی ماوەت. ساڵی ١٩٧٣ لەسەر دەستی شەهید مامۆستا محەمەد ئەمین شێخ عەلی ناسراو بە شەهید (پۆلا) پەیوەندیم بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ لێپرسراوی کەرتی شەهید ئاشتیی کۆمەڵە بووم لە ماوەت، واتە لە سەردەمی خەباتی ژێرزەمینیدا، لە ١٩٨١/٧/١٥دا پەیوەندیم بە شۆڕشی نوێوە کرد لە ناوەندی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨١ بەشداریم لە خولی کادراندا کرد لە ناوەندی کۆمەڵە لە زەڵێ. ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٨٥ ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی چوارتا بووم. ساڵی ١٩٨٤ بەشداریم لە دەورەی دووەمی کادراندا کرد لە (کانی توو). ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ ڕابەری سیاسیی تیپی سیوحەوتی شارباژێڕ بووم. ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٨٩ جێگری تیپی ٤٩ی پیرەمەگروون بووم کە غەریب هەڵەدنی سەرتیپی بوو. ساڵی ١٩٨٩ (بەتالوێنەکان دروست بوون و من کرامە فەرماندەی تیپی ٧١ی بەتالوێنی حەوتی سلێمانی) شەوی ٢٦-١٩٨٨/٢/٢٧ لە گوندی یاخسەمەر بە کیمیایی بریندار بووم. ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢ لە شاناخسێ بۆ جاری دووەم بە کیمیایی بریندار بووم.

١٩٨٩ بەشداریم لە خولی فەرماندەیدا لە کاسەگەرانی گەیلان غەرب کرد. ساڵی ١٩٩٠ بە سەرپەرشتیی دوو دەستە بە مەفرەزەی پارتیزانی دابەزینە شارباژێڕ تا ڕاپەڕین. ساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٣ فەرماندەی بەتالوێنی حەوتی شاربازێڕ بووم و بەشداریم لە ڕزگارکردنی کەرکووک و داستانەکەی ئەزمڕی کۆڕەودا کرد. ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠٠١ لێپرسراوی ئاسایشی شاربازێڕ بووم. ساڵی ١٩٩٦ بەشداریم

لە خولی پێگەیاندنی ئەفسەراندا کردووە. ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠١١ قایمقامی شارباژێڕ بووم. ساڵی ٢٠٠١ بەشداریم لە خولی قایمقامییەتدا کردووە. ساڵی ٢٠٠٩ بەشداریم لە خولی دووەمی قایمقامیەتدا کردووە. ساڵی ٢٠١٠ بەشداریم لە خولی تواناکانی یەکە کارگێڕییەکاندا کردووە. ساڵی ٢٠١١ خانەنشین بووم.

بواری ئەدەبی: نووسەری شاخ بووم. نووسەر لە بواری ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شیعر. بەرهەمی چاپکراوم: نامیلکەیەکی شیعری بە ناوی (ڕق و سۆز) لە ساڵی ١٩٩٢. کۆمەڵە کورتەچیرۆکێک بە ناوی (خاک) لە ساڵی ١٩٩٧. بەشی یەکەمی ڕۆمانی (دۆزەخ) لە ١٩٩٨. بەشی دووەمی ڕۆمانی دۆزەخ بە ناوی (باڵندەکانی زەردەشت) لە ساڵی ٢٠٠٤دا. چەندین شیعر و چیرۆک و وتاری ڕامیاریم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە. بەرهەمە ئامادەکراوەکان بۆ چاپ: بەرگی سێیەمی ڕۆمانی دۆزەخ بە ناوی (فریشتەکانی بەفر). بیرەوەرییەکانم بە ناوی (چیرۆکی پێشمەرگەیەک). بەشداریم لە چەندین کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا کردووە. ئەندامێتی لە بوارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا: ئەندامی یەکێتی نووسەران، ئەندامی ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلاوێژ، ئەندامی یانەی قەڵەم. ئەندام و دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ، ئەندامی کۆنفرانسی دووی کۆمەڵە و کۆنگرەی یەک و دووی یەکێتی بووم.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، بڕووخێ زۆرداری، بژی ئازادی، چیرۆک، ل ١٢٢–١٢٩.



## سیامەند شێخ ئاغایی

لە ١٩٤٤/٤/٢٤ لە (ناوچەی شامات، گوندی تالاو) سەر بە شاری مەهاباد لە دایک بووم. خوێندنم لە میاندواو، مەهاباد، ورمێ و تاران تەواو کردووە. لە ئێرانی پێش خومەینیدا کارمەندی دەوڵەتی ئیران بووم، لە بەشی کشتوکاڵ و تعاون، واتە شەریکە هەرەوەزییەکانی سەر بە وەزارتی تعاون بە پلە و پایەی شوغلی وەک سەرپەرەست، کارناسی تعاونی و باڵاتر لە پارێزگای ورمێ کارم کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە منیش بە هەوای کوردایەتی و بۆ بەدەستهینانی ئازادی بە دژی زۆرداری و کۆنەپەرەستی، سەرم بۆ نێو شۆڕشی گەلی کورد، واتە نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هەڵگرت و ماوەی نزیک بە دە ساڵان لەو مەکۆیەدا دریژەم بە خەبات دا تاکوو سەرەنجام چارەنووس منیشی بەرەو هەندەران هەڵداشت و ئێستا ماوەی ٣٢ ساڵە لە وڵاتی سوئێد لە ژێر سێبەری ئازادی و دیمۆکراسیدا بە خانەنشینی دریژە بە ژیان و گوزەرانی خۆم دەدەم. هەڵبەت لەو ماوەیەڕا کە لە نیشتمان تەوەلا بووم و بووم بە تاراوگەنشین، بە هیچ لەونێک زێد و گەلی خۆم لە بیر نەکردووە و ئەوسا خەباتی خۆم بە شێوەیەکی دیکە، واتە نووسین بە زمانی شیرینی کوردی درێژە پێ داوە، ئاکام و بەرهەمی زەحمەتی ئەم چەند ساڵانەم بووە بە چەند کتێبی کوردی کە دواهەمینیان کتێبی تاراوگەیە...

نوێترین بەرهەمی نووسەر (٢٠١٨): تاراوگە

ئەم کتێبە لە ٢٣٨ لاپەرە پێک هاتووە، خاوەنی ٢١ کۆمەڵەچیرۆک و یا نۆڤیلە. باس لە نەهامەتی و تێکۆشانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکا. کەسایەتییەکان بەشێکیان ناسراو و هێندێکیش خەیاڵین...

بەرهەمەکانی دیکەم کە لەژێرەوە ناویان هاتووە، بۆ کەسانێک کە هۆگری خوێندنەوەی کتێبی کوردین، کتێبەکان بە شێوەی خوارەوەن:

١- گەڵاز، کورتەچیرۆکی (تەنز)، سوئێد، ١٩٨٩.

٢- زاوای زینەتە خاتونێ (تەنز)، سوئێد، ١٩٩١.

٣- فرمێسک و خەبات (ڕۆمان)، سوئێد، ١٩٩٢.

٤- ئەزیش کرمانجم! کورتەچیرۆک (تەنز)، سوئێد، ١٩٩٥.

٥- شەوێک دەگەڵ هاوڕێیان (تەنز)، سوئێد، ٢٠٠٢.

٦- ڕێوێکی گەڕیدە چاکترە لە شێرێکی نووستوو (تەنز) سوئێد، ٢٠١٢.

٧- کۆمەڵگای کوردو ژن (کۆمەڵایەتی)، سوئێد، ٢٠١٥.

٨- خۆم و باپیرانم، ئاوتوبیۆگرافی، سوئێد، ٢٠١٦

٩- تاراوگە، کۆمەڵەچیرۆک، سوئێد، ٢٠١٨.

* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، جودایی، پەخشان، ل١٢٠-١٢٩.



## سەعدوڵڵا سەعید مام شێخ (سەعدوڵڵا پەرۆش)

سەعدوڵڵا سەعید مام شێخ، ناسراو بە سەعدوڵڵا پەرۆش، یەکێکە لە شاعیرە دەرکەوتووەکانی شاری هەولێر. لە ١٩٥٠/١/١٧ لە گەڕەکی خانەقای هەولێر چاوی بە ژیان هەڵێناوە. قۆناخی ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٧٥ـەوە لە چاپخانەی شارەوانیی شاری هەولێر دامەزراوە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە ناوچەکانی نێوزەنگ و دۆڵی خۆشناوەتی پێشمەرگایەتیی کردووە و لەگەڵ دڵخوازی هاوسەری بە کولەمەرگی ژیاون. سەعدوڵڵا پەرۆشی شاعیر لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرهەمی شیعری و ئەدەبیی بڵاو کردووەتەوە. بەشداریی کۆڕ و فێستیڤاڵ و بۆنە ئەدەبییەکانی کردووە و بەرهەمی خۆیی تێدا پێشکەش کردوون. کەسایەتییەکی بەهەڵوێست و نیشتمانپەروەرە. ساڵی ٢٠١٦ خانەنشین کراوە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە. بە داخەوە بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە لە ٢٠٢٠/١٠/٢٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە شارەکەی خۆی بە خاک سپێراوە.

دیوانە چاپکراوەکانی

١- کۆشی ئارام، ١٩٦٩.

٢- شەوانی تەنیایی، ١٩٧٦.

٣- نەفرین، ١٩٨٦.

٤- ناسنامەی با، ٢٠٠٣.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، گەشتی چۆلەکە، چیرۆک، ل ٩١-٩٥.



## سەلام جاسم عەبدوڵڵا (سەلام زەندی)

ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ساڵی ١٩٥٦، زایندەی کەرکووک. باری خێزانی: خێزاندار. شوێنی نیشتەجێبوون: سوید، ڤێستاروس. ئاستی زانستی: بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٨٤. ماستەر لە زانستی سیاسی، زانکۆی ئۆپسالا. کاری ئێستا: بەڕێوەبەری کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوە لە Stockholm School of Economics. لە کاتی زانکۆی بەغداوە کورتەچیرۆک و نووسینی دیکەم بڵاو کردووەتەوە.

لە سەردەمی شاخدا لەسەر ڕاسپاردەی مام جەلال، کتێبێکم لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی کە چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ مام جەلال لە ساڵی ١٩٦٣دا. بە داخەوە لە کاتی ئەنفال لە ئیعلامی یەکێتی فەوتا کە ئامادە بوو بۆ چاپ.

لەسەر ڕاسپاردەی کاک نەوشیروان کتێبێکی ئابووریم لە ئینگلیزییەوە کرد بە کوردی، هەروەها ئەویش فەوتا. کاک فەرید ئەسەسەرد، کاتێک کە من بۆم باس کرد لە سەردەمی شاخ، هەندێک لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی لە کوردستانی نوێ بڵاو کردەوە.

لە سەردەمی شاخ، کاتێک کە ئەندامی یەکێتیی نووسەران بووم، وەرزنامەیەکمان دەرکرد بە ناوی (کەلتوور) کە محمد موکری سەرنووسەری بوو و هەریەک لە (ڕەوەز، من، ڕێبوار سەعید، ئەبو شەهاب کە کوڕێکی عەرەبی موسڵی بوو، حەمە کەریم و ڕەنگە ناوی دیکەش هەبێ) بەشدار بووین لە دەرکردنی. هیوادارم لە ئەرشیڤی یەکێتیدا مابێت.

پاش ڕاپەڕین، کتێبی (کوردستان، کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی) لە نووسینی (ئیسماعیل بێشکچی)م لە تورکییەوە کردووە بە کوردی و بە زنجیرەوتار لە ڕێی کاک نەوشیروانەوە لە کوردستانی نوێ بڵاو کرایەوە.

لە ئەورووپا نووسین و وتارم هەیە بە زمانی سویدی، عەرەبی و کوردی، کە لە ڕۆژنامەکان بڵاو بووەتەوە. بەشێک لە ئینسکلۆپیدیای (شەمسەدین) کە ویلایەتەکانی عوسمانییەکان باس دەکات لە ساڵی ١٨٩٨دا، کە یەکێکیان کوردستانە، لەوێ باسی کەرکووک دەکات بە بەشێک لە کوردستان و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن. ئەم بەشەم لە تورکیی عوسمانییەوە کردووە بە سویدی و لە کتێبی زنجیرەی (ماڵتی ئەتنیکا) لە زانکۆی ئۆپسالا لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاو بووەوە.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٣٨–٥٠.



## سابیر سدیق (سابیر)

سالّی ١٩٥٨ لە گوندی گریانەی دەڤەری پشدەر هاتوومەتە دنیاوە. قۆناغەکانی خوێندنم تا پلەی ئامادەیی تەواو کردووە. سالّی ١٩٨٣ چوومەتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. یەکەمین شیعرم (تۆ هەوریت و بارانی خەم...) لە گۆڤاری (بەیان)، ژمارە ٢٥ی سالّی ١٩٧٥ بلاّو بووەتەوە. لەو ڕۆژەوە ئیتر فرسەخێ من دوای شیعر کەوتووم و فرسەخێ ئەو دوای من کەوتووە... یا بە شێوەیەکی تر، سالاّنیک من ئەوم نووسیوەتەوە سالاّنێک ئەو منی نووسیوەتەوە، هەندێ جاریش ناوبەناو لە ناو کێشمەکێش و ململانێ و هەراوهوریای ڕۆژگار و زەمەن و قەدەر و ڕێکەوتەکاندا لە یەکتر بزر بووین... بەلاّم لە هەر کوێیەکەوە بێ، بە هەر دەردەسەرییەک بووبێت، سەرئەنجام یەکمان دۆزیوەتەوە و تا هەنووکە بەو شێوەیە پێکەوە ڕێ دەکەین... عومرێکە لە خانەی خەمی شیعرا دەژیم، لە سەرەتاوە تا ئێسە زۆر کەم هەولّی بلاّوکردنەوە و بردنەپێشەوەیانم داوە... هەلّبەتە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆر و تایبەتی خۆی هەیە!

دەتوانم بلّێم لە دوای بلاّوبوونەوەی (تۆ هەوریت و... چاکلاّو، دە من چی بکەم...) و هەندێ شیعری دی کە لە بەیان و هاوکاری و تریفەی لاوان لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بلاّو بوونەوە، ئیتر من کپ وخ امۆش و دوورەپەرێز مام تا ناوەڕاستی هەشتاکان، کە یەکەمین کۆمەلّەشیعرم بە ناوی (باهۆز) لە گوندی یاخسەمەر لە چاپخانەی (عەبدولخالق مەعروف) لای یەکێتیی نووسەرانی شاخ بە چاپ گەیاند.

لەوێ بەدواوە بەردەوام شتەکانم لە گۆڤاری گزنگ و نووسەری چیا و نووسەری کوردستان لە شاخ بلاّو دەبوونەوە... پاشان کۆمەلّەشیعری (بوومەلێل) سالّی ١٩٨٨ لە سەقز بە ژمارەیەکی کەم و لەسەر ئەرکی خۆم و دەسکورت لە ڕووی هونەری

چاپەوە بڵاو بووەوە... لە هەمان ساڵدا قەسیدەیەکی درێژ بە ناوی (غوربەت سەری سپی کردم)، بە هەمان شێوەی بوومەلێڵ لە سەقز چاپ بوون... ئەمانە لەبەر دووری و کەمژمارەیی و وەک وتم، دەسکورتی لە هونەری چاپکردنیان، وەک پێویست نەگەیشتن، دواتر ساڵی ١٩٩٧ لەسەر ئەرکی خۆم کۆمەڵەشیعری (هەناسە حەرامەکان)م چاپ کرد... دواتریش ساڵی ٢٠٠٧ کتێبی (سابیر سدیق) و ساڵی ٢٠٠٩ (فاکسە شینەکان)...

* ئەوانەی ئامادەی چاپکردنن:

١- بە مانگەشەوێک، ٢٠١٢.

٢- کۆتایی من ٢٠١٣.

هەمیشە خەون بە چاپکردنی (کۆبەرهەم)ەوە دەبینم... عومرێک، ساڵانێک، زۆر لە شیعر و لە ئەزموونی شیعر و ژیان، قسەی زۆرە و زۆر هەڵدەگرێت، ڕەنگە بۆ ئێرە ئەمەندە بەکار بێت، ئەگەر دەرفەتێک ڕەخسا... بەشی هەرە زۆری قسەکانم دەبێژم...

* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، دوا سنەوبەر، شیعر، ل ١٣٢-١٣٦.
* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، بەتیارەی ئازادی، شیعر، ل ١٠٦-١١٠.
* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شەیپور، شیعر، ل ٥٦-٥٩.



## سەرکەوت محەمەد زەکی (هیوا)

سەرکەوت محەمەد زەکی سالح، ساڵی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سێوسێنان و پیرەمێرد، ناوەندیی لە کاژاو و ئازادی و ئامادەیی لە ئەزمڕ خوێندووە. بەشی پزیشکیی پەیمانگەی تەکنیکی لە شاری موسڵ تەواو کردووە. دبلۆمی لە IT لە بەریتانیا بە دەست هێناوە، بڕوانامەی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی هاوچەرخ لە شاری لەندەن وەرگرتووە. خێزانی پێکەوە ناوە و مناڵدارە.

ئەندامی کۆمەڵە بووە لە سنووری ڕێکخراوی سلێمانیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. پێش ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی ڕێکخراوەییدا دەستگیر کراوە و تا ڕاپەڕین لە زینداندا بووە. پێش ڕاپەڕین پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بوو لە سنووری مەڵبەندی یەک. ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی بەلەکجاری ناوچەی قەرەداغ بە چەکی کیمیایی بریندار بووە.

لە ژیانی سیاسیدا ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆ بووە:

لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی قەرەداغی (ی.ن.ک) بووە تا ساڵی ١٩٩٧.

لێپرسراوی بەشی ڕووناکبیریی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیی (ی.ن.ک) بووە تا ساڵی ١٩٩٩.

ئەندامی مەکتەبی چاودێریی (ی.ن.ک) بووە تا ساڵی ٢٠٠٩.

لێپرسراوی مەڵبەندی ٢١ی دەوروبەری سلێمانی بووە تا ساڵی ٢٠١٠.

ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) بووە تا ساڵی ٢٠١٣.

ئێستا یاریدەدەری دەزگای هەڵبژاردنی (ی.ن.ک)ـە.

دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕێنیسانس بووە، یەک ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٢دا لێ بڵاو کراوەتەوە.

لە ڕۆژنامەکانی، کوردستانی نوێ، ئاڵای ئازادی، ڕێگای کوردستان، وڵات... وتار و بەرهەمی جۆراجۆری بڵاو کردووەتەوە.

لە زۆرێک لە کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆییەکاندا چاوپێکەوتن و لێدوانی لەسەر پرسە جۆراوجۆر و هەنووکەییەکان ئەنجام داوە.

لە گۆڤاری نووسەری کوردستان – شاخ، پەخشانەشیعرێکی بە ناوی خوازراوی (هیوا)وە بڵاو کردووەتەوە.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چەند دیمەنێک، شیعر، ل ١٨٨-١٩١.



## سەلام محەمەد

سەلام محەمەد لە ١٩٥٤/٧/٢١ لە دایک بووە. وەک زۆربەی خەڵکی عێراق لەبەر نەبوونی زانیاریی دروست لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧دا، ڕۆژی لەدایکبوونی نیوەی گەلانی عێراق کرا بەو ساڵ و مانگ و ڕۆژە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٣ چووەتە زانکۆ، ساڵی ١٩٧٨ بەکالۆریۆسی لە یاسا لە زانکۆی بەغداد وەرگرتووە.

بە هۆی ئەوەی باوکی ڕەحمەتیی مامۆستای سەرەتایی بووە، بەردەوام لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر گوازراوەتەوە، سەرەتا ساڵی ١٩٦٠ یەکەمین مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی (تەوەکەڵ)ی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر بووە و بە ئەلفوبێی مامۆستا باڵدار دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان گوازراوەتەوە بۆ گوندی (هەشەزینی) لە ناحیەی سەنگاو، پاشان چوونەتەوە شاری کەرکووک و بە بڕیاری حەرەس قەومی، ساڵی ١٩٦٥ ڕاگوازراون بۆ ناحیەی (دوبز). ساڵی ١٩٦٩ بە یەکجاری هاتوونەتەوە شاری کەرکووک، (کاریزی خاڵخاڵان، کەرکووک، تەوەکەڵ، هەشەزینی، حەویجە، دوبز، کەرکووک) ڕەنگدانەوەی کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەو قۆناغە گرنگ و ناسکەی تەمەنی منداڵیی سەلام، چونکە هێشتا لە ژینگەیەکدا جێگیر نەبووە، ڕووبەڕووی ژینگەیەکی تر بووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٠ باوکی لە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووک زەوییەکی کڕیوە، زەوییەکەی ماچ کردووە و گوتوویەتی (ئۆخەی، ئیتر لێرە بار ناکەین). هەر پاش چەند مانگ لە ژینگەیەکی ناخۆشتردا دایکی تووشی شێرپەنجە بووەو کۆچی دوایی کردووەو سەلامی لە ناو باوەشی گەرم و خۆشەویستیدا بەجێ هێشتووە.

ساڵی ١٩٧٠چووەتە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان - باڵی پارتی، پێش ڕێککەوتنی ئازاریش، ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕۆژنامەی برایەتیدا کاری کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کۆمەڵێک لە نووسەرانی هاوڕێیدا چوونەتە شاخ.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا باوکی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. وەک سەلام باسی لێوە کردووە، سەردەمی مناڵی تراژیدیایەکی خەمناک و پڕناسۆر بووە، پێش ساڵی ١٩٧٠ ئارەزووی شیعرنووسین و خوێندنەوەی هەبووە. ساڵی ١٩٧١ شیعری لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاو کردووەتەوە، ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد. ساڵی ١٩٨٠ بە پشتگیریی کۆمەڵەی ڕەنجدەران چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە، ماوەی ساڵێک لە ناوزەنگ و سەرکردایەتی ماوەتەوە. ساڵی ١٩٨٢ چووەتە بەرلینی ڕۆژئاوا و ساڵی ١٩٨٣ گەڕاوەتەوە عێراق. سێ وتاری بە ناونیشانی (ڕژێمی سوریا و مەسەلەی کورد - لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا) نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە. وەک خۆیی دەڵێت، ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٩١ هیچ بەرهەمێکی لە دەزگای ڕاگەیاندنەکانی ژێر دەست و دەسەڵاتی ڕژێمدا بڵاو نەکردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٩ دەستگیر کراوە. ساڵی ١٩٩١ چووەتە ئەورووپا و لە نەرویژ و پاشان سوید نیشتەجێ بووە، بێدەنگیی هەڵبژاردووە و هیچ بەرهەمێکی ناکەوێتە بەر چاو.

بەرهەمەکانی

١- هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، شیعر، لە شاخ چاپ کراوە.

٢- دیوانی سەلام محەمەد، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩

٣- لە کەرکووکەوە بۆ ڤێستەرۆس، دیمانەو چاوپێکەوتن، عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)، سلێمانی، ٢٠١٣.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، پێرووم خوێندەوە، ڕەخنە، ل ١٤-٢٨.

# ش



## شێرکۆفایەق عەبدوڵڵا بێکەس-جوامێر

شێرکۆ فایەق عەبدوڵڵا بێکەس ساڵی ١٩٤٠ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. تەمەنی هەشت ساڵان بووە کە فایەق بێکەسی باوکی ساڵی ١٩٤٨ لە شارۆچکەی هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە. دایکی شێرکۆ ناوی شەفیقە سەعید وەستا حەسەنە. منداڵی و لاویی شێرکۆ فایەق بێکەس پڕ بووە لە ژانی بێکەسی و ئازارو نالەباری و کەمدەرامەتی. ڕۆژگار و ژیانی شێرکۆ بە نێو ئازار و دۆخی نالەبار و پڕکارەسات و ناخۆشیدا گوزەری کردووە و ئازارەکانی لە باڵای بەرزتر بوون.

لەوپەڕی ناخۆشی و چەرمەسەریی ژیاندا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە. لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بلاو کردووەتەوە. شێرکۆ وەک ڕێچکەی باوکی، کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە و ئازاری گەلەکەی تێکەڵ و ئاوێتە بووە بە جەستەو ڕۆحی. ساڵی ١٩٦٥ دەبێت بە پێشمەرگەو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە ئەشکەوتی سەردێمان دەست بە کار دەکات. ساڵی ١٩٦٨ یەکەم دیوانی شیعری بە ناوی "تریفەی هەڵبەست" چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ خاتوو نەسرین میرزا ژیانی هاوسەرێتیی پێک هێناوە. ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ سێ هاوڕێی ئەدیب و نووسەریدا، حسێن عارف، جەلال میرزا کەریم، کاکەمەم بۆتانی، بەیانی ڕوانگەیان لەپێناوی نوێکردنەوەی ئەدەب و نووسیندا بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٤ دەبێتەوە بە پێشمەرگە و دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ دوور دەخرێتەوە بۆ خوارووی عێراق. ساڵی ١٩٧٩، پاش دوورخستنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٤ دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە

دەرەوەی کوردستان، سەرەتا لە ئیتالیا دەگیرسێتەوە و ژیانی لە نامۆیی و ئاوارەییدا دەگوزەرێنی. ساڵی ١٩٨٧ لە سوید خەڵاتی تۆخۆلسکی وەردەگرێت. ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەمین هەڵبژاردنی خەڵکی کوردستان و یەکەمین کابینەی هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە وەزیری ڕۆشنبیری. ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نووسەریدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دادەمەزرێنن.

جگە لە چاپکراوەکانی پێشتری، ساڵی ٢٠٠٩ سەرجەم بەرهەمەکانی لە هەشت بەرگدا چاپ دەکات. شێرکۆ جگە لە بەرهەمی شیعری، شانۆنامە و داستان و دەقی کراوە و بەرهەمی وەرگێڕانی پێشکەش کردووە. بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس کراون بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی، سویدی، عەرەبی، تورکی، فارسی... شێرکۆ لە دەیان بۆنە و کۆڕ و چاوپێکەوتندا بەشداری و چالاکیی گرنگی نواندووە.

بە هۆی نەخۆشییەوە، ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٤ لە سوید کۆچی دوایی کردووە. بە کۆچی شێرکۆ بێکەس نێوەندی ئەدەب و ڕووناکبیریی کوردی زیانێکی گەورەی لێ کەوت و مەحاڵە تا ماوەیەکی دوورودرێژ شێرکۆیەکی دیکە بەرهەم بێت. لەسەر ڕاسپاردە و وەسیێتی خۆی، تەرمی شێرکۆ بێکەس لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی ئەسپەردە کراوە.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، لە شەوێکدا، شیعر، ل ٤٦-٥٠.
* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، شیعری کاریکاتێر، شیعر، ل ٤٤-٤٥.
* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، بانگ، شیعر، ل ٤٨-٥٥.
* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، کەڵ، شیعر، ل ٨١-٨٤.
* ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، هەرەسم خوێندەوە، ڕەخنە، ل ٥-٤٤.
* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، شایی شەهید، شیعر، ل ١١٤-١٢٣.
* ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، باڵا، شیعر، ل ١٢٠-١٢٥.
* ژمارە ١٦، پاییزی ١٩٨٩، ئینجانە، تاقە شایەت، شیعر، ل ١٠٥-١٠٧.
* ژمارە ١٧، پاییزی ١٩٩٠، چاوپێکەوتنی ئەدەبی، شیعر، ل ٩٠-٩٣.



## شێرزاد حەسەن (شێرۆ)

شێرزاد حەسەن ساڵی (١٩٥١ یان ١٩٥٢) لە هەولێر لە دایک بووە، بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی، زانکۆی بەغداد. ٢٦ ساڵ لە بواری پەروەردەدا وەک مامۆستاو سەرپەرشتیار کاری کردووە. سێ ساڵ بەرپرسیاری ڕاگەیاندن بووە لە ڕێکخراوی (ئێم. ئەی. جی) بۆ مینهەڵگرتنەوە، شەش ساڵ لە ڕێکخراوی (یونێسکۆ) بۆ کاروباری پەروەردە کاری کردووە. دیارە کۆی ساڵانی خزمەتکردنی لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە بۆ ٢٠٠٩ی خایاندووە، هەر هەمووی لە سلێمانی بووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٧ـەوە بۆ ماوەی دە مانگ لە فنلەندا پەنابەر بووە، لە بەهاری ١٩٩٨و دوای هەڵوەشاندنەوەی کەیسی پەنابەرییەکەی، گەڕاوەتەوە کوردستان، دیارە هەر ئەوسا لە لایەن یانەی قەڵەم (پێن کلەب)ی جیهانییەوە بانگهێشتی دیداری ئەدەبی کراوە کە تێیدا بە باسێکی ئەدەبی بەشدار بووە کە تەوەری سەرەکیی ئەو ساڵە بووە، بە ناوی (زمان و کەسێتیی نووسەر). ساڵی ٢٠٠٦ بەشداریی کردووە لە دیداری (مەسەلەی کتێب) کە بۆنەیەکی ئەدەبیی ساڵانەیە لە شاری ئێدنبرە لە شانشینی سکۆتلەند. لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ئێستا بە دەیان کۆڕو سیمیناری لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان پێشکەش کردووە، کە تەوەرەکانی بە بوارەکانی ئەدەب و پەروەردە و کێشەکانی ئافرەت و منداڵ و ژینگە و تابۆکانی ناو (ئایین و سیاسەت و سێکس)ـەوە پەیوەست بوون، کە بە سێگۆشەی یان سێ کوچکەی حەرام ناسراوە.

خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

بەدەر لە چوار ساڵی خوێندن لە زانکۆی بەغدا و ساڵێکی فنلەندا: نیوە بە نیوە ژیانی لە نێوان هەولێر و سلێمانی دابەش بووە.

بەرهەمەکانی:

چیرۆک و ڕۆمانەکان:

* تەنیایی، کۆمەڵەچیرۆک، چوار چاپ.
* گوڵی ڕەش، کۆمەڵەچیرۆک، پێنج چاپ.
* گەڕەکی داهۆڵەکان، کۆمەڵەچیرۆک، سێ چاپ.
* پیرە پەپوولەکانی ئێواران، کۆمەڵەچیرۆک، سێ چاپ
* حەسار و سەگەکانی باوکم، نۆڤلێت، پێنج چاپ.
* پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، ڕۆمان، چوار چاپ.
* تەمی سەر خەرەند، ڕۆمان، سێ چاپ.
* ژنێکی منگن، نۆڤلێت، چوار چاپ.
* خەونی جاڵجاڵۆکەکان، نۆڤلێت، چوار چاپ.
* ژنێک بەسەر منارەوە، نۆڤلێت، دوو چاپ.
* دواهەمین شەوی دابەزینی عیسا، ڕۆمان، دوو چاپ.

وتار و شیعر:

* بێ کتێب هەڵناکەم، کۆمەڵەوتار.
* دوژمنی گەل و مێگەلیزم، کۆمەڵەوتار.
* کارگەکانی تابووت، کۆمەڵە وتار.
* دەرۆزەکەرانی سەربەستی، کۆمەڵەوتار.
* دارشەقەکانی نیشتمان و دواهەمین ورتەورتی من: دیوانی شیعر.

وەرگێڕان:

شانۆگەری:

* بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابوردوو بدەرەوە، نووسینی: جۆن ئۆزبۆرن، لە ئینگلیزییەوە، دوو چاپ.
* مارا ساد، شانۆگەری، نووسینی: پیتر ڤایس، لە ئینگلیزییەوە، دوو چاپ.
* فریشتەکە لە بابل دابەزیوە، نووسینی، فریدریش دۆرینمات: لە ئینگلیزییەوە.
* مەرگەساتی شا لییر، شانۆگەری، نووسینی: شکسپیر، لە ئینگلیزییەوە، دوو چاپ.

* گوندەکانی بەرەو مانگ هەڵدەکشێن، شانۆگەری: نووسینی: فرحان بلبل، لە عەرەبییەوە

ڕۆمان:

* ژیان وا لە شوێنێکی دیکە، ڕۆمان، نووسینی: میلان کوندێرا، لە ئینگلیزییەوە.

چیرۆک:

* فرمێسکەکانی کوکوختی، کۆمەڵەچیرۆک، لە ئینگلیزییەوە.

* یادگارەکانی قەلەڕەشێک، کۆمەڵەچیرۆک، لە ئینگلیزییەوە.

* گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە، کۆمەڵەچیرۆک، لە ئینگلیزییەوە.

وتار:

* لە ستایشی ئەدەبدا، کۆمەڵەوتار، لە ئینگلیزییەوە.

* جەنگاوەری ڕۆشنایی، پەیڕەونامە، نووسینی: پاولۆ کۆیلۆ، لە ئینگلیزییەوە.

* هەقتە بزانیت، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، لە ئینگلیزییەوە، دوو چاپ.

شیعر:

* قەلەڕەش و زەنگەکان، کۆمەڵەشیعر، لە ئینگلیزییەوە.

* باڵەکانی فریشتە، کۆمەڵەشیعر، لە ئینگلیزییەوە.

* دوو ژن و دوو پیاو، کۆمەڵەشیعر، لە ئینگیزییەوە.

دەروونناسی:

* چۆن دەبیت بە باشترین هاوڕێی خۆت، دەروونناسی، لە ئینگلیزییەوە، چوار چاپ.

* تۆ بەسەر خۆتدا زاڵیت؟ نووسینی: وێندی گرانت، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕەنج.

بۆ نموونە: دەکرێت بە کورتی بۆ بەرهەمەکان بنووسرێت:

(نووسەر خاوەنی چوار کۆمەڵەچیرۆک و حەوت ڕۆمان و نۆڤلێتە + دیوانێک شیعر + چوار کۆمەڵەوتار + هەژدە کتێبی وەرگێڕراو لە زمانی ئینگلیزییەوە: لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر بە هەموو ژانرە جیاوازەکانەوە + سیاسەت و دەروونناسی و بابەتگەلی دیکە.)

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، دووکەڵ، چیرۆک، ل ٨٥-٩٤.



## شێرکۆ عەبدوڵڵا ڕەشید (دکتۆر)

ساڵی ١٩٥٥ لە دایک بووە. دەرچووی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی موسڵم. ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیم بە ئەڵقەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینییەوە کردووە. ڕێکخەرەکانم ئەم کەسانە بوون: هیوای ڕەئوفی عەلییە فەندی، ئاسۆ ڕەئوف، محەمەد فەتحوڵڵا، جەمالی زەرەنگەر، شەهید شوانی ژنبرای کاک نەوشیروان، مامۆستا صدیق دهۆکی. ماوەیەک کاک ئارام لە ماڵی ئێمە حەشار درا. لە تیپی ٧٨ی کاروخ پێشمەرگایەتیم کردووە لای سەرتیپ شەهید ڕەحمان سەیدا.

لە ساڵانی خوێندکاریمدا بەشداریی زۆربەی چالاکییە ئەدەبی و نیشمانییەکانم کردووە، بۆ نموونە: یادی دووسەد ساڵەی سلێمانی، بە شیعری هەنگاوێک بۆ هەورازەکە. لە ڕاپەڕیندا لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش گەڕاومەتەوە (لەگەڵ حەیدەری برای هاوڕێ جەبار) بەشدار بووە لە کاری پزیشکی و چالاکیی ئەدەبی. لەگەڵ مامۆستایان شێخ حەسیب و محەمەد فەریق حەسەن و خالید دلێر و کەژاڵ ئەحمەددا هەڵبژێرراوم بۆ دەستەی کاتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لەگەڵ مامۆستا بەهادین نوری و کاک بەکر حەسەن و مامۆستا حەمە فەریق گۆڤاری دیموکراسیان دامەزراندووە بۆ ڕەخنەگرتن لە حوکمداریی بەرەی کوردستانی و سیاسەتی ئەو کاتەی حیزبەکان. پێشتر لە شاخ و لە شار بە ناوی ئاشکرا و نهێنی بابەتی ئەدەبی بەرگری بڵاو کردووەتەوە. هاوسەرەکەی ئەمیرەی کچی حەمەومین ئاغایە، دەرچووی زانکۆی سلێمانی و پێش خوی پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە کردووە. عومەری سەید عەلی و دڵگیرخانی خێزانی کاک سالار عزیز و شەهید هیوا عەبدولغەفور و چەندین کەسی تر هاوڕێی ڕێکخستنی بوون.

هەموو قۆناغە سەختەکانی ئەو ڕۆژگارە پێکەوە بووین. دایک و برای زیندانی کراون. دایکی دوو ساڵ خرایە زیندانەوە لە باشووری عێراق و دواتر بە نەخۆشییەک مرد کە لە زیندان تووشی بوو.

خۆی لە دەرفەتی تەواوکردنی خوێندن بێبەش بووە و دوای ڕاپەڕینیش بە بیانووی تەجاوزی تەمەنەوە نەیانهێشت هیچ کام لە هاوڕێ پزیشکە پێشمەرگەکانی دکتۆرا بخوێنین.

ساڵی ١٩٩٤ چووتەوە سەر کاری دکتۆری.

هەر لەو ماوەیەدا لەگەڵ چەند نووسەرو هونەرمەندێکدا ویستویانە گۆڤارێکی ڕەخنەیی گاڵتەجاڕی دابمەزرێنین. نە مام جەلال و نە کاک نەوشیروان یارمەتییان نەداین، بگرە ویستیان پەشنیان بکەنەوە، لە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆدا هەم لە تەندروستی و هەم لە ڕاگەیاندن زیاتر لە توانای خۆی خزمەتی ڕێبازەکەم کردووە. ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب وەرچەرخانێکی گەورەی تێدا دروست کردووە و کاتێک گەڕاتەوە، جارێکی تر ماڵەکەیان تالان کراوە، وەک چۆن پێشتر بەعس ماڵەکەیانی حیجز کردو فەوتانی.

بیرۆکەی دروستکردنی دەزگای خاک لای هێرۆخان بووە بڕیارو ئە و هونەرمەندان ئاکۆ غەریب و زاهیر سدیق و خەلات عومەری کۆکردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە ڕۆشنبیرییە ئیعلامییە کە سەرەتای ١٩٩٧ دەستی پێ کردو پێش هەموو کەسانی سەربەخۆ ڕەخنە و بیرکردنەوەی دەرەوەی حیزبایەتییان داهێنا. گۆڤاری سیخورمەو بەرنامەی بەرنامە ساڵانێکی زۆر پێخۆری هونەری و ڕۆشنبیریی کوردی بوون.

لە سەر ئاستی پیشەییش، کە دووئیدارەیی دروست بوو، لەسەر تەکلیفی فەوزی ڕەشید و سەعدی پیرەی قبوڵکرد ببێتە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی ئەملا، بەڵام سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران (لغایە فی نفس یعقوب) دوو ساڵ فەرمانەکەی لە چەکمەجەیەکدا شاردەوەو هەر بە مووچەی بەڕێوەبەر کاری کردووە.

دواتر لە سەرەتاکانی ٢٠٠١ بە فەرمان و تەکلیفی دکتۆر یادگار بووە بە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، نەخۆشخانەی هیوا، سەنتەری چارەسەرکردنی دڵ، بەشی چاندنی مۆخی ئێسقان، تاقیگەی ناوەندی، تاقیگەی هاوسەرگیری، سەنتەری کۆئەندامی هەرس، بەشی نەشتەرگەریی منداڵان، دروستکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن، نەخۆشخانە و وەرشەی ئێمێرجینسی، سەنتەری چارەسەری تیشک،

نۆژەنکردنەوەی هەردوو نەخۆشخانەی منداڵبوون و جمهوری، سەنتەری تیشک، سیستمی خەفارەت لە بنکەی تەندروستیی گەڕەکەکاندا و زۆر پڕۆژەی تر، لە سەردەمی ئە و بە هاوکاریی هاوڕێ و لێپرسراوان هاتوونەتە دی

کاتێکیش ویستویە خانەنشین بیت، عیماد ئەحمەد کە ئەو کاتە جێگری سەرۆکوەزیران بوو، وتی: جارێ بۆ تۆ زووە خانەنشین بیت. هەر بۆیە گوازرایەوە بۆ نووسینگەکەی لە سلێمانی بە پلەی برێکاری وەزیر کە فەرمانەکەی ڕەسمییە. مەرسووم و ئیمزای سەرۆکی هەرێمی لەسەرەو مافێکی شایستەیە بە شەهادە و ماوەی خزمەت و چالاکییەکان و پێوەرە یاساییەکان.

١٨ کتێبی جۆراوجۆری لە بوارەکانی فیکرو سیاسەت و فەلسەفە و ئەدەب و جوگرافیاو مێژوودا لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی.

وتاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەگەری داهێناوە کە ئەوە یانزە ساڵە بەردەوامە، هەشت شانۆگەری کورداندووە. ٥ دیوانی شیعری تەنزی هەیە. بڕوانامەی ماجستێر لەسەر نووسینەکانی وەرگێراوە.

زنجیرەی فەنتەڵۆس و بەپێی دەستوور بەری ڕەنجی ئەون.

زۆر هەست بە خۆشحاڵی دەکات کە هەندێک وشە و زاراوەی ئەو بوونەتە قسەو زاراوەی خەڵک. لە سەردەمی لاوێتیەوە، دوراودوریش بووبێت، کاک نەوشیروانی ڕەحمەتیم خۆش ویستووەو سەرسام بووم بە تایبەتمەندییەکانی.

لە یەکەمین خولی ئەنجوومەنی پارێزگادا، بەبێ ئاگاداریی خۆی، یەکێک بووە لە کاندیدەکانی ئەو ڕەوانشادە. زۆر کەسی تر دەزانن کە هیچ مووچەیەکم لە ئەنجوومەن نەبووە، من مرۆڤم. هەڵەم هەبووەو دەبێت، بەڵام پەرێزم لە زۆر کەس و زۆر حیزب پاکترە.

ئەو کاتەی کە چووتە لای کاک نەوشیروان بۆ مەسەلەی گۆڤاری سیخورمە، ڕووی تێ کردووە و وتی: ئەتکوژن. وا دیارە قسەکەی خەریکە دێتە دی، بەڵام کوشتنی جەستەیی نا، بەڵکو کوشتنی کەسایەتی.

کۆمەڵناسەکان ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییانە بە زبڵ و خاشاکی ئەمڕۆ دەزانن.

ئێستاش بەردەوامە لەوەرگێڕان و نووسین و گۆشەی ڕۆژنامەوانیدا.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، خەمنامە، شیعر، ل ١٠٠.



## شیرین.ک (شیرین کەمال ـ روزا)

* لەدایکبووی شاری سلێمانییە،بەکالۆریۆسی لەزانکۆی بەغدا لە کۆلیژی ئەدەبیات/ بەشی زمانو ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، لە ساڵی١٩٩٣ ەوە لەکوردستانی نوێ کاری کردووە، لە ساڵی١٩٩٧یشەوە لێپرسراوی بەشی ئەدەبو هونەر بووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە سکرتێری نووسینی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە تا ٢٠١٥خانەنشین کراوە لەسەر داوای خۆی لەبەر هۆکاریی تەندرووستی.

*بەرهەمە چاپکراوەکانی:

*پیش ئەوەی تاریک دابێ- کۆمەڵە چیرۆک-

*کەنارەکانی خەون-شیعر-

*حیکایەتەکانی بەفر- کۆمەڵە چیرۆک-

*ئێوارەیەک ئەو نایەت-شیعر-

*فصول و حروف- کۆمەڵە شیعر- بەزمانی عەرەبی-

*دەیان وتارو بابەتی لە زمانی عەرەبییەوە تەرجەمە کردووە بۆ زمانی کوردی هەروەها دەقی چەندین نووسەرو شاعیری کوردی لەکوردییەوە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی،

ئەم کتێبانەشی لە عەرەبییەوە تەرجەمە کردووە بۆ کوردی:

*وسمیە تخرج من البحر وەسمیە لە دەریا دێتە دەرێ-رۆمان ژنە رۆمانووسی کوەیتی لەیلا عوسمان کە یەکێکە لە سەد باشترین رۆمانی عەرەبی.

*رحلە چوو-گەشتی تیشکێک کتێبێکی لێکۆڵینەوەیە لەبارەی رۆمانەوە/ عەبدولرەحمان مونیف.

*وەنەوشەکەی چوارشەممان-کۆمەڵەچیرۆک کۆمەڵێک نوسەری بیانی

*رۆمانی- الحمامە-کۆتر- رۆماننوسی ئەڵەمانی پاتریک زوسکیند.

*کتێبی-رسائل الی روائی شاب دوازدە نامە بۆ رۆماننوسێکی لاو لێکۆڵینەوەیە لەبارەی رۆمانەوە، نووسەر و رۆمانووسی پیرۆیی- ماریۆ فارگاس یۆسا.-

*کۆمەڵە چیرۆکی- گەڕان بەدوای قولاییدا- پاتریک زوسکیند.

*طائر النار-باڵندەی ئاگر-کۆمەڵە چیرۆک بۆ منالان.

* رۆمانی النفق تونێلی رۆماننوسی ئەرژەنتینی-ئەرنستۆ سابات

*شانۆگەریی(عازف الکونترباص) ژەنیاری کۆنتراباس پاتریک زۆسکیند

* هەندێک لەچیرۆک و شیعرەکانی بۆ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی وەرگێڕدراون، هەروەها بۆ زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیش.

* بەدرێژایی ئەم سالانە چەندینجار خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و بەغدا شیعر وچیرۆکەکانی شیرین.ک یان کردووە بە بابەتی نامەی دەرچوونیان لەوانە:(ئیستاتیکای شیعر لەجەستەی ئێواریەک ئەو نایەتی شیرین.ک دا) ی خوێندکار ریباز ئیکرام لەسالی خوێندنی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦،هەروەها خوێندکار ئاشتی حوسین نامەی ماستەری لە چیرۆکەکانی شیرین.ک وەرگرتووە سالی ٢٠١٨ لەزانکۆی سلێمانی.

*ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٢، منالانی شارەکەم دەزانن چی بەدایکیان دەڵێن، چیرۆک ل٧٢



## شوان کەریم کابان

شوان عەبدولکەریم جەلال مەحموود عەزیز، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. باوکی پۆلیسی بێسیم بووە. ساڵی ١٩٦٠ماڵیان لە ڕانیە بووە، بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە هەبووە، بۆ شاری بەغداد و پاشان بۆ ناسریە دوور خراونەتەوە و شوان لە شاری ناسریە دەستی بە خوێندن کردووە. باوکی ساڵی ١٩٦٦ بۆ دیوانیە و ساڵی ١٩٦٩ بۆ سلێمانی گوێزراوەتەوە. بەم هۆکارە، شوان ساڵەکانی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە ناسریە و دیوانیە و سلێمانی بەسەر بردووە، دواتریش ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە و بە ئاوارەیی لە ئۆردووگاکانی ئێران ژیاون. پاش هەرەسی شۆڕش، ساڵی ١٩٧٥ گەڕاونەتەوە شاری سلێمانی. شوان بەشی بەرهەمهێنانی کانزاکانی لە پەیمانگەی تەکنەلۆژیای شاری کەرکووک تەواو کردووە. زۆر جار کرێکاریی کردووە و شاگردی بەرگدروو بووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. هەر لەو ساڵەدا لە هەرێمی پێنجی قەرەداغ بووەتە پێشمەرگە.

پەیوەندیی بە تیپی مۆسیقای شەهید کارزانەوە کردووە، پاشان گوازراوەتەوە بۆ ڕاگەیاندنی ناوەندی لە گوندی تووژەڵە. لە شاخ لە چەندین چالاکیی هونەریدا بەشداریی کردووە. وەک ئاهەنگەکانی سەری ساڵی ١٩٨٢. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە لە شاخ کردووە. لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەک نووسەر و بێژەری بەشی زمانی عەرەبی کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٣ بە نووسین بەشداریی لە گۆڤاری "پێشمەرگە" و گۆڤاری "ڕاپەڕین"دا کردووە. ساڵی ١٩٨٥ بەشداریی لە دەرکردنی گۆڤاری "هۆرە"دا کردووە. ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٥ و ١٩٨٦ بەگۆرانی و ژەنینی ئامێر بەشداریی لە تیپیی مۆسیقای شەهید کارزاندا کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ لە شارۆچکەی سەقز گیرساوەتەوە. ساڵی ١٩٩٠ وەک مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژ بەشدار بووە لە فێستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە لە شارۆچکەی سەقز.

پاش ڕاپەڕین بە لێپرسراوی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان هەڵبژێرراوە و ساڵی ١٩٩٥ بووەتە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی "ی.ن.ک". ساڵی ٢٠٠٩ بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرراوە. شوان کابان پێشمەرگە، هونەرمەند، پەرلەمانتار و نووسەرە.

* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، سێ چەپک خەم، لە خەمەکانی ئەم شەوم، شیعر ١١٦-١١٨



## شەهاب عوسمان

شەهاب عوسمان ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. خێزانەکەی نیشتمانپەروەرن، کەریم عوسمانی برای یەکێک لە شانۆکارو دەرهێنەرەکانی شاری سلێمانی بوو کە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە شاری هەولێر شوێنبزر کرا.

شەهاب شاعیر و نووسەر و خۆشخۆشە، لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاردا بەرهەمی ئەدەبی و سیاسیی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٧٧ چووەتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە و دەستی بە کاری ڕێکخستن و تێکۆشان کردووە. ساڵی ١٩٧٩ چووەتە شاخ و لە دەزگای ڕاگەیاندن بووەتە کادری ڕاگەیاندن و لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەک نووسەر و بێژەر کاری کردووە. لە شاخ پێشمەرگایەتیی کردووە و زۆرێک لە بەرهەمی ئەدەبیی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شاخدا وەک گۆڤاری نووسەری کوردستان بڵاو کردووەتەوە. بەشێک لە بەرهەم و ڕاپۆرت و خەتی گۆڤارەکە بە خەتی شەهاب نووسراوە. لە زۆرێک لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان و فێستیڤاڵەکاندا بەشداریی کردووە و بەرهەمی خۆیی پێشکەش کردووە.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردو نووسەرانی کوردستان بووە لە شاخ. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە. چەندین کۆڕ و فێستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٩ بە ڕێوە بردووە. لە دوای ساڵی ١٩٩٥ چووەتە هەندەران و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە. لە زۆرێک لە کۆڕ و فێستیڤاڵەکانی دەرەوەی کوردستان بەشداریی چالاکانەی کردووە. لە ئەڵمانیا پەیامنێری پیوکەی میدیای زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستان بوو.

شەهاب عوسمان جگە لەوەی شاعیر و ئەدیب بووە، ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون و ڕاگەیانکارێکی بەسەلیقە بوو. بەرهەمێکی زۆری لە شیعرو وتارو وەرگێڕان و کتێبێکی لەسەر شەهید کەریم عوسمانی برای هەیە.

بە داخەوە، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠٢١/١/٣ لە ئەڵمانیا بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، گۆرانی سووتاو و کۆچێکی پایزی، شیعر، ل٥٧-٥٩.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، هونەرمەند و نووسەری شۆڕشگێڕی کورد یەڵماز گونەی، لێکۆڵینەوە، ل ١٠٦-١١٩.



## شەماڵ بەهجەت سەعید کابان

ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٨ی بەشی میکانیکی لە ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە و خێزانەکەیان لە شارۆچکەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرساونەتەوە. ساڵی ١٩٧٥، دوای هەرەسی شۆڕش، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کردووە، پاشان پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە. ساڵی ١٩٨١ بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ گوێزراوەتەوە. لەوێ وەک کادرێکی تەکنیکیی ڕاگەیاندن لە چاپخانەی کۆمەڵە کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٤ لە سایەی ئاگربڕ و وتووێژی شۆڕش لەگەڵ حکومەت، لە سورداش وەک تەکنیکی و تایپیست و دیزاینەر لەگەڵ سیامەند شاسواری زۆربەی کارەکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنییان لە ئەستۆدا بووە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە چووەتە شارۆچکەی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار لە ساڵی ١٩٧٩ و ساڵی ١٩٨٨ بریندار بووە. ساڵی ١٩٩١ لە پرۆسەکانی ڕاپەڕیندا بەشداریی کردووە و بەشداریی ڕزگارکردنی شاری کەرکووکی کردووە. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کردووە و ماوەیەکیش وەک ئەفسەر لە ئاسایشی سلێمانی کاری کردووە.

ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتی هێناوە و پاشان پەیوەندیی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە کردووە. لە سەرجەم چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ دەورێکی کارای گێڕاوە و جێدەستی دیارە.

# ع



## عەباس محەمەد حسێن (حاجی مەمۆ - کاکەباس)

عەباس محەمەد حسێن ساڵی ١٩٥١ لە گوندی عەولا فاتی لە دەشتی هەولێر لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٧ خێزانەکەیان ڕوویان لە شاری هەولێر کردووە و گواستوویانەتەوە بۆ ئەو شارە. ساڵی ١٩٥٨ چووەتە بەر خوێندن. لە ساڵانی شەستەکاندا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە و لەو پەیوەندی و تێکەڵاوییەوە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە کاتی دوولەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کردووە.

ساڵی ١٩٦٧ بەدواوە وردەوردە ئاشنایی لەگەڵ بیروڕای مارکسیزم و ئایدیۆلۆژیای چەپدا پەیدا کردووە. ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و لە هەمان ساڵدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دەزگا ئەمنییەکان کەوتوونەتە چاودێریکردنی و پێش دەستگیرکردنی چووەتە ڕیزی شۆڕشەوە، لەوێ لەژێر باڵی شۆڕشدا بووە بە مامۆستا لە ناوەندیی هیران. پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە چالاکییەکانی لە بواری ڕێکخستندا چڕ کردووەتەوە و لەو سەروبەندەدا بووە بە لێپرسراوی کۆمیتەی برایم عەزۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ساڵی ١٩٧٩ بەپێی بڕیار سەرکردایەتیی ناوخۆ پێک هات و حاجی مەمۆ بوو بە بەرپرسی شاری هەولێر. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە و لە زەڵێ و ناوزەنگ گیرساوەتەوە. ساڵی ١٩٨١ بەشداریی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی کردووە.

ساڵی ١٩٨١ نامیلکەیەکی بە ناوی "ڕەخنەو ڕەخنەلەخۆگرتن" نووسیوەو بڵاوی کردووەتەوە. لە گۆڤاری کۆمەڵەدا وتارو لە گۆڤاری نووسەری کوردستاندا بابەتی ئەدەبیی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٢ کراوەتە ئەندامی مەڵبەندی ٣ی (ی.ن.ک) و ساڵی ١٩٨٣ بە هۆی کێشەوە دەستی لە کار کێشاوەتەوە. لە سەروبەندی کێشەکانی ناو کۆمەڵە بە لای ئاڵای شۆڕشدا خۆی ساخ کردووەتەوە و لە کۆمەڵە جیا بووەتەوە. ساڵی ١٩٨٤، بە هۆی فشارەکانی یەکێتی لەسەر ئاڵای شۆڕش، لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر خۆی شاردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە نهێنی چوونەتە ناچەی بادینان و پاشان چوونەتە ورمێ. ساڵی ١٩٨٧ وازی لە ئاڵای شۆڕش هێناوە و چووەتە سوریا، پاشان چووەتە ئەورووپا.

لە بەرهەمە دیارەکانی: لە هەواری یادەوەرییەکاندا، ٢٠١٣.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، قوتابخانەکەمان چیی بەسەر هات، چیرۆک، ل ٦٤-٦٧.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، چیرۆکەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، لێکۆڵینەوەو ڕەخنە، ل ٩٣-٩٨.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، ئەم خانووەی کەوتۆتە سەرەوەی هەور، ساندرۆ بریسۆنی، وەرگێڕان، شانۆ، ل ٧٩-٩٥.



## (هەڤاڵ کوێستانی)ـ کوسرەت

ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی میرزا ڕۆستەمی بناری چیای کۆسرەت هاتووەتە دنیاوەو خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی چوارقوڕنە تەواو کردووە. ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی و ڕانیە تەواو کردووە. پاشان لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە و پاشان پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٣ لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چووەتە دەرەوە و دوور کەوتووەتەوە.

تاقیکردنەوەی لە نێوەندی نووسین و شیعردا بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ هۆنراوەیەکی لە دەنگی کوردستاندا خوێنراوەتەوەو ساڵی دواتر شیعرێکی لە گۆڤاری بەیاندا بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە شاری سلێمانی کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ وێستگەیەکی گرنگە لە ژیانیدا، بەشداریی فێستیڤاڵی شیعری کوردیی کردووە و کتێبی ئافرەت و ژانی لەدایکبوونێکی نوێی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە و دەنگێکی زۆری لە پرسی ژندا داوەتەوە.

پاش تەواوکردنی زانکۆ، چووەتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە سنووری هەرێمی ٥ی قەرەداغ. چووەتە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی و نووسینەکانی لە "هەواڵنامەی کوردستانی عێراق" و "گۆڤاری کۆمەڵە" و "ڕێبازی نوێ"دا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٠ ڕۆڵی گرنگی لە دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا گێڕاوە. ساڵانی ١٩٨١ و ١٩٨٢ بووەتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "پێروو" و گۆڤاری "نووسەری کورددستان" و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە نووسین و دەرچواندنی هەردوو گۆڤارەکەدا بینیوە.ناملیکەیەکی بە ناوی "دەربارەی حیزبی

سەربەخۆی کرێکارانی کوردستان" بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٢ گوێزراوەتەوە بۆ بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ. ساڵی ١٩٨٣ چووەتە دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن.

ساڵی ١٩٨٨ چووەتە ئێران و لە مەریوان گیرساوەتەوە، پاشان چووەتە سەقز و بەشدار بووە لە دەرچواندنی گۆڤاری نووسەری کوردستان. ساڵی ١٩٩٠ ئێرانی بەجێ هێشتووە و چووەتە بەریتانیا و درێژەی بە کار و چالاکییە ڕووناکبیری و مرۆییەکان داوە. ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی ڕەوتێکی بەرەنگاریی دژی گەندەڵی پێک هێنا. ساڵی ٢٠٠٩ چووەتە ناو بزووتنەوەی گۆڕانەوە و ساڵی ٢٠١٠ لەسەر لیستی گۆڕان بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێررا.

* ژمارە ١، ئایاری ١٩٨١، دوو چیرۆک بۆ منداڵان، چیرۆک، ل ٦٠-٦٣.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نازم حیکمەتدا، شاردۆ بزینسکی، وەرگێڕان، چاوپێکەوتن، ل ٩-١٣.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، بەردەباز، چیرۆک، ل ٧٨-٨٦.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، دوو پارچە هۆنراوە، شیعر، ل ٥٢-٥٣.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، بڕیارێکی درەنگوەخت، شیعر، ل ٦١-٦٥.

* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی ونبوویەکدا، چیرۆک، ل ٧٨-٨٦.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ئێستای شیعر و چەند مەسەلەیەکی شیعری، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤-٥٧.



## عوسمان ڕەشید عەولا (عوسمان شەیدا)

عوسمان ڕەشید عەولا ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی گۆیژە لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. لە ٢٠٠٥/٤/٤ بە هۆی نەخۆشییەوە بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان و هەموان کردووە. شەیدا پیاوێکی نیشتمانپەروەر بووە و هەمیشە لە ڕیزی گەلەکەیدا بووە. لە سەرەتادا لە کۆمەڵێک کاری تەمسیلی و درامادا لەگەڵ ڕەوانشاد حاجی مەکی عەبدوللا لە ساڵانی دوای حەفتاکاندا بەشداریی کردووە. بە تایبەتی لە تەمسیلیی میللی "باوەژن خوا بناسە"دا ڕۆڵی دکتۆر دلێری بینیوە. درامای "ژن بەژن" و "پێ بە قەدەر بەڕەکەت ڕاکێشە"ی نووسیوە و پێشکەش کراوە.

ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەمین جار دیوانی شیعریی "شەختە"ی بڵاو کردووەتەوە. گۆرانیی بەرگری و "گرانەتا" کە کۆمەڵێک شیعری کارکاتێری بوون و "نزا سپییەکانی من"ی وەک شیعر نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە. شانۆگەریی "کەلەسەر"ی نازم حیکمەتی وەرگێڕاوە و لە سەر تەختەی شانۆ پێشکەش کراوە. هەتا ساتەوەختی کۆچی دوایی، لە نێو خانووەکەی پیرمێردی نەمردا بووە.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، دیوی دووەم لە کاسێتی هەنگاو و مێژوو، شیعر، ل ٢-٥.



## عەباس عەبدولڕەزاق ئەکبەر

پێشمەرگە و هونەرمەند و نووسەر، ناسراوە بە "عەباسی ڤیدیۆ". ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەکی مەزرعەی شاری خانەقین لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە خانەقین و بەشی کارەبای ئامادەیی پیشەسازی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە. ساڵی ٢٠٠١ بەکالۆریۆسی ڕاگەیاندنی لە زانکۆی سلێمانی بە دەست هێناوە.

ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی لاودا لە شاری خانەقین تیپی هونەری تاڤگەیان دامەزراندووە کە تیپێکی شانۆیی گەڕۆک بووە. ساڵی ١٩٧٤ بە هۆکاری گرتنی لە لایەن ڕژێمەوە، لە شاری بەغداوە خۆی گەیاندووەتە چۆمان و چووەتە ڕیزی شۆڕشەوە. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەسی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئاوارەکان پەیوەندیی بە یەکێتییەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ دوای، ڕووخانی شای ئێران، لە گوندی زەڵێ بەشداریی چالاکییە هونەرییەکانی کردووە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی هونەرمەنددا تیپی شانۆیی شۆڕشیان دامەزراندووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەوڵی زۆری داوە لە ڕێگەی وێنەوە گوزەران و ژیانی پێشمەرگەو خەڵک لە گوندەکاندا تۆمار بکات و وەک ئەرشیف و دۆکیۆمێنت بیپارێزێت.

ساڵی ١٩٨٤ پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی لە گوندی هەڵەدنی دەڤەری جافەتی کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٥ پەرەی بە دیکۆمێنتکردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە گوند و شارەکاندا داوە. ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی کیمابارانی شاری هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، وێنەی کارەساتەکەی تۆمار کردووە و بەشدار بووە لە ناساندنی

بە جیهان. ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستاندا. ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی "ی.ن.ک".

ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی ناوەندی سەلاح هەورامی و ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی فێستیڤاڵی گەلاوێژی بۆ باشترین چیرۆک و خەڵاتی باشترین چیرۆکی لە فێستیڤاڵی ئەمیتابی ساڵی ٢٠٠٤ لە ئیتالیا وەرگرتووە. ساڵی ٢٠١٤ کرایە بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی. ساڵی ٢٠١٥ خانەنشین کراوە. خاوەنی چەندین نووسین و سیناریۆ و کورتەفلیم و دراما و نووسینە.

* ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، سیناریۆ، چیرۆک، ل ١٤٢-١٤٩.



## عەبدولقادر سەعید (سەرچناری)

سالّی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. سالّی ١٩٦٣ بە مالّەوە هاتوونەتە سەرچناری سلێمانی. سالّی ١٩٦٢ چووەتە قوتابخانەو بەدەم خوێندنەوە دەستی بە کاری ڕۆژانە کردووە. سالّی ١٩٧٤ چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە تا هەرەس. سالّی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣ لە فەرمانگەی ڕێگاوبانی سلێمانی دامەزراوە. دەسپێکی ئەدەبی و بە تایبەتی شیعرنووسینی بۆ سالّی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە. لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوە و دەرەوە بەرهەمی بلاّو کردووەتەوە. لە گۆڤاری نووسەری کوردستانی شاخ بەرهەمی بە ناوی خۆیەوە بلاّو کردووەتەوە. تا ئێستا بە بەردەوامی بەرهەمی هەیە و لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیریدا بەردەوامە، بەشداریی دەیان کۆڕی ئەدەبیی کردووە و بەرهەمەکانیشی بۆ سەر زمانی عەرەبی و زمانی دیکە وەرگێڕاون.

بەرهەمە چاپکراوەکانی

١- کۆرپەی ژانی شەوانم، شیعر، ١٩٧٨.

٢- مەرگی بەختەوەری، شانۆگەریی شیعری، ١٩٨٤.

٣- دەروازەی سێیەمی مێژوو، درامای شیعری، ١٩٨٥.

٤- تراژیدیای مەرگی پاکیز، چیرۆکەشیعر، ١٩٨٦.

٥- لە زیندانی فاشییەکاندا، شیعری درێژ ١٩٨٨.

٦- ئەنفال، قەسیدە، ١٩٨٥.

٧- ڕوانین، قەسیدە، ٢٠٠٠.

٨- نامە کراوەکانی تاراوگە، شیعر، ٢٠٠٠.

٩- پەیکەرێک لە وەهم، شیعر، ٢٠٠٢.

١٠- کەڵەگا، قەسیدە، ٢٠٠٨.

١١- شاعیرێ وێنە دەکێشی، شیعر، ٢٠٠٩.

١٢- نیشتمان پڕە لە میلۆدیی حەسرەت، شیعر، ٢٠١١.

١٣- دوو بەرگی کۆبەرهەمی شیعری، ٢٠١١.

١٤- گۆڕغەریب، ڕۆمان، ٢٠٠٧.

١٥- فرمێسکی بەفر، ڕۆمان، ٢٠١٢.

١٦- پاکیزەکانی بیابان، ڕۆمان، ٢٠١٤.

١٧- گوێگرتن لە بێدەنگی، شیعر، ٢٠١٦.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، وەرزی ئازار، شیعر، ل ٦٦-٦٨.



## عەبدوڵڵا موحەمەد مەحموود (عەبدوڵڵا قەرەداخی)

سالّی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی کفری لە باشووری کوردستان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شارۆچکەی کفری تەواو کردووە. سالّی ١٩٨٠-١٩٨١ زانستگای بەغدادی تەواو کردووەو دەرچووی بەشی فەلسەفەیە. سالّی ١٩٧٥ دەستی بە نووسین کردووە و شیعری نووسیوە. سالّی ١٩٨١ بووەتە پێشمەرگە.

سالّی ١٩٩٢ خێزانی پێکەوە ناوە، کچێک و دوو کوڕی هەیە، دوانیان بەکالۆریۆسیان هەیە، سێیەمیان لە ئیستادا لە١٢ی زانستییە.

لە سالّانی پێشمەرگایەتیدا، واتە لە پاش سالّی ١٩٨١، ئەم بەرهەمانەی بە کوردی چاپ کردووە: گەشتی سێهەمین گەشت، سالّی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥. لە پەرستگای چاوەکانی نیشتماندا نوێژێکی دی، سالّی ١٩٨٨. تەونی گومان، سالّی ١٩٨٩. جگە لە دوو بەرهەمی ڕەخنەیی کە یەکێکیان بە زمانی عەرەبییە.

لە سالّانی دوای ڕاپەڕینەوە، سێ بەرهەمی چاپ کراون و بلّاو کراونەتەوە بە ناوەکانی:

١- جیهانێکی لێکترازاو، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان.

٢- ئوسولّیەتی ئیسلامی، لێکۆڵینەوە.

٣- چەمکی عەشق لای مەحوی، بە ناوی (دەردی عەشق).

دەیان لێکۆڵینەوە لە گۆڤارەکاندا بە زمانی عەرەبی و کوردی بلّاو کردووەتەوە. هەروەها چەند لێکۆڵینەوە و کتبێکی ئامادەیە بۆ چاپکردن. خانەنشینە و لە شاری کەرکووک نیشتەجێیە.

* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، سی چریکەی هەتیو، شیعر، ل ٦٠.



## عەبدوڵڵا سەراج (ش-م)

سالّی ١٩٣٧ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. سەرەتا بە شیعر و پەخشان چووەتە نێوەندی ئەدەبەوە، لە میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لە شاری کەرکووک لە سالّی ١٩٧٢دا یەکەم پارچە شیعر یان پەخشانی خۆی خوێندووەتەوە بە ناوی "لە کاروانا". لەپێناوی کورد و کوردستاندا پێشمەرگایەتیی کردووە.

ئەو هەمیشە خۆی بە شاعیر دەزانێت بەڵام مەیلی داواتە چیرۆک و ڕۆمان نووسین. لە سالّی ١٩٧١ـەوە چیرۆکی کورتی نووسیوە. بە بۆچونی ڕەخنەگرانی کورد، یەکەم کەسە کە میتاڕۆمان و میتاچیرۆکی هێناوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە. لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا کەرکووک لە بەرهەمەکانیدا پێگە و مەغزا و ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە، وەک دەڵێن: ئەو چیرۆکنووسێکە تەنیا عاشقی شاری کەرکووکە.

چاوپێکەوتنی میدیایی و ڕۆژنامەوانیی زۆری لەگەڵ ئەنجام دراوە و کەمتر تەلەفیزیۆنی. لە ئێستادا لە دەرەوەی کوردستان ژیان دەگوزەرێنی و بینایی چاو و گوێ و یادگەکانی لاواز بوون، ئەو زیاتر لە پەنجا ساڵە لە نێوەندی ئەدەبیدا سەرقاڵە و خزمەت پێشکەش دەکات.

تا ئێستا ١١ ڕۆمانی چاپ کردووە، خاوەنی ٦ کۆبەرهەمی چیرۆکی چاپکراوە. ٦ بەرهەمی هەمەجۆری تری چاپ کردووە. تا ئێستاش بەردەوامە لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی.

بەرهەمە گرنگەکانی:

١- هەڵکشان بەرەو لوتکە، ڕۆمان.

٢/ لاکێشە ڕووناکەکان، کورتەچیرۆک.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، ڕەشۆ، چیرۆک، ل ٢٠-٢٥.

* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، چالاکییەکی نەبەردانە، ئاش داخ، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٦٧-٧٥.



## عەبدوڵڵا کەریم مەحموود (عەبدوللا عبدلکریم_ سیروان)

لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی هەزار کانیی ڕەبات سەر بە ناحیەی سەنگاو لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٩ماڵیان لە گوندی (هەزار کانییەوە گوێزراوەتەوە بۆ گەڕەکی بەرانانی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی کردووە بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٧٤ ڕووی کردووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی کردووە بە کەرتی (هاوڕێیان)ی سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. وەک کادرێک سەرپەرشتیی ڕێکخستنی پۆلی شەهید ئازادی لە گوندی یاخسەمەر و سنووری دۆڵی جافەتی کردووە. ساڵی ١٩٨٥ بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی شاخ.

لە ١٩٨٨/٣/٣ لە کاتی ئەنفالی یەک، خۆی و هاوسەرەکەی و دوو منداڵی لە مێرگەپانەوە لەگەڵ دەیان خانەوادەی پێشمەرگەی تردا، لە چیای "قاترۆڵی"یەوە ڕوویان کردووەتە یاخسەمەر. لە کەرکەرەوە خۆیان گەیاندە گوندی گۆمەزەڵ، لە دۆڵی شێخ محەمەدەوە گەیشتوونەتە گەلاڵە، دواتر گوندی شاناخسێ و شارۆچکەی بانە، دوایین هەواریشیان شارۆچکەی "سەقز"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

ساڵی ١٩٧٩ بە مامۆستا لە گوندی "دارە ڕەش" دامەزراوە. ساڵی ١٩٨٤ چووەتە شاخ و چەکی کردووەتە شان و بووەتە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٩١ەوە سەرقاڵی کارکردن بووە بە نووسین و توێژینەوە لەسەر ئەنفال و کیمیاباران، دەیان بابەتی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٩٤ وەک پەیامنێر و نووسەر کاری ڕۆژنامەوانیی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا کردووە. دەیان ڕیپۆرتاژ و هەواڵ و ستوون و بەدواداچوون

و لێکۆڵینەوەی لە بوارە جیاجیاکاندا بڵاو کردووەتەوە. ئەندامی دەستەی گۆڤاری "تایم" بووە. ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی

بەرهەمی ئەدەبیی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری کاروان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو کردووەتەوە.

لە شاخ بەرهەمی لەم گۆڤارانەدا بڵاو کردووەتەوە: "نووسەری کوردستان"، "گزنگ"، "نووسەری چیا"، "دەنگی مامۆستا".

خاوەنی چەند کتێبێکی چاپکراوە.

* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، دوا چیرۆک، شیعر، ل ١٣٧-١٣٨.

*ژمارە ١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، دایک، چیرۆک، ل٩١ ـ ٩٥



## عەزیز کەیخوسرەوەی

عەزیز کوڕی ئەحمەدخان کوڕی مەحموودبەگ کوڕی کەیخوسرەوبەگ کوڕی فەیزوڵڵابەگ، ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە گوندی یەنگیجەی ١٥ کیلۆمەتریی شاری بۆکان لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی لە دایک بووە، پاشان لە شاری سەقز نیشتەجێ بوون.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شارەکانی سەقز، مەهاباد، سنە و تاران تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ زایینی لیسانسی زمان و ئەدەبیاتی لە تاران وەرگرتووە و بووە بە مامۆستای خوێندنگەی ناوەندیی دەبیرستانەکانی سەقز. ساڵی ١٩٧٦ بۆ درێژەپێدانی خوێندن چووەتە فەڕەنسا و بووە بە خوێندکاری دکتۆرای ئەدەبیاتی تەتبیقی لە زانستگەی پاریس.

ساڵی ١٩٧٨ی زایینی بۆ بەشداری لە شۆڕشدا گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و کاری خوێندنی بە نیوەچڵی ماوەتەوە و ماوەی دوو ساڵی دیکەش لە دەبیرستانەکانی سەقزدا درێژەی بە کاری خۆی داوە.

ساڵی ١٩٨٠ی زایینی بە هۆی بارودۆخێکی تایبەت کە لە کوردستاندا پێش هاتبوو، بە هۆکاری سیاسی لە کار لابراوە. ساڵی ١٩٨٥ی زایینی بووە بە ئەندامی کۆمیسیۆنی ئاموزش (بارهێنان) و زمانی یەکگرتوو لە یەکەمین کۆنگرەی مەهابادا.

ساڵی ١٩٨٦ زایینی لە گۆڤاری سروە دامەزراوە و چەندین نووسراو وەرگێڕان و شیعر و وتووێژی لە گۆڤاری سروە و گۆڤارە کوردییەکانی دیکەی وەک: نووسەری کوردستان، مامۆستای کورد، قەندیل، کولتوور، پێشەنگ... بڵاو کردووەتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا بە خوێندنەوەی شیعرو وتار لە کۆڕی شیعرو میهرەجانەکانی ورمێ، مەهاباد، سنە، سەقز، بانەدا بەشداریی کردووە کە زۆربەی کارە فەرهەنگییەکانی

لەم کتێبەدا نووسراوە. ساڵی ١٩٩٨ی زاینی، دوایەمین ساڵی چالاکییەکانی فەرهەنگی ناوبراو بە شێوەی فەرمی لە گۆڤاری سروەدا بوو. بەڵام ئێستەش بە نووسین و ئامادەکردنی هەندێک لە بابەتەکانی درێژە بە کاری خۆی دەدات (کاتی ئەم نووسینە لە ژیاندا بووە). بە داخەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە و لە ململانێ لەگەڵ ئەو نەخۆشییە کوشندەدا، کۆچی دوایی کردووە و ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە شاری سەقزی خۆرهەڵاتی کوردستان ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کراوە.

بەرهەمەکانی

١- کتێبێکی بەناوی چاوپێکەوتنێکی تیشکاووبڕ لەگەڵ مامۆستا فەرهاد شاکەلی، لە سوید چاپ کراوە.

٢- نیو سەدە تێکۆشانی فەرهەنگی لە کوردستاندا.

٣- هۆزی فەیزوڵابەگی، پەیوەندی لەگەڵ حکومڕانانی موکریان و باباندا، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤- کردستان در گزرگاه تاریخ

٥- ترجمە انتقام از کردی بە فارسی بە نام (توڵە).

* ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور، شیعر، ل ١٠٣.



## عەباس بەدری

عەباس بەدری عەباس باقر کازم، ناسراو بە (عباس البدری) ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی (عقد الاکراد - گەڕەکی کوردان) لە شاری بەغداد لە دایک بووە، سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩، پاشان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠دا لە ڕۆژنامەی (خەبات) کاری کردووە. ساڵی ١٩٦١ لە بەشی ڕۆشنبیریی (صوت الاکراد دەنگی کوردان) کاری کردووە. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی کردووە بە شۆڕشی ئەیلوولەوە. ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا بە مەبەستی کاری ڕێکخستن، بەڵام لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی بەغدا دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە زیندانی نوگرە سەلمان زیندانی دەکرێت. دوای ئازادکردنی، ساڵی ١٩٦٨ لە ڕۆژنامەی (النور ڕووناکی) درێژە بە کاری ڕاگەیاندن دەدات تا ئەو کاتەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی بەغدا دادەخرێ. ساڵی ١٩٧٣ لە هەردوو گۆڤاری (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ) کاری کردووە، هەروەها لە ڕۆژنامەکانی وەک (الفکر الجدید، الجمهوریة، العراق) و ڕادیۆی (بەغدا) کاری کردووە هەتا ساڵی ١٩٨٠. لەبەر هەڵوێستەکانی لە دژی بەعس و لەبەر ئەوەی کە کوردی فەیلی بووە، (تەرحیل) دەکرێت و بەرەو وڵاتی ئێران ڕادەگوێزرێ، بەو شێوەیە لە وڵاتی ئێران لە ئاوارەییدا دەمێنێتەوە، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ هەڤاڵەکانی و هاوڕێکانی نەپچڕا و بەردەوام دەبێت لە نووسین تا ساڵی ١٩٨٨ کە لە لایەن هەڤاڵەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنەوە داوای لێ دەکرێ جارێکی تر درێژە بە کاری خۆی لە ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بدات، کە ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی مام جەلال بووە، ئەویش بەبێ هیچ دوودڵییەک بەردەوام دەبێت لە خزمەتی گەل و نیشتمان و ئەو ڕێبازەی کە باوەڕی پێ بوو.

وەک هاوڕێ و هەڤاڵەکانی دەگێڕنەوە، دەستێکی باڵای هەبووە لە گەشەکردنی بڵاوکراوەی (الشرارة) و بەشی عەرەبیی (ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان). بەم شێوەیە، بەبێ دابڕان بەردەوامی دەبێ لە خەبات هەتا ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١. لە دوای ڕاپەڕین یەکێک دەبێت لە ڕاگەیاندنکارانی هاوڕێی شاندی دانوستاندنکارانی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەعس، کە ئەوکات بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان ئەنجام دەدرا. هەر دوای کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ک)، کاتێک بڕیار دەدرێت بە گۆڕینی ناوی (الشرارة) بۆ (الاتحاد)، دەبێت بە یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الاتحاد)، سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە گەشەکردنی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری (ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان) و بەرپرسی بەشی هەواڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان. عەباس ئەلبەدری لە ساڵی (١٩٩٣ بۆ ١٩٩٧) لە (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان) بەرنامەی (حدیث الیوم)ی ئامادە و پێشکەش دەکرد، بەڵام درێژەی داوە بە نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی (الاتحاد).

ساڵی (٢٠٠٠) دامەزرێنەری بەشی عەرەبیی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات دەبێ و بەرنامەیەکی دەبێت بە ناوی (الی الملتقی) هەتا ساڵی (٢٠٠٣) و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ هەڤاڵەکانی (الاتحاد) دادەمەزرێنن کە ئەوکات وەکو یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕووخانی ڕژێم بوو بە مانشێتی زۆرێک لە ڕاگەیاندنەکان. بەو شێوەیە بەردەوام بوو لە (الاتحاد)، هەتا ساڵی (٢٠٠٦)، دوای ئەوەی لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی مام جەلال داوای لێ دەکرێ لە (تۆڕی میدیایی عێراق) وەکو کوردێک لە ناو کوردیش کە بۆ (ی.ن.ک) بووە، کار بکات و دەبێتە (ئەندامی دەستەی داوەری) لەو دەزگایە هەتا ساڵی (٢٠١٠).

عەباس ئەلبەدری دانەبڕا لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی، بە تایبەت دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی (تەکنەلۆژی)، ئەویش لە ڕێگەی ماڵپەڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان، کە بە داخەوە دوانووسینی عەباس ئەلبەدریی نووسەر و ئەدیب و عاشق بابەتی (العشق مصارع لا یصرع)، واتە (عەشق زۆرانبازێکە زۆرانی لەگەڵ ناگیرێ) بوو کە لە ڕۆژی (٢٠١٤/١٢/٣١) نووسیویەتی. مامۆستا عەباس ئەلبەدری زۆر بە ئارامی ماڵئاوایی لێ کردین، هەر وەک چۆن بە هێمنی لەگەڵماندا ژیا. بە داخەوە ڕۆژی (٢٠١٥/١/١٤) دڵە گەورە و پاک و بەوەفاکەی

لە لێدان کەوت و بەجێی هێشتین. بەڵی، عەباس ئەلبەدری بە جەستە لە لامان نەما، بەڵام هەر وەک چۆن دۆستان و هاوڕێ و هەڤاڵەکانی دەڵێن: عەباس بەدری بە قسە خۆشەکانی و نووسینەکانی و ئامۆژگاری و ڕەخنە (بونیاتنەرەکانی)، بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویی لە ناوماندا دەمێنێتەوە.

# ف



## فەرەیدون عەبدولقادر

فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکووک لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٨ ماڵیان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٥ لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی موستەنسریە وەرگیراوە.

دەسپێکی ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٦٢ دەگەڕێتەوە کاتێک بوو بە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پاشان پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٧ کەوتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی چەپی شۆڕشگێڕ و ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ شەهاب شێخ نوری و فازیلی مەلا مەحموود کەوتنە بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕ کە پاشتر پێکهێنانی کۆمەڵەی ماکسی-لینینیی کوردستانی لێ کەوتەوە. ساڵی ١٩٧٢، پاش چوونەدەرەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، زۆربەی ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوەی کەوتووەتە سەرشان. سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی نهێنیی "ئاڵای سوور"ی کردووە.

ساڵی ١٩٧٣ بە کارمەند لە شارەوانیی کەرکووک دامەزراوە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەسی شۆڕشی کورد گەڕاوەتەوە سلێمانی. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەستگیر کراوە و ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە. ساڵی ١٩٨١ هەڵبژێرراوە بۆ ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٨٤ لە وتووێژی نێوان حکومەت و شۆڕشدا بەشداریی خولەکانی گفتوگۆی کردووە.

نامیلکەی "پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان" یەکێکە لە نووسینەکانی. لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی یەکێتیدا وتار و نووسراوی سیاسی و ئەدەبیی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٨ بووەتە نوێنەرییەکێتیی لە بەرەی کوردستانیدا. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەرکی لێپرسراوێتیی کاروباری ڕاپەڕینی ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیانی پێ سپێرراوە. ساڵی ١٩٩٤ بووەتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن و کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، خەباتی ڕاست وچەپ، لێکۆڵینەوە، ل ٦٥-٦٩.



## فازل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر)

سالّی ١٩٥٢ لە گوندی عەلی ئاغای قۆرەتووی قەزای خانەقین لە دایک بووە. لە قۆرەتوو چووەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە خانەقین تەواو کردووە. سالّی ١٩٧٢ لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان وەرگیراوە.

ژیانی سیاسیی بۆ سالّی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە و چووەتە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پاشان سالّێک دواتر دەچێتە نێو ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستانەوە. سالّی ١٩٧٤ چووەتە ڕیزی شۆڕشەوە. سالّی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە سەر خوێندن و پەیمانگەی تەواو کردووە.

سالّی ١٩٧٦ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی کۆمیتەیەکی ڕێکخستنیان لە بەغدا و خانەقین پێک هێناوە. سالّی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە لە ناوچەی قەرەداغ کردووە و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە. سالّی ١٩٧٨ وەک کادر ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنەکانی گەرمیانی پێ سپێرراوە.

بووەتە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. سالّی ١٩٧٩ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی. ئەرکی دەرکردنی هەریەک لە بڵاوکراوەکانی ”هەواڵنامەی کوردستانی عێراق“ و ”گۆڤاری کۆمەڵە“ی پێ سپێراوە. سەرباری نووسینی سیاسی، لێکۆڵینەوە و چیرۆکی ئەدەبیی نووسیوە.

سالّی ١٩٨١ کوردستانی بەجێ هێشتووە، چووەتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و زۆربەی کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین تەرخان کردووە. سالّی ١٩٩١ بە هۆی تێزێک کە پێشکەشی بە زانکۆی گیۆرک ئۆگۆستی کرد بە ناونیشانی ”شۆڕشی ڕزگاریخوازی

گەلی کورد لە نێوان کلتووری عەشیرەتگەری و خۆنوێکردنەوەی سیاسیدا“، بڕوانامەی ماجستێری وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە کوردستان.
دیارترین بەرهەمەکانی: مێژووی بیری سیاسیی کورد، ٢٠٠٨.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، هەڵهاتن، چیرۆک، ل ١١٤-١٣١.



## فازڵ عەبدوڵا عوسمان (فازڵ قەساب)

ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی لە دایک بووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدایە - بەشی شانۆ (١٩٧٦). کارمەندی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا – بەشی کوردی ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٦. ساڵی ١٩٧٤ لە هەفتەنامەی برایەتی لە بەغدا کاری کارد کردووە. لە حەفتاکاندا لە ڕۆژنامەی هاوکاری و برایەتی و گۆڤاری بەیاندا گەلێک وتار و وەرگێڕانی بڵاو کردووەتەوە.

ڕاهێنەری هونەری لە بەڕێوەبەرێتیی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی (١٩٧٩)، بەڕێوەبەری هونەریی تیپی نواندنی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٠ تا ئێستا. لە ساڵی ١٩٨٧ تا داگیرکردنی دۆڵی جافەتی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە سەرنووسەری مانگنامەی ڕزگاری بووە. سەنووسەری گۆڤاری (ڕەنگاڵە)ی زمانحاڵی کۆمیتەی شاخی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە.

لە بڵاوکراوەکانی شاخدا نووسین و وەرگێڕانی بڵاو کردووەتەوە. لە ١٩٨٦ تا سەرەتای ٢٠٠١ سەرنووسەری هەردوو مانگنامەی کوردستانی نوێ و (المنار الكردي) بووە لە لەندەن. لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٢ سەرنووسەری گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێ بووە.

ئەندامی بۆردی سەرەکیی فێستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتیی سلێمانییە.

بەرهەمەکانی

* دەرهێنان

ماڵی شێتی – توفیق فەیاز، ١٩٧٦.

کووپە لویجی پیراندیللۆ، ١٩٧٨.

جوولەکەکەی ماڵتا – کریستۆفەر مارلۆ، ١٩٧٩.

چراوگ - غەسان کەنەفانی، ۱۹۷۹.

پۆنتیڵاو ماتی - برتۆڵد برێخت، ۱۹۸٤.

* نواندن

ماڵی شێتی، ۱۹۷۸.

کووپە، ۱۹۷۸.

پردی ئارتا، ۱۹۷۹.

جوولەکەکەی ماڵتا، ۱۹۷۹.

دکتۆر پاڵمی، ۱۹۸۲.

* دراما و سینەما

سوتووەکانی جەنگ، کورتەفیلم، سیناریۆ و دەرهێنان: کامەران جەمال، ۲۰۰۹.

هەنگاوەکانی سەر خۆڵەمێش، زنجیرەدراما، نووسین و دەرهێنان: گەزیزە، ۲۰۱٥.

* وەرگێڕان

نۆڤلێتی خامۆشیی دەریا، نووسینی ڤێرکۆر.

* ژمارە ١٥، ساڵی ۱۹۸۹ کامەیە سەنگەری جەماوەری سەربەخۆ، وتار، ل٤٠-٤٩.

* ژمارە ١٦، پایزی ۱۹۸۹، دایکە کێوی، گی. دی. مۆپاسان، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ١٥١-١٥٦.



## فەرهاد پیریاڵ (دکتۆر)

سالّی ١٩٦١ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. قۆناخەکانی خوێندنی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، زانکۆی تەواو کردووە. سالّی ١٩٩٤ دکتۆرای لە مێژوویی ئەدەبی نوێی کوردی لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس بە دەست هێناوە،

سالانی هەشتاکان چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە. زۆر بەرهەمی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخدا بڵاو کردووەتەوە. لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا وەک سەرنووسیار و ئەندامی دەستەی نووسەران لە سالانی هەشتاوە تا ئەمڕۆ کاری کردووە: "یەکگرتن و دەروازە" لە کۆپنهاگن، "خەرمانە و نوودەم" لە ستۆکهۆڵم، هیوا لە پاریس، "هاڤیبوون" لە بەرلین، "کوردستانی نوێ و وەرگێڕان و وێران جوایەز و شین و شیعر" لە شاری هەولێر.

یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی چیرۆک بووە کە لە گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" لە سالّی ١٩٧٩ لە تەمەنی هەژدە سالّیدا لە شاری بەغداد بڵاو کراوەتەوە. یەکەمین کتێبیشی شانۆنامەی (ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم) کە لە لایەن یەکێتیی نووسەرانیی کوردستان لە شاخ لە سالّی ١٩٨٤ چاپ کراوە.

لە زانکۆکانی سەلاحەددین، هەولێر، سلێمانی، کۆیە، خانەقین، لە کۆلێژەکانی ئاداب و هونەر و قانوون و پەروەردە و وەرگێڕان و کارگێڕی و زانست و کۆلێژی مامۆستایان وانەی (ڕێبازە ئەدەبییەکان) و (ئەدەبی نوێ) و(کوردناسی) و (مێژووی هونەر)ی وتووەتەوە.

ماوەیەک مامۆستای وانەی (ئیستاتیکا) بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین، لە شاری هەولێر.

چەندین توێژینەوە و بابەتی ئەدەبی و کوردناسی و مێژوویی و ڕۆژنامەگەریی نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە کە زیاتر لە ٦٠ بەرهەمی هەمەڕەنگی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت وەک:

١ـ- ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم، شانۆ، ساڵی ١٩٨٤ لە شاخ چاپ کراوە.

٢ـ- بەیانی باش ئەی غەریبی، شانۆ، کۆپنهاگن، ١٩٨٨.

٣ـ- ئیگزیل، شیعر، پاریس، ١٩٩٢.

٤ـ- ژمارەکانی گۆواری کوردستان، دەزگای گوڵان، ١٩٩٨.

٥ ـ- ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەڕەنسی، هەولێر، ١٩٩٨، دەزگای خەندان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦ ـ- سەرچاوەکانی کوردناسی، سلێمانی، بنکەی گەلاوێژ، ١٩٩٨.

٧ـ- زێڕی ناو زبڵ، توێژینەوە و تێکستی وەرگێڕراوی کوردۆلۆجی، سەردەم، ١٩٩٩.

٨ ـ- ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆک، ١٩٩٩.

٩ـ- وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسەکاندا، بنکەی وێران، هەولێر، ١٩٩٩.

١٠ـ- جوایەز، شیعر بە هاوبەشی، دەزگای ئاراس، ١٩٩٩.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، دوو پارچەشیعر، شیعر، ل ٩٨.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، پێنج ژمارەی نووسەری کوردستان، لێکۆڵینەوە. ل ٥-٢٢.



## فەلەکەدین کاکەیی

فەلەکەدین سابیر مەحموود، بە فەلەکەدین کاکەیی ناسراوە، پێشمەرگە و وەزیر و تێکۆشەرێکی کوردە. ساڵی ١٩٤٣ لە یەکێک لە گوندەکانی دەڤەری کەرکووک لە دایک بووە. فەلەکەدین یەکێکە لە پەیڕەوانی ئایینی یارسان و لە سەیدەکانی بنەماڵەی پیرانی کاکەییە. فەلەکەدین لە نێوەندی ڕۆشنبیری و نووسین و سیاسەتدا کەسێکی چالاک و دیار و دەرکەتوو بووە. ساڵی ١٩٥٧ بووەتە ئەندامی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق. ساڵی ١٩٦٠ چووەتە نێو سەندیکای جووتیارانی کەرکووکی سەر بە حیزبی شیوعیی عێراق و لە نێو ئەو سەندیکایەدا کەسێکی چالاک بووە، لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بە زمانی عەرەبی نووسین و بەرهەمەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٦٦ چووەتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٦٧ لە لایەن ڕژێمی ئەو کاتەی عێراقەوە زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٦٧ یەکەم بەرهەمی چاپکراوی خۆی کە ڕۆمانێکە، بە زمانی عەرەبی نووسیوە و بە نێوی (بطاقة يانصيب) بڵاوی کردووەتەوە. ساڵی ١٩٦٧ چووەتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٧ تا ساڵی ١٩٧٤ وەک پەیامنێر و نووسەر لە ڕۆژنامەی (التاخی – برایەتی) کە لە شاری بەغداد لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچوو، کاری کردووە. ساڵی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان ڕژێمی بەعس و شۆڕش و خەڵکی کوردستان هەڵایساوەتەوە، بووەتە سەرنووسەری ئێزگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە شاخ. لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٩١ وەک پەنابەر لە ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران ژیاوە. ساڵی ١٩٧٩ سەرپەرشتیی نۆیەمین کۆنگرەی پارتی

دیموکراتی کوردستانی کردووە و بۆتە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی.

ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٩١ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی بووە. ساڵی ١٩٨٩ دووبارە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێرراوەتەوە. ساڵی ١٩٩١ ئەندام و نوێنەری پارتی بووە بۆ لیژنەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی شەقلاوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، کۆنگرەی (ئازادی)، وەک جێگری یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێرراوە، لە هەمان ساڵدا لەسەر لیستی پارتی دیموکرات بووەتە ئەندامی یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و لە ١٩٩٢/٧/٧ بووەتە ئەندامی لیژنەی کولتوور و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنەکە، ساڵی ١٩٩٣ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبژێرراوەتەوە. ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠١ سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات بووە.

١٩٩٦/٢/٢٦ بووەتە وەزیری ڕۆشنبیریی سێیەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ١٩٩٧/٩/٢٣ دەستی لە ئەندامێتیی ئەنجوومەنی نیشتمانی کێشاوەتەوە. ساڵی ١٩٩٩ بووەتە ڕاوێژکاری سەرۆکی پارتی. ١٩٩٧/٥/١٥ مەدالیای بارزانیی پێ بەخشراوە. ١٩٩٩/١٢/٢٠ لە چوارەمین کابینەی حکومەتدا بووەتە وەزیری ڕۆشنبیری. ٢٠٠١/٨/١٥ بووەتە وەزیری هەرێم. ساڵی ٢٠٠٣ بووەتە بووەتە ئەندامی کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. ٢٠٠٦/٥/٧ بۆ جاری سێیەم وەک وەزیری ڕۆشنبیری دیاری کراوە. فەلەکەدین کاکەیی دەیان و نووسین و بڵاوکراوەی بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە و خاوەنی یانزە کتێبە. ساڵی ٢٠١٥ کۆبەرهەمی فەلەکەدین کاکەیی لە ١٧ بەرگدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کە هەشت بەرگی بە زمانی کوردییە و نۆ بەرگی بە زمانی عەرەبییە. بە داخەوە ساڵی ٢٠١٤ لە شارۆچکەی پیرمام کۆچی دوایی کردووە و لەوێش بە خاک سپێراوە.



## فەرهاد حەمەساڵح کەریم (فەرهاد سەنگاوی)

پێشمەرگە و ڕاگەیاندنکار و پەرلەمانتار، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. ژیانی لاویی لە کەرکووک و سەنگاو و چەمچەماڵ بەسەر بردووە و پۆلەکانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی لە سەنگاو و چەمچەماڵ تێ پەڕاندووە. بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر میرسمایلی زەنگەنە. باوکی نەدار و هەژار بووە و بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی ٥ی گەرمیان لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ و پاشان گوازراوەتەوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندن.

لە کاتی پێشمەرگایەتیدا لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەستبەکار بووە. سەرەتا بە کاری سەرتایی و دواتر وەک بێژەر و ئامادەکاری هەواڵ دەستبەکار بووە. ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٨٨ بە گرنگترین ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی دادەنرێ وەک باشترین و کاریگەرترین و بەناوبانگترین بێژەر و خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و بەناوبانگترین بێژەر.

ساڵی ١٩٨٢ دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم لە سەنگاو ماڵی باوکیان سووتاند و خێزانەکەیان دەستگیر کرد و بۆ ماوەی ٩ مانگ لە کەرکووک زیندانیان کردن. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان، لەگەڵ ڕادیۆ چووە دۆڵەکۆکە و پاشان لە سەقز گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٠ لە ڕێگەی ئێرانەوە چووەتە سوریا، پاشان ساڵی ١٩٩١ گەیشتووەتە دانیمارک و کە ڕاپەڕین هەڵایساوە، خۆی

گەیاندووەتەوە کوردستان و شاری سلێمانی و پیشە کۆنەکەی هەڵبژاردووەتەوە و دەستبەکار بووە.

سالّی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە کردووە و هەر زوو وازی هێناوە و گەڕاوەتەوە ناو یەکێتی. سالّی ٢٠١٣ بووەتە پەرلەمانتار.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، گۆڕغەریبێک، پەخشان، ل ١٩٥.



## فەرید سابیر قادر حەسەن (فەرید ئەسەسەرد)

فەرید سابیر قادر حەسەن، ناسراو بە فەرید ئەسەسەرد، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە بەغدا تەواو کردووە، ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لە بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی پەروەدەی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە، بەڵام ساڵێک دواتر چووەتە زانکۆی بەغدا و بەشی سایکۆلۆژیای کۆلێژی ئاداب. ساڵی ١٩٧٧ لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا دامەزراوە و لە گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" کاری کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و ساڵی ١٩٧٨ لە شاری هەولێر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دەسپێکی پەخشی ئێزگەی گەلی کوردستان لە بەشی عەرەبی وەک نووسەر کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٢ بووە بە لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی.

ساڵی ١٩٨٦ کتێبێکی دەربارەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا نووسیوە و بڵاوی کردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٧ بووە بە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن و ساڵی ١٩٨٨ بووە بە لێپرسراوی ئێزگە. ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٨ جگە لەوەی کە لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "ڕێبازی نوێ" و "شەرارە" بووە، وتاریشی تێدا بڵاو کردوونەتەوە.

ساڵی ١٩٨٨، پاش ساڵاوەکانی ئەنفال، لە شارۆچکەی سەقزی خۆرهەڵاتی کوردستان گیرساوەتەوە. ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ مەحموود ڕەزاو مستەفا ئیبراهیم

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٩٧ بووە بە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان. ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی هەڵبژێرراوە و ساڵی ٢٠١٢ بووە بە لێپرسراوی مەکتەبی بیر و هوشیاریی یەکێتی.

بەرهەمەکانی:

١ـ- گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستان، ١٩٨٦.

٢ـ- شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لە کوردستاندا، ١٩٨٧.

٣ـ- کوردستان و مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، ١٩٩٨.

٤ـ- ئەتڵەسی سیاسیی کوردستان، ٢٠١٠.

٥ـ- ڕیشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان، چاپی دووەم ٢٠١١.

* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، پەیکەر، چیرۆک، ل ٥٧-٦٥.



## فەرید بەکر ئەیوب (فەرید زامدار)

فەرید بەکر ئەیوب شاعیر و نووسەر و سیاسییە، ساڵی ١٩٥٢ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. دەستکردنی بە نووسینی شیعر بۆ ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ دەگەڕێتەوە و یەکەم بەرهەمی دیوانێکی شیعرە بە ناوی "برووسکەی هەوری مەبەستێک" کە ساڵی ١٩٧٣ چاپ بووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٣وە دەست پێ دەکات و پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لە سەروبەندی دەسپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و شاعیردا لە دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕشدا دەستبەکار بووە. لێپرسراوی لقی هەولێری لاوانی کوردستان بووە، سەرنووسەری گۆڤاری "لاوان" بووە و چەند ژمارەیەکی لە چۆمان لێ دەرچووە.

پاش هەرسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ ئاوارەی ئێران بووە. ساڵی ١٩٧٩ دیوانێکی تری بە ناوی "دیوانێکی بێناونیشان" دەرکردووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە و لە ناوزەنگ گیرساوەتەوە. ساڵی ١٩٨٠ وازی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هێناوە و ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بووە لە کۆبوونەوەی هێڵی گشتیدا لە تووژەڵە.

ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، سەرپەرشتیی گۆڤاری "کوردایەتی"ی کردووەو چەند وتاری تێدا بڵاو کردووەتەوە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا دوو نامیلکەی لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاو کردووەتەوە، یەکێکیان

بە ناوی ”شۆڕشگێڕ کێیە؟“ کە بیست لاپەڕەیە، ئەوی تریان ”پێناس“ کە ٣٢ لاپەڕەیە.
ساڵی ١٩٨٣ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و ساڵی ١٩٨٩ و دیوانێکی بە ناوی ”تێکست“ەوە بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە یەکێتییەوە کردووەتەوە و لە ئێزگەی گەلی کوردستان لە گەلاڵە کاری کردووە. ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ بەڕێوەبەری ئۆفیسی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە. ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەولێری بەجێ هێشتووە و لە سلێمانی گیرساوەتەوە. سەرنووسەری گۆڤاری ”پەیک“ بووە و ساڵی ٢٠٠٠ لە سلێمانی پێشانگای شێوەکاریی کردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٤ بووە بە سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تا ساڵی ٢٠٠٨. ساڵی ٢٠١٠ وەک ڕاوێژکار لە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لە ڕێکخراوی خێرخوازیی نێودەوڵەتیی ئاشتی کاری کردووە.

٢٢/٧/ ٢٠١٩ تووشی نەخۆشی بووە و پاش ململانێیەکی زۆر، کۆچی دوایی کردووە.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، تیشک، شیعر، ل ٥٩.

# ک



## کەمال فواد (دکتۆر)

کەمال عەبدولکەریم محەمەد فواد، ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی دێرین دایک بووە. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بەرەو بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی چووە و پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە کردووە. ساڵی ١٩٥٢ بۆ خوێندن ڕووی لە شاری بەغدا کردووە و لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیراوە. لە سەروبەندی چالاکییە جەماوەرییەکانی پارتی کۆمۆنیست و بە هۆی دەوری کارای تێدا، دەستگیر کراوە، دوو ساڵ زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٥٤ ئازاد کراوە. ساڵی ١٩٥٦ داوای لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق کردووە دەربارەی مەسەلەی کورد هەڵوێستی ڕوونی هەبێت.

ساڵی شەستەکان ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی لە کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئەورووپا بینیوە. ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٦٨ کەوتە گەڕان و سۆراخ بە شوێن ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، لە ئەڵمانیا هەموو ژمارەکانی دۆزییەوە و وەچنگی خستن و ساڵی ١٩٦٩ وتارێکی لە گۆڤاری "ڕووناکی" لەسەر ڕۆژنامەکە بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٧٢ هەموو ژمارە وەچنگخستووەکانی "کوردستان"ی لە یەک بەرگدا کۆ کردەوە چاپی کردن.

ساڵی ١٩٧١ گەڕایەوە عێراق و بۆ ماوەی ساڵێک لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا دامەزرا. پاشان گویزرایەوە بۆ زانکۆی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٤ زانکۆی بەجێ هێشتووە و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. لە بەشی لێکۆڵینەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە. پاش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، پەنای بۆ ئێران بردووە و لەوێشەوە چووەتەوە ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٧٥ وەک دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. ساڵی ١٩٧٧ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێرراوە.

لە کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٨٢، پاش یەکگرتنی هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و بوونیان بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە ناو یەکێتیدا وەک ئەندامی سەرکردایەتی مایەوە. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا لە ساڵی ١٩٩٢، وەک ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێرراوەتەوە.

ساڵی ١٩٩٢ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. ساڵی ٢٠١٠ بە هۆی نەخۆشییەوە گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و لە ٢٠١٤/١١/١٦ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١، لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠-٥٢.

* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، ڕۆژنامەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، ل ٣-١٥.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چەند سەرەتایەکی زمانەوانی، لێکۆڵینەوە، ل٩-١٣.



## کەریمی حیسامی

ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی، ٩ی مانگی ژانوییەی ١٩٣٦ی زاییني لە گوندی (بەیرەم)ی ناوچەی مەنگوڕی مەهاباد لە خێزانێکی وەرزێر و دیندار لە دایک بووە، خۆی دەڵێت: ئەوەندەی خۆم لە بیرمە، قەت دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتوو نەبووین، بەڵام وەک بیستوومە، ماڵە باپیرەم (عەولای خدرە هاری) دەوڵەمەندێکی قورسی گوندی قزڵجە بوون، خاوەن مەڕومالات و تاوڵ و چیخ و هەوار و بانە مەڕ و مەزراو جووت و گا و خەلە و خەرمانی زۆر بوون. میرزا حامیدی باوکی پیاوێکی خوێندەوارو بەسەلیقە و تێگەیشتوو بووە و لە نێو خەڵکدا خاوەنی قەدر و ڕێزێکی تایبەت بووە.

هێمن دەڵێت: "میرزا حامید تاقە کەسێک بوو کە شێخولئیسلامی باوکی لە بەری هەڵدەستا." کەریمی حسامی خۆی لە یادی نییە چۆن دەستی بە خوێندن کردووە، بەڵام منداڵێکی ژیر و وریاو بووە، لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا هەستی بە دەستکورتی و نەداری کردووە، لە قوتابخانە ژیر و زیرەک بووە. لە گوندی (بەیرەم) لە لای مامۆستایەکی ناودار بە نێوی (مەلا ڕەحمانی مام جەلال) وانەی خوێندووە. لە گوندەکانی (بەیرەم و قزڵجە)ش لە لای (مەلا ئەحمەدی چاوڕەش)، کە ئەویش مەلای گوند بووە، گوڵستان و بوستان، یوسف و زولێخای خوێندووە. زۆرینەی شیعرەکانی لەبەر کردووە. دیارە مامۆستای گوند زۆر شارەزا نەبووە، بۆیە باوکی زۆرینەی واتای شیعرەکانی بۆ ڕاست کردووەتەوە.

ماوەکیش بەماڵەوە چوونەتە گوندی (جوبریلاوا)ی شنۆ، لەوێ زۆر نەدار و هەژار بوون و خوێندنی لێ تێک چووە. لە لاجان و گوندی (جاران) ژیاون. ساڵی ١٩٥٧ لە زیندان ئازاد کراوە. ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٥٩ هاتووەتە عێراق. ساڵی ١٩٥٩ چووەتە دانیشگا و لیسانسی لە ئابووریدا وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بولغاریا و لە شاری پراگ لە ڕادیۆی دەنگی ئێران کاری کردووە. چەندین جار لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ بە کاری حیزبی و نهێنی سەردانی عێراقی کردووە. چەندین جار ئاوارە و زیندانی بووە. سەردانی ئەڵمانیا، بەغداد، شام، بەیروت، پراگ و سۆفیای کردووە و تێیدا ماوەتەوە. کەریمی حسامی لە سەرەتای لاوییەوە چووەتە نێو بزووتنەوەی چەپەوە و تێکەڵاویان بووە، وەک حیزبی تودە، پاشان چووەتە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە نێو ئەو حیزبەدا درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە. بەشداریی دەرکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کردووە و نووسین و وەرگێڕانی تێیاندا بە زمانی کوردی و فارسی تێدا بڵاو کردووەتەوە. نووسەر و وەرگێڕێکی کوردیزان و زمانپاراو بەسەلیقە بووە. لە کۆتایی تەمەنیدا چووەتە سوید و لەوێ نیشتەجێ بووە. لەوێ لە ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە. لە ژیانیدا جگە لە بڵاوکردنەوەی ١١ بەرگی بیرەوەرییەکانی، نزیکەی ٢٧ کتێبی لە نووسین و وەرگێڕان بڵاو کردووەتەوە.

کەریمی حسامی لە ناو ڕووناکبیران و نووسەران و سیاسییەکاندا، ناوێکی دیار و بەناوبانگە، چ وەک نووسەر و خەباتکار، چ وەک وەرگێڕ و سیاسی. لە دەرەوەی وڵات دەورێکی گرنگی بینیوە. وەک ڕۆژنامەوان و نووسەر چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە، ڕۆڵی بەرچاوی دەردەکەوێت، گۆڤاری تێکۆشەری دەرکردووە و زیاتر لە ٢٧ ژمارەی لێ بڵاو کردووەتەوە. گۆڤاری پێشەوای بە ٢٠ ژمارە بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٠ ڕۆژنامەی کوردستانی لە دەرەوە دەرکردووە. گۆڤاری کوردستانی لە ساڵی ١٩٧٠ دەرکردووە و تا ئێستا دەردەچێت. ڕۆژنامەی سەردەمی نوێی لە ئەورووپا دەرکردووە و سەرنووسەری بووە و لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٨٩ زیاتر لە ٥٤ ژمارەی لێ بڵاو کردووەتەوە. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وتاری سیاسی و ئەدەبی و وەرگێڕانی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٩٨ بە هۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی

ناوی بەشێک لە کتێبە بڵاوکراوەکانی نووسەر:

ا- نووسینەکانی

١-کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران.

٢- وەڵامێک بە کوردی و فارسی.

٣- لە دەوری ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات کۆ ببنەوە.

٤- ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی حسێنی مەدەنی.

٥- ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی.

٦- چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات.

٧- کوردو فەرهەنگی بێگانە.

٨- لێکۆڵینەوەی کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم (کوردی و فارسی).

٩- تایبەتی کۆنگرەی شەشەم.

١٠- کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری.

١١- یادی هێمن.

١٢- لە پێناوی چیدا؟

١٣- بادانەوە.

١٤- کڕوکاش.

١٥- سەفەر بۆ کوردستان.

١٦- گەشتێک بە نێو بیرەوەرییاندا.

١٧- کورد لە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکومەتانی ناوچەدا.

١٨- پێداچوونەوە، بەرگی یەکەم (بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران).

١٩- حیکایەتکردن یا نووسینی مێژوو.

٢٠- پێداچوونەوە، بەرگی دووەم (بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران).

٢-بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی

١- دایک، مەکسیم گۆرکی، ١٩٧٨.

٢- ژیان و کردەوەکانی لینین.

٣- ئەفسانە کوردییەکان، ڕۆدینکۆ.

٤- زەویی بچووک، بژنێڤ.

٥- مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی سوید.

٦- کۆمەڵەچیرۆک لە ئەدەبی بێگانە.

٧- یاسای بنچینەی ئابووریی سۆسیالیستی.

٨- حەمە بچکۆل (ئینجە مەمەند)، یەشار کەمال.

٩- ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە، ژورژو پۆلیتسێر.

١٠- نامەی گوللەبارانکراوەکان.

١١- کورتەمێژووی کۆماری بولغارستان.

١٢- ڕەوشتی کوردان، مێژووی بابان و ئەردەڵان.

١٣- ئازادی یا مەرگ، کازانتزاکیس، ١٩٩٧.

١٤- نان و شەراب، ئینیاتسیو سیلۆنە، ٢٠٠٣.

١٥- مەسەلە و زارگوتنی لوڕی.

١٦- ڕۆژەکانی ئێران، ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت.

١٧- لە کوردستانی عێراقەوە تا ئەوبەری ئاراز (ڕێبڕینی مێژوویی بارزانییەکان).

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، نامەیەکی کراوە، گفتوگۆ، ل ٨٧-٩٠.



## کاکەمەم بۆتانی (عەلی خالید حەمید – ئاسۆ)

کاکەمەم فەخری سامی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردە، پێشمەرگەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بووە، ڕاوێژکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە. ناوی تەواو: کاکەمەم فەخری سامی بۆتانی. زمانەکانی دەیزانێت کوردی: نووسین و خوێندنەوە (بە تەواوی)-عەرەبی: نووسین و خوێندنەوە (بە تەواوی) ئینگلیزی: نووسین و خوێندنەوە، (مامناوەندی). پسپۆڕی: ئەندازیاری کشتوکاڵی (لە دارستان) بڕوانامە: دبلۆمی دارستان. ڕۆژی ١٩٣٧/١/١٠ لە شاری (کۆیە) لە خێزانێکی سیاسی لە دایک بووە. باوکی لەسەر کوردایەتی بۆ گوندی (هەمرتەل) دوور خراوەتەوە و ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە. لە تەمەنی دە ساڵییەوە خاڵوانی بەخێویان کردووە.

خوێندنی سەرەتایی لە هەمرتەل و کۆیەو سلێمانی، خوێندنی سانەویی لە کەرکووک و خوێندنی زانکۆی لە بەغداد تەواو کردووە. دوازدە ساڵێک سەرکردەیەکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە. دە ساڵێکیش ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و تا پلەی ئەندامی لقیش چووە. لە کەرتبوونی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤دا، وازی لە پارتایەتی هێناوە. وەک کوردێکی سەربەخۆ و ئازاد لە خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بووە. زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی لە بەرژەوەندیی کوردایەتی و خەباتی چینە چەوساوەکاندا بووە.

یەکەم چیرۆکی لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاو کردووەتەوە. بە ڕای هەندێ ڕەخنەگر، سیمایەکی نوێی پێوە دیار بووە. ساڵ و نیوێک لە سوپای عێراقی ئەفسەری یەدەگ

بووه دوو جاریش بووەته پێشمەرگەی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان (١٩٦٤-١٩٦٨) و (١٩٧٤-١٩٧٥). لە ساڵی ١٩٦٨. ەوه بە یارمەتیی هەندێ ئەدیبی کوردی بەغدا، خەریکی دروستکردنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی بووه، تا لە ١٩٧٠/٢/١٠ بە شێوەی ڕەسمی یەکێتیی نووسەرانی کوردی دامەزراند. لەتەک چوار ئەدیبی لاوی تردا بانگەوازی (ڕوانگە)یان بڵاو کردەوه، کە وەک ڕێبازێکی نوێی ئەدەبی کوردی سەیر دەکرێت.

ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ سی ئەدیبێکدا دژی بیروباوڕی کۆنەپەرست و چەوت وەستان و پشتگیریی سەربەستیی ئافرەتیان کرد. بانگەوازی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) یان بڵاو کردەوه، کە خەریک بوو بە هۆیەوه سەری هەر پێنج ئەدیبی ڕوانگە تێدا بچێت. دوایی نووچدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوه و لە دەزگا و بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عەرەبی عێراق دوور کەوتەوه و بەرهەمی ئەدەبیی تێدا بڵاو نەکردەوه. دژی پلانی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد وەستا. نەبووه ئەندامی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراقیش.

بیست ساڵێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دارستان ئەندازیاری کشتوکاڵ بووه. کە زۆریان بۆ هێنا (تەتەوع) بکا و بچێتە ناو (سوپای میللی)، خۆی خانەنشین کرد و خەریکی کار و کاسپی بوو. لە ساڵی ١٩٩٣ەوه تا ٢٠٠٠ بۆ ماوەی حەوت ساڵ بوو بە ڕاوێژکاری ڕووناکبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٠ەوه حکومەتی سویدی ئیقامەی پێ داوه. سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی یەکێتیی ئەدیبانی سویدە. سەرۆکی ڕوومەتی فەخری ناوەندی پێنی کوردە، ئەندامی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازییە. لە سەرەتای چیرۆکنووسینیدا ڕێبازی ڕیالیستیی گرتووه و بەرەو ڕێبازی ڕیالیستی ڕەخنەگرانە چووه. لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوه ڕیالیستی ڕەمزیی کردووەتە ڕێباز. ڕۆمانەکانی ڕیالیستی سیحری بە خۆوه دەگرن.

بە داخەوه ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٥ کاکەمەم بۆتانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد بە نەخۆشی کۆرۆنا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

کتێبە چاپکراوەکانی:

کۆمەڵەچیرۆک و کورتیلە چیرۆک:

١ـ بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا، بەغداد، ١٩٦٩.

٢ـ  سمکۆڵی ئەهریمەن، سلێمانی، ١٩٧٣.

٣ـ بازنە، هەولێر، ١٩٧٩.

٤ـ خەرەندی مەرگ، هەولێر، ١٩٩٢.

نۆڤڵ و ڕۆمان:

١ـ درز، هەولێر، ١٩٩٧

٢ـ کەوشەنی پەیکەرتاشێکی تر، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣ـ میری ئاوایی وەرزێر، هەولێر، ١٩٩٩.

پەخشانەشیعری شیوەن:

١ـ هۆ تاکە برا، ڕانیە، ٢٠٠٣.

مێژووی سیاسی:

١ـ لە دوو تۆڵی یاد داشتی شاردا، چاپخانەی پێشمەرگە، ١٩٨٤ بە نازناوی (علی خالید حەمید)، دوو جاریش لە سلێمانی لە چاپ دراوەتەوە.

٢ـ تورکمانی کوردستانی باشوور، بە نازناوی (سامی فخری)، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ژیاننامە:

١ـ کاکی کاکان، هەولێر، ١٩٩٧،

٢ـ کاکە بلە، لەیاد من، سلێمانی، ٢٠٠٧.

بیرەوەری و بەسەرهاتی نووسەر:

١ـ کاکەمەمێکی تر، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢ـ ژانە ڕێیە خۆڵەمێشییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣ـ بەهارڕێزان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

ئابووری و ئاماری:

١-ـ دارەبەن لە پارێزگای سلێمانی، بەغداد، ١٩٨٥.

٢-ـ بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی نەمامگای دارستان، هەولێر ١٩٨١.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، تایبەت بە چیرۆک، دەرویێش برایم لە بێشکەی سزادا، چیرۆک، ل ٨-١٩.

* ژمارە ١١، شوباتی ١٩٨٦، ئەدەب و ئەدیبی شۆڕشگێڕ، لێکۆڵینەوە، ل ٧١-١٠٧.



## کەریم دەشتی

ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٨ـەوە دەستی بە کاری نووسین و بڵاوکردنەوە کردووە. بەشی ئەدەبیی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی یاسای لە بەغداد تەواو کردووە. سکرتێری ڕۆژنامەی ستایل بووە کە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و فیکری بووە. سکرتێری گۆڤاری کاروان بووە – خولی ڕاپەڕین.

بەرهەمە چاپکراوەکانی کەریم دەشتی:

شیعر:

١ـ خاک و هەڵۆ، شیعر، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ٥٠ لاپەڕە، بەغدا، ١٩٨٠.

٢ـ تەمە سپییەکانی ڕۆح، شیعر، ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، ٦٨ لاپەڕە، هەولێر، ١٩٨٨.

٣ـ وردەگەڵا، سلێمانی، ١٩٨٩.

٤ـ پیانۆی ڕۆژهەڵات، شیعر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٨٦ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٥ـ درەختی حیکمەت، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٠٩ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٦ـ دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە، شیعر، بڵاوکراوەی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ٩٨ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٧- پیانۆی ڕۆژهەڵات، کۆی بەرهەمەکان، شەش دیوانی شیعر، دەزگای ئاراس، ٤١٥ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٨- بورجی بەڵەک، بڵاوکراوەی گۆڤاری ئایینده، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١١٣ لاپەڕە، ٢٠٠٦.

٩- سیفری ئاگر، شیعر، یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووک، کەرکووک، ٢٠٠٧.

١٠- کتێبی پیرۆزی عاشقان، شیعر، دەزگای ئاراس، ٢٦٤ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٧.

١١- تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢١٥ لاپەڕە، ٢٠١٠.

١٢- کتێبی ئاو، دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردی، ١٤٤ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٣- کتێبی نەی، دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردی، ١٩٩ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٤- درەختی درەوشاوە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی نما، ١٢٦ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠١١.

١٥- درەختی خامۆشی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی نما، ١٤٢ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠١١.

١٦- سکڵی ناو خۆڵەمێش، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی ڕێژیار، ٩٦ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠١٢.

١٧- دیوانی کەریم دەشتی، سێ بەرگ (کۆشیعر) لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەولێر، بەرگی یەکەم: ٣٧٩ لاپەڕە، بەرگی دووەم: ٤٤٠ لاپەڕە، بەرگی سێیەم: ٢٤٥ لاپەڕە.

١٨- بەرز بەرز تا قووڵایی، شیعر، دەزگای موکریان، ١٤٢ لاپەڕە، ٢٠١٤.

نوڤلێت:

١- کەمتیار، نۆڤلێت، بنکەی گەلاوێژ، ٧١ لاپەڕە، سلێمانی ١٩٩٩.

٢- قیامەت، نۆڤلێت (بەشێکە لە ڕۆمانی بولیفاری نەی) گۆڤاری یەکێتیی

نووسەران، لقی هەولێر، هەولێر ٢٠٠٢.

٣- ئەسپەکانی ناو با، نۆڤلێت (بەشێکە لە ڕۆمانی بولیفاری نەی)، دەزگای ئاراس، ١١٢ لاپەڕە، ٢٠٠٨.

٤- بولیفاری نەی، ڕۆمان، بەڕێوەبەرێتیی چالاکیی وێژەیی، ٢٠١٤.

وەرگێڕان:

١- ڕەگەکان، ئەلکسی هیلی، ڕۆمان، لە فارسییەوە، دەزگای موکریان، ٨٨٧ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢- دوا وەسوەسەی کریست، کازانتزاکی، ڕۆمان، لە فارسییەوە، دەزگای موکریان، ٦١١ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣- سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات، هیرمان هیسە، ڕۆمان، لە عەرەبییەوە، سەنتەری نما، ٧٦ لاپەڕە، ٢٠٠٢.

٤- کۆمەڵەچیرۆکی کتێب، لە فارسییەوە، کۆمەڵێ نووسەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٩١ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥ - لوورەی گورگ، جاک لەندەن، ڕۆمان، لە فارسییەوە، دەزگای وەرگێڕان، ١٥٥ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦- وەرزێ لە دۆزەخ، ڕامبۆ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٧٠ لاپەڕە، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧- دایک، پیرڵ باک، ڕۆمان، ئامادەیە بۆچاپ.

ئەزموونی ئەدەبی:

١- بەرەو منداڵی بە جلی پایزەوە، بناغە و ئەزموونی شیعر دەزگای ئاراس، ١٨٣ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢- گەڵا ڕژاوەکانی ئەزموون، کتێبی گیرفان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣- دید و دیدگا، دەزگای موکریان، بیروبۆچوونی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، ٢٢١ لاپەڕە.

٤ـ ئەدەب و فەلسەفە، لێکۆڵینەوە، نووسین و وەرگێڕان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بڵاوکراوەی کتێبخانەی سۆران، ٥٢٧ لاپەڕە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٥ـ ئەدەب و فەلسەفە، چاپی دووەم، دەزگای نما، هەولیر، ٤١٥ لاپەڕە.

٦ـ دیدو دیدگا، دەزگای موکریان، کۆمەڵەوتار و دیمانەکانم، هەولێر، ٢٢٢ لاپەڕە.

ئەوانەی کراونەتە عەرەبی:

١ـ کتاب الما وەرگێڕانی بۆ عەرەبی محمد حوسێن دەزگای پاپ و بەخشی کوردی بەغداد ٢٠١٠،

٢ـ هادئة کالکناري، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: کۆمەڵی نووسەر.

٣ـ The book of water، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی: محمد حوسێن ڕەسوڵ.

٤ـ دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش بە سویدی، وەرگێڕان: ڕزگار شیخانی، سوید، ٢٠١٢.

٥ـ دیوانی تۆ هەمیشە تۆ، بە سویدی، وەرگێڕان: ڕزگار شێخانی، سوید، ٢٠١٣.

٦ ـ دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش بە عەرەبی، وەرگێڕان: نیهاد نەجار.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، کووچەی مەرگ، شیعر، ل ٦٤.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، کەپکەبرین، شیعر، ل ٤٠-٤٣

# م



## محەمەد حەمە باقی

شاعیر و نووسەرو وەرگێڕە، ساڵی ١٩٤٦ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و ڕەسەنی شار هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٧ کۆلێژی کشتوکاڵی تەواو کردووە. لە سەرەتادا وەک شاعیر دەرکەوتووەو ناسراوە. لە ئێستا یەکێکە لە نووسەر و وەرگێڕ و توێژەرە پڕبەرهەم و چالاکەکان. محەمەد حەمە باقی زۆر جار لە سەردەمی حیزبی بەعس و ڕژێمەکەیدا لەژێر چاودێریی دەزگای ئاسایشدا بووە، دەستگیر کراوە و لە بەندیخانەکاندا ماوەتەوە. خێزان و براکانی زیندانی کراون و تووشی ئازار و دەربەدەری بوون. بەشداریی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی کردووە و لە شاخ پێشمەرگە و نووسەر و وەرگێڕ بووە و بەرهەمەکانی لە شارو شاخدا بڵاو کردووەتەوە. یەکێک بووە لە هەڵسووڕێنەرەکانی (گۆڤاری نووسەری کوردستان). کاتێک لە شاخ بووە، زۆرێک لە بەرهەمەکانی تێدا بڵاو کردووەتەوە. گەشتنامەی مستەر ڕیچی وەرگێڕاوە و لەگەڵ چەند بەرهەمی دیکە لە شاخ و ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بڵاوی کردووەتەوە.

تا شاڵاوەکانی ئەنفال و سووتماککردنی خاکی کوردستان و وێرانکردنی گوندەکان، لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی لە چیاو گوندەکانی کوردستان ژیاوە. پاش ناهەمواریی هەلومەرجی کوردستان، ئاوارەی ئێران بووە، لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرساوەتەوە و لەوێش دەستبەرداری نووسین و وەرگێڕان نەبووە و چەندین بەرهەمی خۆیی بڵاو کردووەتەوە.

لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا وەک: ڕۆژنامەی (ژین)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، گۆڤاری (بەیان)، گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆ)، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (عێراق)... بەرهەمی ئەدەبیی و مێژوویی و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی بڵاو کردووەتەوە.

ئێستا لە شاری هەولێر ژیان دەباتە سەر و خەریکی وەرگێڕان و نووسین و توێژینەوەیە، کەسێکی ماندوو و چالاکە و چەندین بەرهەمی جوان و ناوازەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە.

بەشێک لە بەرهەمەکانی:

١- ژوان، شیعر، ١٩٨٠.

٢- گەشتی ڕیچ بۆ سلێمانی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، بەرگەڵوو، ١٩٨٤.

٣- کێشەی کورد، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، یاخسەمەر، ١٩٨٦.

٤- گوڵەکانی دۆزەخ، شیعر، سەقز، ١٩٩٠.

٥- گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، تەورێز، ١٩٩٢.

٦- ئەفسانەی ئەدۆنیس، وەرگێڕان، تەورێز، ١٩٩٤.

٧- گۆرانیی کوردی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ئێران، ١٩٩٤.

٨- سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨.

٩- ڕاوە گزنگ، وتارو ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨.

١٠- بیرەوەرییەکانی وەفایی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

١١- کەروێشکی زیرەک، گورگی دانا، چیرۆکی مناڵان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٢- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٣- میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجارییدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٤- ڕاپەڕینی هەمزە ئاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٥ـ- کەرویشک و تانجی، چیرۆکەشیعر بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٦ـ- دیوانی ئەدەب (عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٧ـ- افتتاح ناسری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، عەلی ئەکبەر سەرهەنگ، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شاعیر و شەهید، لێکۆڵینەوە، ل ٤-٨.
* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، شیعرەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە، ڕەخنە، ل ٩١-١٠٤.
* ژمارە ٣، شوباتی ١٩٨٢، گێژەنگ، شیعر، ل ٥٣-٦٣.
* ژمارە ٤، ئایاری ١٩٨٢، شیعر لە نێوان نالی و کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ل ٢٩-٤٠.
* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، شاعیر، شیعر، ل ٧٠-٧٥.
* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، زاوا، شیعر، ل ٩٢-١٠٣.
* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، خاک، شیعر، ل ١٠٧-١١٣.
* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، یەڵماز گونەی، شیعر، ل ٤٧-٤٨.
* ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، هەڵەبجە: ئەدەب، هونەر، سیاسەت، وتار، ل ١٢٦-١٥٠.
* ژمارە ١٦، پاییزی ١٩٨٩، گورگ، شیعر، ل ١١٢-١٢٣.
* ژمارە ١٧، پاییزی ١٩٨٩، ئەشێ دەستبەرداری ڕیالیزمی سۆسیالیست بین، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٦٦-٧٩.



## مارف عومەر گوڵ (دکتۆر) - دلاوەر مەحموود

مەعروف عومەر گوڵ ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کەرکووکی کوردان هاتووەتە دنیاوە. خێزانی پێکەوە ناوە و کوڕ و کچێکی هەیە. ساڵی ١٩٨٣ بە فەرمی لە فەرمانگەی ئاودێریی شاری سلێمانی دامەزراوە. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ تا ئێستا بە بەردەوامی وەک مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی دامەزراوەو پسپۆڕ و شارەزاو وانەبێژە لە بواری یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا. نازناوی زانستی: هەڵگری پلەی مامۆستای زانکۆیە.

پلە کارگێڕییەکانی کە وەری گرتوون، یاریدەری کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٠، سەرۆکی کۆلێژی یاساو ڕامیاری، زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٥، لێپرسراوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسا و ڕامیاری، کۆلێژی یاساو ڕامیاری، زانکۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠١٦.

پلەی بەکالۆریۆس، کۆلێژی یاسا، زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٨٢. پلەی ماستەر، زانکۆی کییف، ئۆکرانیا، ساڵی ١٩٩٠. پلەی دکتۆرا، زانکۆی کییف، ئۆکرانیا، ساڵی ١٩٩٥. نامەکەشی لەسەر کێشەی کەسێتی و یاسای نێودەوڵەتی و گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخدایە.

شارەزایە لەم زمانانەدا و بە باشی دەیانزانێت: کوردی، عەرەبی، فارسی، ڕووسی، زمانی ئینگلیزییش بە شێوەی نێوەند دەزانی.

وانەبێژیی کردووە بۆ قۆناغی یەکەمی زانکۆ و ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٤ لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی وانەی یاسای دەستووریی وتووەتەوە، هەروەها وانەبێژی لە هەمان زانکۆ و کۆلێژ و کۆلێژی پۆلیسی قەڵاچوالان، بۆ قۆناغەکانی یەکەم و

دووەم، وەک مافی مرۆڤ و یاسای سزادان و یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و دەسپێک لە توێژینەوەی یاسایی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یاسای ڕاگەیاندن...

چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی نووسیوەو بڵاو کردووەتەوەو لە کۆڕو سیمینار و ڕاگەیاندنەکاندا پێشکەشی کردوون. لە زانکۆکانی کوردستاندا سەرپەرشتیی نامەی ماستەرو دکتۆرای چەندین قوتابیی کردووە. چەندین سوپاس و پێزانین و ڕێزلێنانی لە لایەن زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵاوە پێ بەخشراوە. بەشدارییەکی زۆری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارە زانستی و ڕۆشنبیرییەکاندا لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کردووە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی پێشکەش کردووە.

ئەندامی ئەم نێوەندە ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتییانەیە: لە ساڵی ١٩٧٧وە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە، ئەندامی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەندامی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان...

چوار دیوانی شیعریی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. شیعرو وتاری هەمەجۆری لە گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بڵاو کردووەتەوە. ئەندامی ڕاوێژکاری زۆرێک لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستانە. ئەندامی لیژنەی قەرەبووکردنەوەی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستانە. ئەندامی زۆرێک لەلیژنە زانستی و کارگێڕییەکانی زانکۆی سلێمانییە.

زیاتر لە ٢٨ ساڵ خزمەتی کردووەو ١٧ ساڵە خزمەتی نێوەندی زانکۆ کردووە.

بەداخەوە ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢ /١/١٥ بەهۆی سەکتەی مێشک و پاشمانەوەی چەند ڕۆژ لەنەخۆشخانەی ئەنوەرشێخە لەسلێمانی کۆچی دوایی کردو لەگوندو مەنزڵی باوک وباپیرانی لەگوندی هەشەزێنی بەخاک سپێراوە.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، لاپەڕەیەک لە پەیامی زیندانییەک، شیعر، ل ٨٩-٩١.
* ژمارە ١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، دەسەڵات، شیعر، ل ٨٩.
* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، ئەی تۆف دە وازم لێ بێنە، شیعر، ل ١٠٨-١٠٩.
* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، جەلیلی جەلیل، لێکۆڵینەوە، ل٨٥-٨٩.



## مەعرووف ئاغایی (مارف ئاغایی)

مارف ئاغایی، کوڕی حاجی محەمەدی ئاغایی لە بنەماڵەی پاشاییە. ڕۆژی دووەمی ڕێبەندانی ١٣٤٤ ک (١٩٦٦/٠١/٢٢) لە گوندی وەزنێی سەر بە شاری نەغەدە، ناوچەی سندووس لە دایک بوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری نەغەدە تەواو کرد. لە گەرمەی خوێندنی ناوەندیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە شنۆ. لەوێ لە قۆناغی ئامادەییدا کە تێیدا ساڵێک زیندانی کراوە، لە خوێندن دابڕاوە.

ساڵی ١٩٨٥، هاوکات لەگەڵ دامەزرانی بنکەی ئەدەبی و فەرهەنگیی گۆڤاری سروە، دەستی بە بڵاوکردنەوەی شیعر و بەرهەم کردو دوو ساڵ دواتریش لە هەمان گۆڤاردا بووەتە ئەندامی دەستەی نووسەران. ئاکامی تەقەلاکانی بوونە مایەی بەرفراوانبوونی جوگرافیا و خوێنەری گۆڤاری سروە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ئازەری سەمسامی ژیانی هاوبەشیی دەست پێ کردو کچ و کوڕێک بە نێوی شەونم و پەیام بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان بوو. لە ساڵانی دواییدا بە تاسەوە هەوڵی خۆفێرکردنی زاراوەکانی زمانی کوردیی دەداو هاوکاتیش لە ماوەیەکی کورتدا فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ و ئاکامی ئەو تەقەلایەش وەرگێڕانی کتێبی ناسیۆنالیزمی کورد بوو بۆ سەر زمانی کوردی. مارف جگە لە وەرگێڕانی کتێبی ناسیۆنالیزمی کورد، کتێبی شیعرو چیرۆکەکانی بە نێوی زەویی سەخت و ئاسمانی دوور پاش مەرگی بڵاو بووەتەوە کە لە لایەن ڕەخنەگر و شارەزایانی شیعری هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی ئێران بە کارێکی گرنگ و جۆرێک شیعری جیاواز لە قەڵەم دراوەو چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسراوە.

پاش چواردە ساڵ لە مەرگی ناوادەی مارف ئاغایی، یەکێک لە سێکوچکەی جوانەمەرگی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران، ئێستاش سێبەری سەوزی شیعر و بیر و ئەندێشەی دیارە و هەر باڵا دەکات.

کۆچی دوایی:

پاش خزمەت و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و ئەنجامدانی گەلێک کاری بەنرخ و پڕۆژەی نوێ لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گۆڤاری سروە، وەک ڕێکخستنی کۆنگرە، کۆنفرانسی ئەدەبی و فەرهەنگی، هەر لە ئیلامەوە بگرە هەتا دەگاتە شاری ورمێ و دامەزراندنی پێوەندییەکی زۆر لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆ کاری هاوبەشی فەرهەنگی، ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٦، دوای گەڕانەوەیان لە پرسەی مینا خانمی خێزانی پێشەوا قازی، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە، لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ، لە کاتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی لە ڕەوتی پەنجا ساڵەی ئەدەبی کوردی دەدوا، بە کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمبیل، لەگەڵ دوو هاوڕێی تری، کاک جەعفەری قازی و کاک سەرتیپ مەنسووری، دڵە سەوز و پڕ ئەوینەکەیان لە لێدان کەوت و لە بەشی ناودارانی گۆڕستانی بوداغ سوڵتانی شاری مەهاباد لە نزیک گڵکۆی هەژار و هێمن بە خاک سپێررا.

نموونەیەک لە شیعرەکانی مارف ئاغایی:

مانەوە

ئەم خۆشەویستە دڵڕەقە عیشق پەروەرەی
نە دەتوانم وەکوو کیژێک بیخەمە پاشتەرکی ئەسپ و
لە ژێر سایەی زێڕوەشانی تریفەی مانگەشەوێک
هەڵیگرم
نە دەشتوانم هەرگیز دڵی لێ بەردەم و
خۆم گیرۆدەی کۆلکەزێڕینەی شوێنێکی دیکە بکەم
ناوی: خاکە
ئەم دەریایەی

نە دەتوانم لە جامی چاوەکانمدا ڕایگوێزم و
نە دەشتوانم لە دووریی ئەو
لە ئۆقیانووسی هیچ شوێنێکی دیکەدا قومە ئاوێک
بخۆمەوە.

* ژمارە ١٧، پایزی ١٩٩٠، بەیتی فولکلۆری و شیعری کوردیی نوێ، لێکۆڵینەوە، ل ٣٤-٤٢.

* ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩١، نامەیەکی دڵسۆزانە، پێشنیار، ل ١٣١.

( سەرچاوە کوردیپێدیا)



## مەریوان وریا قانع (دکتۆر)

مەریوان کوڕی وریا کوڕی شاعیری بەناوبانگ مامۆستا "قانیع"ە، ناوبراو ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە. چوار ساڵی یەکەمی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی سەیدسادق لە دەڤەری شارەزوور تەواو کردووە، دواتر دێنەوە سلێمانی و قۆناغی سەرەتایی هەر لە سلێمانی و لە قوتابخانەی "شێخ سەلام" تەواو دەکات. قۆناغی ناوەندییش لە قوتابخانەی "کانی ئاسکان" هەر لە سلێمانی تەواو دەکات... دواتر لە شاری هەولێر لە قوتابخانەی "کوردستان" قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات... لە زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەدین و موستەنسریەی بەغدا خوێندوویەتی و ماستەری لە ئابووری و کارگێڕیدا بە دەست هێناوە... باوکی خاوەنی خێزانێکی زۆرە، هەموویانی بە سەربەرزی پێ گەیاندووە و برا و خوشکەکانی هەموو پلەکانی خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە.

دوای ئەوەی بارودۆخی عێراق و کوردستان خراپ دەبێت، وەکو هەر گەنجێکی تری کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە وڵات بەرەو ئەورووپا جێ دەهێڵێت و لە ساڵی ١٩٩٣ەوە تا ئێستا لە هۆڵەندا نیشتەجێیە... لەم ماوەیەدا توانیویەتی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی سیاسی و دکتۆرا لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دەست بهێنێت، ئێستاش لە هۆڵەندا دەژی و مامۆستایە لە زانکۆی ئەمستردام لە هۆڵەندا. مەریوان لە نێوەندی ئەدەبیدا، سەرەتا بە شیعر دەستی پێ کردووە و پاشان ڕووی لە لێکۆڵینەوە و جیهانی فەلسەفە کردووە. دوو ماستەری بە دەست هێناوە.

سەرەتای هەشتاکان چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە. ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەی کوردستان ژیاوە و ژیانی بردووەتە سەر. لە دەیان کۆڕو سیمنارو چاوپێکەوتندا بەشداریی کردووە. چەندین لێکۆڵینەوە و نووسینی هەمەجۆری هزری و لێکۆڵینەوەی سیاسی و فەلسەفیی ئەنجام داوە. چەندین کتێبی سیاسی و فەلسەفیی بڵاو کردووەتەوە.

دەستەی نووسەرانی، گۆڤاری ڕەهەند و ئازادی بووە و چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی

سیاسی و هزریی تێدا بڵاو کردووەتەوە. مەریوان یەکێکە لە ڕووناکبیرە دیارەکانی کورد و خاوەنی بۆچوون و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی.

ئێستا یەکێکە لە نووسەرە بەتوانا و ڕەخنەگر و کاریگەرەکانی کوردستان و توانیویەتی لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا برەو پێ بدات... لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە خەریکی بەگژداچوونەوەی ناشرینیەکانی کۆمەڵگە و گەندەڵی و خراپەکارییەکانی دەسەڵاتە... وەک لە وتارەکانیدا دیارە، هەر لە دوای دروستکردنی حکومەتی کوردییەوە و بە تایبەتتر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و کاری مەدەنی و ڕێکخراوەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردی بە پێویست دەزانێت و داوای کردووە؛ دەنگێکی ئازادە و هاوشان و هاوەڵی چینی چەوساوەی کوردستان بووە و دەنگێکی دیاری خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١ بوو، خاوەنی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و کۆڕ و سیمیناری جیاجیایە، گۆشەیەکی هەفتانەی بە ناوی ”ئەودیوی شتەکان“لە هەفتەنامەیەکدا هەیە... ئەمە جگە لەوەی خاوەنی ئەم کتێبانەیە:

١- ناسیۆنالیزم و سەفەر

٢- کتێبی دڵشکان (شیعر)

٣- سیاسەت و دنیا

٤- دین و دونیا

٥- کتێب و دونیا

٦- دەسەڵات و جیاوازی

٧- شوناس و ئاڵۆزی

٨ -- لە چ ئێستایەکدا دەژین

٩- فیکر و دونیا (دوو بەرگ)

١٠- مرۆڤ و کەرامەت

١١- دڵڕەقی و بێماڵی

١٢- بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا

١٣- کۆمەڵگا و غەریبەکانی.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، خۆڵباران، شیعر، ل ٨-١٣.



## مەهاباد قەرەداغی (ژاڵە)

لە ١٩٦٦/١/٢٢ لە شاری کفری لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٨٠وە تێکەڵ بە دنیای نووسین و بڵاوکردنەوە بووە. ساڵی ١٩٨٠ لەسەر شیعری بەرگری لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە گیراوە و بۆ ماوەی ساڵێک حوکمی زیندانی بەسەردا سەپێنراوە. ساڵی ١٩٨١، دوای ئازادبوونی لە زیندان، تا ساڵی ١٩٩١، ساڵی ڕاپەڕین، لە چالاکیی سیاسی و خەباتی نهێنیی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورددا بەشدار بووە. ساڵی ١٩٨٧ لە کەرکووک بەشی ژمێریاریی پەیمانگەی هونەریی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٢ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ مستەفا گەرمیانی پێکەوە ناوە.

ساڵی ١٩٩٣ لە سوید نیشتەجێ بووە، لە ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤ لە زانکۆی ترۆلهایتان و ستۆکهۆلم ڕشتەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیی پەروەردەی خوێندووە. ساڵی ٢٠١٣ بەشی زمانی ئینگلیزیی لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سابیس خوێندووە.

لە دەیان کۆنفرانسی نەتەوەییدا لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەفریقا و وڵاتانی عەرەبی بەشداریی کردووە، وەک وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، هۆڵەندا... چەندین ڕێکخراوی بەرگریکاری لە مافەکانی ژن دامەزراندووە و چالاک بووە تێیاندا. ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و بووە بە ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری ژنان و یەکسانی لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

ساڵی ٢٠٠٨ ئەندامی لیژنەی باڵای هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی بووە. لە ساڵی ١٩٩١ـەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە. لە ساڵی ٢٠٠١دا بووە بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوید. لە ساڵی ٢٠١٠دا لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بووەتە ئەندامی کارای مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی

کورد. لە ساڵی ٢٠١٢دا بووە بە بەڕێوەبەری پەیمانگەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

٣٠ بەرهەمی چاپکراوی لە بوارەکانی ئەدەبیات، کۆمەڵناسی و پەروەردەدا هەیە و چەند بەرهەمێکی لە زمانی عەرەبی و سویدییەوە وەرگێڕاوە. دوو خەڵاتی لەسەر کورتەچیرۆک لە دوو فێستیڤاڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ گەلاوێژ وەرگرتووە.

ساڵی ٢٠٠٧ لە تەقینەوەیەکدا لە شاری کەرکووک، مستەفا گەرمیانیی هاوسەری شەهید بووە. خاوەنی کچێکە بە ناوی "شاکار".

لە گۆڤاری "نووسەری کوردستان"ی شاخیش بە ناوی خوازراوی "ژاڵە" بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

ـ بە داخەوە بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆنا، لە ٢٠٢٠/١٠/٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، پرسەی ئامانج، شیعر، ل ١١١-١١٢.



## مستەفا غەفور

مستەفا غەفور مستەفا لە ١٩٥٥/٧/١ لە شارۆچکەی قەڵادزێ هاتووەتە دنیاوە. سەردەمی منداڵیی لەو شارۆچکەیەدا بەسەر بردووە. لە پۆلی دووەمەوە تا پۆلی سێیەمی لە شاری سلێمانی خوێندووە، چوارەمی لە قەڵادزی و پۆلی شەشەمی لە سلێمانی خوێندووە، ناوەندی و ئامادەیی لە قەڵادزی تەواو کردووە.

لە بەشی فیزیای لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە، ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی گوشاری ڕژێمی داپڵۆسێنەری بەعسەوە بڕیاری دەرکردنی لە زانکۆ و خوێندن دەرچووە، زانکۆی بەجێ هێشتووەو چووەتە شاخ و پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقەوە و خەباتی کردووەو تێکۆشاوەو بووەتە پێشمەرگە. مستەفا غەفوور وەک پێشمەرگە و نووسەر و وەرگێڕ بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە و هیچ نازناوێکی خوازراو و نهێنیی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە.

زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی دەزانێت.

زۆر جار ئاوارەیی و دەربەدەریی بە خۆوە بینیوە، سەرەتای ساڵی هەشتاکان بە پەنابەری چووەتە ئێران، لەوێ ماوەتەوە و تا ساڵی ٢٠٠٤ نەگەڕاوەتەوە کوردستان. بە هۆی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتییەوە نەیتوانیوە لە کاتی خۆیدا کۆلێژ تەواو بکات. ساڵی ٢٠٠٨ داوای پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین کردووە، بەڵام دواکەی پەسەند نەکراوە و بە ناچاری وازی لە کەڵکەڵەی خوێندن هێناوە.

لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا بەرهەمی خۆی لە وەرگێڕان و نووسین بڵاو کردووەتەوە: گۆڤاری نووسەری کوردستان شاخ، ١٩٨٠ـ-١٩٨٢، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، کوردستان ڕاپۆرت، گۆڤاری توێژینەوە، گۆڤاری ڕامان.

لەبەر بارودۆخی شەڕی براکوژی و گرانی و قاتوقڕی و برسێتی، تا ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣، نەیتوانی بگەڕێتەوە باشووری کوردستان.

جۆری بەرهەمی ئەدەبی: وەرگێڕان، نووسین، نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا.

شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر، هەولێری نوێ.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١ـ- یەکەمین مامۆستا، چەنگیز ئایتماتۆف، لە فارسییەوە، ساڵی ١٩٨١ لە شاخ بڵاو کرایەوە.

٢ـ- پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ، ا. ماکارنکۆ، لە فارسییەوە، ٢٠٠٦.

٣- فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان، بێهزادی خۆشحاڵی، لە فارسییەوە، ٢٠٠٨.

٤ـ- ئەدەب چییە؟ سارتەر، لە عەرەبییەوە بە بەراورد لەگەڵ دەقە ئینگلیزی و فارسییەکەی، ٢٠٠٩. (ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن کلتوور بۆ چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی (ژمارە ١٩) چاپ کرایەوە).

٥ـ- بنیاتنەرانی ئەمەریکاو دەستوورەکەی، لیدیا بیورن لۆند، لە فارسییەوە.

٦ـ- بیانییەک لە ئەستامبوڵ، عەزیز نەسین، لە فارسییەوە.

٧ـ- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی ئێراندا، ئامادەکردن: کاوەی بەیات، لە فارسییەوە، ٢٠١٣.

٨ـ- زمانناسیی دیکارتی، نوام چۆمسکی، لە فارسی و ئینگلیزییەوە، ٢٠١٣.

٩-ـ فێردیناند دی سۆسۆر، جاناتان کالر، لە ئینگلیزییەوە، ٢٠١٦.

١٠-ـ هزر و زمان، ل. س. ڤیگۆتسکی، لە ئینگلیزییەوە، ٢٠١٦.

١١ـ- زمان و هزر، نیک لاند، لە ئینگلیزییەوە، ٢٠١٦.

١٢ـ- ئیدیۆم و ڕەهەندەکانی، لێکۆڵینەوەی زمانناسی، ٢٠١٩.

١٣ـ- فەرهەنگی ڕەخنەیی کۆمەڵناسی، ڕیمۆن بۆدون و فرانسوا بۆریکۆ، لە فارسی و عەرەبی و ئینگلیزییەوە، ٢٠١٩.

١٤ـ فەلسەفەی زمان، ویلیام لایکان، لە ئینگلیزییەوە، ئامادەی چاپە.

١٥ـ فەرهەنگی لێکدانەوەی وشە و زاراوەکانی زماننناسی. پڕۆژەیەکی بەرفراوانە و لە کۆتایی تەواوبووندایە.

هەروەها:

١٦ـ ناميلكەی هونەر بۆ هونەر، بليخانۆف، لە گۆڤاری نووسەری کوردستان لە شاخ بڵاو کرایەوە.

١٧ـ فەرهەنگی سیاسی، لەگەڵ د. ڕەفیق سابیر و چەندند نووسەرێک، ساڵی ١٩٨٢ دوو بەرگی لە شاخ بڵاو کرایەوە.

١٨ـ مێژووی پزیشکی، بە هاوبەشی لەگەڵ وەرگێری تر، لە فارسییەوە.

١٩ـ کورد لە ئەرشیڤی ڕووسیاو سۆڤییەتدا. د. ئەفراسیاب هەورامی، پێداچوونەوە: مستەفا غەفوور چاپ: ٢٠٠٧

٢٠ـ ئەنسکلۆپیدیای دیموکراسی: سێ بەرگ، مارتین لیپێست و: زاهیری محەمەدی و چەند وەرگێڕی تر، پێداچوونەوە: مستەفا غەفوور، هێشتا چاپ نەکراوە.

جگە لە چەند بابەتی تر کە بزر بوون و چاپ نەکران، وەک:

٢١ـ هەڵبژاردەی کورتە چیرۆکەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیان. بوو بە قوربانیی شەڕی براکوژی.

٢٢ـ ئەدەب لە ڕوانگەی گۆرکییەوە، ابوتراب باقرزادە، بە داخەوە لە کۆڕەوەکەدا فەوتا.

جگە لە چەند وتار و نووسین لە ڕۆژنامەکانی خەبات، هەولێر، گۆڤاری ڕامان و گۆڤاری توێژینەوە کە خۆی بەڕێوەبەری نووسین بوو و ئاسۆ کەریم سکرتێری نووسین بوو.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، دەربارەی هونەر بۆ هونەر، وەرگێڕان ل٥-١٦.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، هونەر چی یە؟ تولستۆی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٧٠-٧٨.



## محەمەد نوری توفیق (حەمەتاڵ)

سالّی ١٩٣٤ لە چەمچەماڵ لە دایک بووە. سالّی ١٩٥٤ بۆ یەکەم جار دوای تەواوکردنی (دار المعلمین)، وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر لە چەندین قوتابخانە کاری کردووە. لە سەرەتای سالانی شەستەکانەوە بە ماڵەوە هاتووەتە سلێمانی و لە گەڕەکی عەقاری (شۆڕش) نیشتەجێ بووە و لە چەندین قوتابخانەی ناو شاری سلێمانی چ وەک مامۆستا و چ وەک بەڕێوەبەر کاری کردووە کە دواترینیان بەڕێوەبەری قوتابخانەی سورکێو بووە.

سالّی ١٩٨٤ بە هۆی چالاکی سیاسیەوە خانەنشین کراوە.

لە ژیانی مامۆستاییدا، لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی، زیاتر سێ ساڵ زیندانی و پێنج ساڵ دوور خراوەتەوە بۆ لیواکانی دیوانیە و عیمارە. سەرەتا ئەندامی (پ.د.ک) و لە دواییدا (ی.ن.ک) بووە.

لە ئازاری ١٩٧٤ تا ئازاری ١٩٧٥، بۆ ماوەی ساڵێک وەک پێشمەرگە لە شاخ دژ بە سوپای داگیرکەر درێژەی بە خەبات داوە تا نسکۆی شۆڕش. لە سالّی ١٩٥٧ـەوە دەستی کردووە بە نووسینی چیرۆک و بابەتی مێژوویی و سیاسی. لە گۆڤاری "ئامانج"ی ئۆرگانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کە لە شاری سلێمانی لە لایەن سکرتاریەتیی ئەو یەکێتییە بە شێوەی نهێنی دەردەچوو، ئەندامی دەستەی نووسەران بووە، لە سالّی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٤ سکرتێری گۆڤاری دەنگی مامۆستا بوو کە سەندیکای مامۆستایان لە سلێمانی دەری دەکرد.

لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕزگاری بووە کە لە شاری سلێمانی ١٥ ژمارەی لێ دەردەچوو. لە ساڵی ١٩٩٢ لە ژمارە سفری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێوە ئەندامی دەستەی نووسەران بووە تا ٢٠١١.

لە ساڵی ٢٠٠٠ سەرنووسەری گۆڤاری سلێمانی بووە کە گۆڤارێکی مێژوویی و کەلتووری بوو تا کۆتا ڕۆژی کە کۆچی دوایی کردووە.

ئەم کتێب و بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە:

١ـ نالەی درەخت، کۆمەڵ چیرۆک، ١٩٨٧.

٢ـ کۆکردنەوەی شیعرەکانی پیرەمێرد، سێ بەرگ، بە ناوی دیوانی پیرەمێرد.

٣ـ پەندەکانی پیرەمێرد، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێکدا.

٤ ـ کوردستان و کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، وەرگێڕان لەزمانی عەرەبییەوە، دوو جار چاپ کراوە، ساڵی ١٩٩٧.

٥ـ کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ١٩٩٧.

٦ـ ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی کتێبی: پیاونامە ژیانی شەهید عەلی عەسکەری، ساڵی ٢٠٠٤.

٧ـ فایەق هۆشیار، پیاوی یاسایی و نیشتمانپەروەر، بە هاوکاری، مستەفا ساڵح کەریم.

لە ژیانیدا ئەندامی ئەم ڕێکخراوە کوردستانییانە بوو:

١ـ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.

٢ـ سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان.

٣ـ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

خاوەنی ئەم خەڵات و ڕێزلێنانانەیە:

ئـ خەڵاتی پێزانین لە لایەن بەڕێز مام جەلال، سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک)، ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە کە تایبەت بە چەند نووسەرێک کە هاوکار بوون لە ئەدەبیاتی شۆڕش لە شاخەکانی کوردستان.

ب- شكۆنامەی ڕۆژنامەگەری، كوردستان، ١٩٩٧.

ج-شكۆنامەی كوردستانی نوێ، ١٩٩٦.

بە داخـەوە بە هـۆی نەخۆشییەكی درێژخایەن، ڕۆژی ٢٠١١/٦/٨ماڵئاوایی هەتاهەتایی كرد و لە گردی سەیوان بە خاك سپێررا.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٣، تایبەت بە چیرۆك، ڕێبوارەكان، چیرۆك، ل ٦٩-٨٤.



## محەمەد عەبدولڕەحمان شێخە (محەمەد ڕەنجاو)

محەمەد ڕەنجاو ساڵی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی قەڵادزێی قارەمان لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٧٣ نووسینەکانی خۆی بە ناوەکانی (م. ڕەنجاو، ئاسۆس پشدەری) لە ڕۆژنامەی "بیری نوی"دا بڵاو کردووەتەوە. لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە، لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ کە لە شاری بەغداد دەردەچوون و بڵاو دەکرانەوە، بەرهەمەکانی بڵاو کردوونەتەوە.

لە بەرواری ١٩٧٩/٥/٧ چووەتە شاخ و لە سەرەتا وەک نوێنەری حیزبی شیوعی لەگەڵ ڕەفیق سابیر و مەغدید حاجی لە ئێسگەی شۆڕشی عێراق، کە پاشان بوو بە ئێسگەی گەلی کوردستان کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دای مەزراند و بە ڕێوەی دەبرد و مامۆستا جەعفەر لێپرسراوی بوو، کاری کردووە و بەرنامەی هەفتانەی بە ناوی (دەنگی شۆڕش) ئامادە و پێشکەش کردووە.

ساڵی ١٩٨٠ لە ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان گۆڤاری پێشمەرگەی دەرکردووە. ساڵی ١٩٨٢ لە ئێسگەی دەنگی عێراقی حیزبی شیوعی لەگەڵ هاشم کۆچانی و ڕەفیق سابیر، کاروان ئاکرەیی، ئەحمەد ڕەجەب، کاروان عەبدوڵڵا، خەلیل جوندی و هەندرێن... کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٣ بووەتە ئەندامی ڕاگەیاندنی ناوەندیی حیزبی شیوعی لە "لۆلان"ی ناوچەی برادۆست و لە ئیستگەی دەنگی گەلی عێراق و گۆڤاری ڕاگەیاندن لەگەڵ هاشم کۆچانی، ئەستێرە، جەلال دەباغ، فالح عەبدولجەبار، موفید ئەلجەزائیری، عەبدولحسێن شەعبان، زوهێر ئەلجەزائیری و چەندین تێکۆشەری تر کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٣ەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و لێپرسراوی لاپەڕە شەش بووە کە بە لاپەڕەی "ڕووناکبیری" ناوزەد کرابوو. نووسەری گۆشەی" ڕوانگە" بووە بۆ ماوەی حەوت ساڵ. گۆشەی "زناک"ی لە ساڵی ٢٠٠٢ی بۆ ماوەی چوار ساڵ، لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان کوردستاندا نووسیوە. ماوەی پێنج ساڵ بەڕێوەبەری نووسینگەی کوردستان تیڤی بووە لە سلێمانی. لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە تا داخرانی، لێپرسراوی نووسینگەی گۆڤاری"کاروان" بووە لە شاری سلێمانی. ئەندامی دامەزرێنەری "یەکێتیی نووسەرانی کوردستان" بووە لە شاخ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش بووە.

خێزاندارە و خاوەنی چەند نەوەیەکە و ئێستا خانەنشینە.

خاوەنی چەند بەرهەمێکە، وەک: دیوانی شیعری بە ناوی میزەڵدان کە ساڵی ١٩٩٣ چاپ کراوە، دیوانی شیعریی "داڕووخانی خەونەکان" کە ساڵی ١٩٩٧ دەزگای خاک چاپی کردووە.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، سەرەتایەکی کورت لە مێژووی ئەدەب، لێکۆڵینەوە، ل ٣٥-٣٩.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، دیدارێک لەگەڵ دلداری شاعیردا، لێکۆڵینەوە، ل ٣-١٢.



## محەمەد حسێن هەڵەبجەیی (بڵێسە)

محەمەد حسێن محەمەد وەلی، لە بنەماڵەیەکی هەژار پەروەردە بووە. باوک و براگەورەکەی ئەدەبدۆست بوون و سەروسەختیان لەگەڵ ئەدەبدا هەبووە و بە چیرۆک و سەرگوزەشتەی ئەوان گوێی کراوەتەوە.

ساڵی ١٩٥٥ لە شارەکەی "گۆران و ناتق و حلمی و ئەحمەد موختار و تاهیر بەگی جاف" لە دایک بووە. تا پۆلی سەرەتایی لە "هەڵەبجە" تەواو کردووە و لەبەر باری ناهەمواری ئەو وەختەی "هەڵەبجە"، هاتوونەتە سلێمانی، واتە ساڵی"١٩٦٣"؛ ئیتر سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازیی لە سلێمانی تەواو کردووە و ئامۆژگا یان پەیمانگەی باڵای "اتصالاتی سلکی و لاسلکی"ی لە بەغداد بە پلەی یەکەم تەواو کردووە. لە فەرمانگەی پۆستەی سلێمانی دامەزراوە، سەرەتای حەزکردنی لە ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی، واتە ئەو کاتەی لە قوتابخانەی "مەڵکەندی دووەم" بووە کە مامۆستایان "مستەفا ساڵح کەریم و ڕەئوف ئەحمەد ئالانی و فواد محەمەد ئەمین و ڕزگار شەوقی" مامۆستای بوون و لە یەک قوتابخانەدا بوون و گۆڤاری "ڕابەر"یان دەردەکرد، بەڵام زیاتر حەزی لە شیعر دەکرد، شیعری زۆربەی زۆری شاعیرانی لەبەر بووەو حەزی لێکردوون و چێژی لێ وەرگرتوون، بێگومان لایەنەکانی تری ئەدەبیشی فەرامۆش نەکردووە و حەزی لە خوێندنەوەیان کردووە، بێگومان خۆڕۆشنبیرکردنیشی زۆر بە پێویست زانیوە، چونکە یەکێکە لەو هۆ کاریگەرانەی کە پاڵپێوەنەرە.

بۆ نووسین و دەربڕینی ڕاوبۆچوون بەرانبەر بە واقع و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا ئەژین و... شیعر یان وتار یان چیرۆک، هەر بابەتێکی تری نووسیوە... بۆ دە دوانزە ساڵێکیش ئەبێت شیعر دەنووسێت و لە زۆربەی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی خۆی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا دەرفەتی ئەوەی نەبووە کۆیان بکاتەوە و بە چاپیان بگەیەنێ (لە کاتی خۆیدا). جگە لە شیعر، چیرۆکیشی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە، چەند هەوڵێکیشی داوە لە بواری "ئۆپەرێت" بۆ منداڵان و چەند لایەنێکی شانۆییشی هەیە. ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٤ بە کارەساتێکی ناخۆش کۆچی دوایی کردووە.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، دەنگی ئارام، شیعر، ل ٤٤-٤٧.



## مستەفا ساڵح کەریم (لاوک)

مستەفا ساڵح کەریم ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە قۆناغی دواناوەندییەوە چووەتە ڕیزی حزبی شیوعیی عێراقەوە. خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە. ٣٢ ساڵ مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە. ساڵی ١٩٦٣ گیراوە و ساڵ و نیوێکی لە بەندیخانە بردووەتە سەر.

لە ژیانی مامۆستایەتیدا چەندین جار لە کارەکەی دوور خراوەتەوە. لە بواری ئەدەبی و چیرۆک و وەرگێڕان و ڕۆژنامەوانیدا زیاتر لە پەنجا ساڵ خزمەتی کردووە. وەک خۆبەخش لە ڕۆژنامەی ژین کاری کردووە. سەرنووسەری گۆڤاری ڕابەر بووە. دامەزرێنەری گۆڤاری دەنگی مامۆستا بووە. ساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٤ لێپرسراوی مەکتەبی ڕۆژنامەی (التاخی) بووە. چوار جار بە سکرتێری یەکێتیی نووسەرانی کورد (لقی سلێمانی) هەڵبژێرراوە. ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوولەوە و بووەتە بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستان. لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کوردستانی نوێ و (الاتحاد) کاری کردووە.

بەرهەمەکانی:

١- زڕەی زنجیر، چیرۆکی درێژ.

٢- شەهیدانی قەڵای دمدم، کۆمەڵەچیرۆک، سێ جار چاپ کراوە.

٣- ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، کۆمەڵەچیرۆک.

٤- پەتاسپیکە، شانۆنامە، وەرگێڕان.

٥- دایکی ئازادیخوازان، کۆمەڵەچیرۆک، وەرگێڕان.

٦- هونەری کورتەچیرۆک نووسین، وەرگێڕان.

٧ـ- باخێک لە وشە، لێکۆڵینەوە.

٧ـ- دیوانی پیرەمێرد، سێ بەرگ، بە هاوکاری لەگەڵ چەند نووسەرێک.

٨ ـ- رحلة الى بلاد راين، گەشتنامە.

٩ـ- اليوم الثالث، کۆمەڵی وتاری بڵاوکراوە.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤، ژمارەی تایبەت بە چیرۆک، کورەی دڵی باوک، چیرۆک، ل ١٠١-١٠٧.



### مەحمود سلێمان (مەحموود خۆشناو)

ڕاگەیاندنکار مەحموود سلێمان عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی بەستە پیازەی شاری هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر و باڵەکایەتی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٢ لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان دامەزراوەو تا هەرەسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لەوێ کاری کردووە. پاشان ئاوارەی ئێران بووە و ژیانی لەوێ گوزەراندووە.

ساڵی ١٩٧٨ مەدالیای یەکەمی خۆشنووسیی لە ئێران بە دەست هێناوە. ساڵی ١٩٧٩ پاش ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران، لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک کادرێکی هونەری کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٠ ئێرانی بەجێ هێشتووە و پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، کەی دێیتەوە برا گیان، عەلی ئەشرەف دەروێشان، وەرگێڕان، چیرۆک، ل ٤١-٥٤.



## مەوجود سامان

سالانی ۱۹۸۰-۱۹۸۳ وەک کادرێکی هونەری لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی لە تووژەڵەو لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ و دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕگێڕان کاری کردووە. ساڵی ۱۹۸۳ بە هاوکاریی دکتۆر خدر مەعسوم لە زەڵی گۆڤاری "کۆسار"ی دەرکردووە. لە گۆڤاری "ڕۆشنبیر" و ڕۆژنامەی "ڕزگاری" لە سالانی ۱۹۸٤-۱۹۸٥ لە ڕووی دیزان و خۆشنووسییەوە کاری کردووە.

ساڵی ۱۹۸۹ ڕووی کردووەتە ئەورووپا و لە سوید گیرساوەتەوە. ساڵی ۲۰۰۳ گەڕاوەتەوە کوردستان و ساڵی ۲۰۰٤ ئەرکی دیزاینکردنی پاسپۆرتی جۆری "ئەی"ی پێ سپێرراوە و هەر لەو ساڵەدا کراوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی.

لە دەستپێکی وەرزی نوێی چالاکییەکانی یانەی کوردیی "میدیا" و لە یادی سی ساڵەی دامەزراندنیدا، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ۲۰۱۹/۰۳/۳۰ لە هۆڵی یانەی کوردیی "میدیا" لە ئەمستردام، بە ئامادەبوونی دەستەبژێرێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی تاراوگەنشینی هۆڵەندا، بۆ یەکێک لەو کەسایەتییە چالاک و دیارانەی کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەوە کاری سەرەکی و جدییان تێدا کردووە، دیدارێکی شیعریی بۆ نووسەر و شاعیر مامۆستا (مەوجود سامان) ڕێکخست. کە تێیدا باسی ئەزموونی ئەدەبی و شیعریی خۆی کرد و چەند دەقێکی لە چامەکانی خۆی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە. مەبەستی دیدارەکە بەسەرکردنەوەی مامۆستا (مەوجود سامان) بوو وەک نموونەیەکی شاعیرانی نوێی سالانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو. ناساندنی داهێنانەکانی نیو سەدەی بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە بە

کوردانی تاراوگە، گفتوگۆیەکی جدیی لە نیو ئامادەبواندا خولْقاند. پاش پێشوازیکردن لە ئامادەبوان بە کورتی لە لایەن پێشکەشکاری ئێوارەکەوە، بەم شێوەیە لەمەڕ شاعیر مەوجود سامن دوا:

مەوجود سامان ساڵی ١٩٥٧ لە هەولێر، لە خانەوادەیەکی ناسراو و شۆڕشگێڕ لە دایک بووە. خانەوادەیەکەیان هەر لە زووەوە بە ڕۆشنبیرییەکی شۆڕشگێڕانە و کوردپەروەرانە لە شاری کۆنە هەولێری قەڵا و منارەدا پەروەردە کراون. بە هۆی باوکیانەوە، کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بووە، تووشی دەربەدەری و گرتن و دوورخستنەوە و نەفیکردن بوونەتەوە بۆ باشوری عێراق. برا گەورەکەیان، کۆچکردوو مامۆستا تەلعەت سامان، کۆڵەکەیەکی گەورەی شانۆی کوردی بووە لە شاری هەولێر. مەوجود سامان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین و کاری ڕەخنەیی کردووە. ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕشی کورد، چالاکانە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بەشداریی لە چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە هەولێرو بەغدادو سلێمانی کردووە. لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بەرهەمی ئەدەبی (شیعر، لێکۆڵینەوەو گوتاری جۆراوجۆری لە(گۆڤاری بەیان، هاوکاری، بیری نوێ و ڕۆشنبیری نوێ). بڵاو کردووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠وە چووەتە چیاو لەوێش بۆ ماوەی هەشت ساڵ وەک پێشمەرگەیەک دەمێنێتەوە و دەیان گوتار و شیعر و لێکۆڵینەوەی بڵاو کردووەتەوەو لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا سەبارەت بە ئەدەبی بەرگری بەشداریی کردووە. هەر لەوێش دوو دیوانی شیعریی لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بە چاپ گەیاندووە، بە ناونیشانی (پەڕینەوە – ١٩٨٦)، دیوانی (هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکات – ١٩٨٧). دواتر ساڵی ١٩٨٨ دەچێتە سوریا و لەوێش دیوانی (فرمێسکی بەرد) لە دیمەشق چاپ دەکات، پاش ئەوەش ئاوارەی هەندەران دەبێت و لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەگیرسێتەوە.

مەجود سامان خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە و لە هۆڵەنداش دەست بە خوێندن دەکات، ماجستێری لە ڕشتەی کۆمەڵایەتیدا وەرگرتووە. لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی "میدیا"وە لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەمستردام، ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرکردنی گۆڤاری "میدیا"دا بینیوە و ئەم دیوانە شیعرییانەی چاپ کردووە: (دۆنای دۆن)،

(پەرتبوون) و (فرمێسکی بەرد)؛ هەروەها لە هەولێریش چاپ کراونەتەوە. جگە لەوە سەدان گوتار و شیعر و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە، بەڵام لە دووتوێی کتێبدا کۆ نەکردوونەتەوە. مەوجود سامان پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق، گەڕاوەتەوە بۆ وڵات و بووە بە مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین. پاشان لە هەولێر بووە بە سکرتێری نووسینی گۆڤاری (کاروان).

لەم ئێوارە دیدارەدا شاعیر بە تایبەت بانگهێشت کرابوو تا ڕووبەڕوو لەگەڵ ئامادەبواندا باسی ئەزموونی ئەدەبی و شیعریی خۆی بکات. چەندین پارچە شیعری کۆن و نوێی بۆ ئامادەبوان خوێندنەوە، ئەوانیش گفتوگۆیەکی جدییان لەگەڵ مامۆستا (مەجود سامان)دا کرد. لەو ئێوارە کۆڕەدا شاعیر شیعری "خۆنەشاردنەوە" دەخوێنێتەوە و دەڵێت:

خۆنەشاردنەوە
هەندێک هەن لە نێو جلی ئەستوردا خۆ دەشارنەوە
هەندێ هەن لە پەچە و سمێڵ و نیقابدا
هەندێ هەن لە نێو ئاو و ئاگر، بەفر و باراندا خۆ دەشارنەوە
هەندێ هەن لە نێو من و مردندا خۆ دەشارنەوە
هەندێ لە بادا خۆیان دەشارنەوە
هەندێ خۆیان لە ناو یاسادا دەشارنەوە.
هەندێ خۆیان لە نێو خەندەی سواڵکەریکدا
هەندێکیش لە فرمێسکی قوربانییەکی ئەنفال و هەندێکیش لە نێو تێکدانی دوو دڵدا.

مەوجود سامان چامەیەکی دیکەی خوێندەوە، کە تێیدا دەڵێ:

گرێدانی سنوورەکانی ترشی شەهوەت
ئەوە چ بەربەستێکە، بێ ئاسمانی مناڵیمان ئەتک دەکا
پیریشمان بە گزنگی گۆبەندێ دەبەخشێ
کێ هەولێدا، شەو ئەرخەوانی بێ؟
مانگیش خوو بگرێ بە سەگوەڕ
کەنەفتی هەتاو، لە پایزان چاکتر دەردەکەوێ
تۆز لە بوون نانیشێ،

خۆی تۆزە ژمارەیەکی دانکەوتوو
بەختەوەریێکی سادە
هێندەی ماسی بۆ ئاو
چ لە زمانی بەردەوە فێر بووم
لە سەمای پڕشکۆی شمشێرەکانی
کە بە ئەندازەی لەزەتێک ڕاوەشێنران
هۆ ئەی خواوەندی کەڕولاڵ،
ئەمە چ ژیری، سۆبەتێکە کەوا دنیا لەم ئاستە خوێناوییەدا ماوە،
چەند بە (با) دەچم، نەسرەوتە بینینم
بە نیگام جەستەی ئێرۆتیکای پەیوەندیی گومان هەڵدەوەرێن...
باکوور، باشوورم هیپنۆز کرد،
لە کێڵگەیەکی ئاڵتونیدا، کە خەونی دەناشت
منالێتیی پیر دەکرد، پیری باوباپیرانم جوان دەبوونەوە...
میراتە پڕ لە نەفرەت و برینەکانمان بە سەبەتە بەسەر یەکا دادەکرد و پێکەنینمان، سەرسامیمان، بەختەوەرییە.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، لەدایکبوونێکی تر، فروغ فروغزاد، وەرگێڕان، شیعر، ل ٧٢-٧٦.

* ژمارە ٧، ئاداری ١٩٨٣، هەر تەنها بەفرە شیوەنت دەکا، شیعر، ل ٥٦-٥٨.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، تاریکی، شیعر، ل ٧٦-٧٩.



## محەمەد عەلی (محەمەد موکری)

ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. پاش تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە قەڵای کەرکووک، دەچێتە قوتابخانەی ناوەندیی ئیمام قاسم. ساڵی ١٩٦٧ زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٧٠ ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ شیرین خان پێک هێناوە و خاوەنی چوار کوڕ و کچێکە. موکری ساڵی ١٩٧٠ وەک شاعیر ناوبانگی دەرکردووە و وەک شاعیرێکی نوێخواز دەردەکەوێت، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. لەوێ بەشداریی دەرکردنی "ئەنسات"ی کردووە، پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کەرکووک.

چەندین جار لە لایەن حکومەتەوە دەستگیر کراوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە. ساڵی هەشتاکان بە هۆی نووسینی چیرۆکی "ئامێر دەکا" و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری بەیاندا، دەستگیر کراوە و پاش ئازادکردنی چووەتە شاخ و بەشدار بووە لەگەڵ نووسەرانی کوردستاندا. ساڵی ١٩٨٣ چووەتەوە شاخ، ساڵی ١٩٨٩ گەڕاوەتەوە و لەبەر نزیکیی لە سەرکردەکانی کوردەوە، لە مانگی تەمووزدا لە لایەن ئەمنەوە گیراوە و فشاری زۆری خراوەتە سەر بۆ ئەوەی ناوی خوازراوی نووسەرانی شارەکانیان بۆ ئاشکرا بکات، بەڵام موکری نەچووەتە ژێر ئەو بارەو پاکانەی نەکردووە، تەنها چەند نووسینێکیان لە بەرژەوەندیی حکومەت پێ نوسیوە.

ساڵی ١٩٩١ ڕووی کردووەتە بواری ڕۆژنامەگەری و لە شاری هەولێر ڕۆژنامەی "هەرێم"ی بە ڕێوە بردووە، لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"شدا دەورێکی گرنگی بینیوە، دوای هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤دا، ڕووی کردووەتە شاری

سلێمانی، لەوێ نیشتەجێ بووە و ماوەی چەند ساڵێک وەک ڕاوێژکار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کاری کردووە.

محەمەد موکری ڕۆماننووس، چیرۆکنووس، شانۆنامەنووس، هونەرمەندی تەشکیلی و ڕۆژنامەنووس بووە. ئەمانەو چەندین بەهرە لەم کەسایەتییەدا کۆ بووبوونەوە. زۆربەی قارەمان و پاڵەوانی ڕۆمان و چیرۆکەکانی موکری کەرکووکین و کەرکووک پانتاییەکی گەورەی لە نووسین و ئەدەبی موکریدا داگیر کردووە.

موکری زۆر حەزی لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ نەبوو لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تیڤیدا، ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە موکری دەیگوت: ئەوانەی دەیانەوێت چاوپێکەوتنم لەگەڵ ساز بدەن، هیچ زانیاری و خوێندنەوەیەکیان بۆ بەرهەم و نووسینەکانم نییە، بۆیە حەزم لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ نییە لەگەڵیاندا.

موکری چەندین ڕۆمان و نووسین وەرگێڕانی بڵاو کردووەتەوە. محەمەد موکری ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون و بەتوانا بوو، ٤٠ ساڵ زیاتر لەو نێوەندەدا سەرقاڵ بووە، چ لە شاخ و چ لە شار. چوار ژمارە گۆڤاری کلتووری بە قەبارە گەورە لە شاخ بڵاو کردووەتەوە. پاش ڕاپەڕینیش لە سلێمانی گۆڤاری "پەیڤین"ی دەرکردووە و سەرنووسەری بووە. ١٩٩٤/١/١٢ لە شاری هەولێر یەکەم ئەزموونی خۆی وەک پێشانگایەکی تایبەت کردووەتەوە

بە داخەوە، شەوی ٥ لەسەر ٦ی مایسی ٢٠١٢ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە نێوەندی ڕووناکبیری و نووسین و وەرگێڕان کردووە.

ئەم بەرهەمانەی نووسیوەو وەرگێڕاوەو چاپ و بڵاو کردووەتەوە:

١ـ هەرەس، ڕۆمان لە دووبەرگدا، سێ جار چاپ کراوە.

٢ـ- سەگوەڕ، نۆڤێلت، لە شاخ و شار پێنج جار چاپ کراوە.

٣ـ- تۆڵە، نۆڤێلت، چوار جار چاپ کراوە.

٤ـ- نێچیر، کۆمەڵەچیرۆک، ساڵی ١٩٨٦ نووسراوە و دوو جار چاپ کراوە.

٥ ـ- سێ دادگا، شانۆنامە، چوار جار چاپ کراوە.

٦ـ- ئەژدیها، ڕۆمان، دوو جار چاپ کراوە.

٧ـ- هاروونە ڕەشید، شانۆنامە، ٢٠٠١ چاپ کراوە.

٨ـ تاراس بۆڵبا، ڕۆمان، گۆگۆڵ، وەرگێڕان، سێ جار چاپ کراوە.

٩ـ ڤیڤا زاباتا، جۆرج شتاینبێک، ڕۆمان، وەرگێڕان، سێ جار چاپ کراوە.

١٠ـ هەمەنگوای، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە، "فیدیبیونگ"، وەرگێڕان.

١١ـ "هینری جیمس"، لێکۆڵینەوە، لیون ئیدل، وەرگێڕان.

١٢ـ یاداشتەکانی قوام السلطنە، وەرگێڕان، سێ جار چاپ کراوە.

١٣ـ کورد و کوردستان، ئیسماعیل بێشکچی، وەرگێڕان، سێ جار چاپ کراوە.

١٤ـ خەسرەوی گوڵسورخی، لێکۆڵینەوە، سیامەک، وەرگێڕان سی جار چاپ کراوە.

١٥ـ برێخت، شیعرەکانی، وەرگێڕان.

١٦ـ مردووەکان، شانۆنامە، جەلیل محەمەدقولی زادە، لە ئازەرییەوە وەری گێڕاوە.

١٧ـ نادرشا، شانۆنامە، نەریمان نەریمانۆف، وەرگێڕان.

١٨ـ پردی ئارتا، شانۆنامە، جۆرج ئتویۆکا، بە هاوبەشی لەگەڵ شێرکۆ بێکەس کردوویانە بە کوردی.

١٩ـ مەرحوم، برانسلاڤ، شانۆنامە، وەرگێڕان لە عەرەبسیەوە.

٢٠ـ باخچەی ئاژەڵان، "ئەدوار ئەلبی"، شانۆنامە، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.

٢١ـ سێ تاری ئاسنین، جۆزێف ئۆکۆنۆر، وەرگێران لە عەرەبییەوە.

٢٢ـ گالیسکەی مەرگ، یوجین ئۆنێل، وەرگێڕان.

٢٣ـ تەمتومان، شانۆنامە، یوجین ئۆنێل، وەرگێڕان.

٢٤ـ وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدیبانی کورد، بۆ سەر زمانی عەرەبی، وەک شێرکۆ بێکەس، قوبادی جەلیزادە، سەلاح شوان.

٢٥ـ چیرۆکەکانی سادق هیدایەت، وەرگێڕان.

٢٦ـ سەقاقۆش، سترینبێری، شانۆنامە، وەرگێڕان.

٢٧ـ گەمە بە ئاگر، سترینبێری، وەرگێڕان.

٢٨ـ سەموم، سترنبێری، شانۆنامە، وەرگێڕان.

٢٩ـ خەونی پاشا، محێدین زەنگەنە، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.

٣٠ـ کەرنامە، محەمەد حەسەن خان-ئیعتماد سڵتەنە، وەرگێڕان.

٣١ـ- عاشقە ناودارەکان، سێ بەرگ وەرگێڕان.

٣٢ـ- تینوێتی، یوجین ئۆنێل، شانۆنامە، وەرگێڕان.

٣٣ـ- مسز ژولیا، شانۆنامە، سترینبێرگ، وەرگێڕان.

٣٤ـ- ساعات من قصب، شیعر، شێرکۆ بێکەس، بە هاوکاریی دەشتی و جەلال زەنگابادی، وەرگێڕان.

٣٥ـ- شاعیرانی فارس، فەرەیدونی موشیری، مهدی اخوان ثالث، ئەحمەدی شاملۆ، نادر نادرپوور، فروغ فروغزاد، وەرگێڕان.

٣٦ـ- چیرۆکنووسانی فارس، صادق هیدایەت، سە قطرە خون، ئاینە شکستە، حسن حسام لوط وەرگێڕان.

* ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، دواسەرنج، چیرۆک، ل٤٣-٥٦.

* ژمارە ٨، تەمووزی ١٩٨٤ تایبەت بە چیرۆک، بۆسە، چیرۆک، ل ١٦٤-١٩٢.

* ژمارە ١٢، مایسی ١٩٨٦، گوڵسورخی، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠-٩١.

* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، من برتولت برێشت، لێکۆڵینەوە، ل١٠٣-١١٦.



## موسلیح شێخ ئەلئیسلامی-ڕێبوار

موسلیح شێخ ئەلئیسلامی (ڕێبوار) شاعیری خۆشناو و ناسراوی خۆرهەڵاتی کوردستان و چەوساوەکان، بۆ بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشووریش ناسراوە. سەردەمانێک لە شاخ شیعری بۆ ژن و پێشمەرگە و خەباتی هەقخوازانە و هیومانیستی دەنووسی؛ بەشێکی زۆر لە شیعر و ئەدەبیاتی ئەو ڕەنج و ئازار و مەینەتیی ئینسان و ژنی کوردی لە ناو شیعرەکانیدا خستووەتە ڕوو. ڕێبوار یەکێک بوو لەوانەی زوو دەستیدایە شیعر و توانیی لەسەر ئاستی کوردستان ببێتە شاعیرێکی ناسراو و خاوەنی (٥) دیوانی شیعرییە بە ناوەکانی:

١- گەشتێ بۆ کوردستان

٢- دەنگ هەڵبڕە

٣- سروودی سڵاوی ئازادی

٤- چەند لاپەڕە لە دەفتەری ڕۆژانەم

٥- گۆرانییەکانی ترەیس چایمەن

شاعیر لەبارەی خۆیەوە دەڵێت: ساڵی ١٩٤٧ لە شارۆچکەی مەریوان لە دایک بووم. سەرەتای شەستەکان بۆ درێژەدان بە خوێندن چوومەتە تاران، ساڵی (١٩٦٩) بەشی ئابووریم تەواو کردووە. لە سەردەمی لاویدا هۆگری خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و هونەری، بە تایبەتی شیعرو ئەدەب بووم، یەکەم ئەزموونی شیعری بە کوردی و فارسی، هیی سەردەمی تازە لاوییە. لە هەڵسووڕانی سیاسییشدا لە شانەی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاریدا بووم. ئەو کات سەردەمی پێکهاتنی ڕێکخراوەکان و سەرنجی ڕەخنەگرانە بوو لە قوتابخانە سیاسییەکاندا. لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیان،

ڕێکخراوێکمان پێک هێنا کە دوایی ناو نرا "کۆمەڵە". مەبەستمان دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیستیی سەرانسەری بوو لە ئێران، خۆمان لە ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە (تودە و چریک و دیموکرات و...) بە جیاواز دەزانی و ڕێبازێکی کۆمۆنیستیی ڕاستەقینەمان لە بەر چاو بوو. هەرچەندە ناسیۆنالیزم هێشتا دەستبەردارمان نەببوو... شیعری "گەشتێ لە کوردستان" و هەندێ داستانی کورتم، لەوانە شیعری "دارینە" کە بەسەرهاتی سمایلی شەریفزادەیە، ئەوکات بە دەستنووس بڵاو بوونەوە. بەو بۆنانەوە چەند مانگێک ڕێگەم کەوتە بەندیخانەی" قزل قەلعە" لە تاران.

پاشان، سەردەمێک لە "بەرنامە و بودجە" لە شاری سنە خەریکی ئیش بووم. هاوکات درێژەم بە هەڵسووڕانی هونەری و سیاسیی نهێنی دا و لە شۆڕشەکەی ساڵی (١٩٧٩)ی ئێراندا چالاکیم نواند. دواتر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بۆ ئێمە درێژەی ئەو خەباتە بوو، لەو سەردەمەشدا یەکەمین سروود هاتە بەرهەم.

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا، "سروودی سڵاوی ئازادی" و "دەنگ هەڵبڕە" و "چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بەرباخەڵ" و کۆمەڵێک داستانی کورتی فارسی و هەندێک وەرگێڕان بۆ کوردی و فارسی، لە پاڵ خەباتی چڕوپڕ لە کۆمەڵەی شاخ و نووسینی وتار و شیعر و داستانی کورت (ئاسۆی شۆڕش) بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەدا، چەند بابەت و بەرهەمێکن کە شایانی باسن.

ساڵی ١٩٩١ وەک پەنابەر چوومە سوید و ئێستاش لێرە درێژە بە چالاکییەکانم دەدەم. ئەوەی بۆ ئەدەب و هونەر دەگەڕێتەوە، بەشداریکردنە لە دەرهێنان و نووسین بۆ گۆڤاری "هانا" و چاپێکی تازەی دەفتەری ڕۆژانەم!

لە بارەی بەڕێوەچوونی ژیان و ئیشکردن، وەک مامۆستای ماتماتیک و زانست لە قوتابخانەکانی سوید کارم کردووە. لە زانکۆکانی سوید خەریکی تەواوکردنی خوێندن بووم لەگەڵ هاوسەرم فەوزییە. لە شاری یوتۆبۆری لە سوید، دەژیم سی منداڵمان هەیە کە هەریەکەیان لە ماڵی خۆیاندان.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، سنوور، شیعر، ل ١١٦-١٢٢.

* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، پیرەدار، شیعر، ل١١٠-١١١.

# ن



## نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (دکتۆر) – (هەڵگورد)

ساڵی ۱۹٦۲ لە کەرکووک لە دایک بووە. سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە. ساڵانی ۱۹۸٦–۱۹۸۷ کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبیی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ۱۹۷۹ یەکەم بابەتی ئەدەبیی لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)دا بڵاو کردووەتەوە. ساڵانی ۱۹۸۳–۱۹۸٤ لەگەڵ کۆمەڵێ خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدیندا لە هەولێر گۆڤاری (ئاسۆس)یان دەرکردووە. لە ساڵانی ۱۹۸٤–۱۹۸۵ لەگەڵ زاهیر ڕۆژبەیانی و مارف عومەر گوڵ، دوو ژمارەیان لە گۆڤاری (نێرگز) لە کەرکووک دەرکردووە. ساڵانی ۱۹۸۷–۱۹۸۸ لەگەڵ عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش، ڕێکخراوێکی ئەدەبیی نهێنییان دامەزراندووە بە ناوی «حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و گۆڤارێکیان بە نهێنی بە ناوی «ڕابەر» دەردەکرد، بە دەست لەسەر کاربۆن و وەرەقەی ڕایز دەیاننووسییەوە و بە نهێنی دابەشیان دەکرد. ساڵانی ۱۹۹٤–۱۹۹٦ لەگەڵ ژمارەیەک نووسەردا پێنج ژمارەیان لە گۆڤاری (سەراب) لە هەولێر دەرکردووە. لە ساڵی ۱۹۹۲ تا ساڵی ۱۹۹۸ مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبی بوو لە ئامادەیی ئازادیی کوڕان لە هەولێر. لە نێوان ساڵانی ۱۹۹۵ـ–۲۰۱۰ لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا کاری کردووە، لەوانە: گۆڤاری کاروان، گۆڤاری ڕامان، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری سردم العربی، ڕۆژنامەی چاودێر، گۆڤاری اشراقات کردیة.

سالانی ٢٠٠٣-٢٠١٠ سکرتێر و پاشان بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (سردم العربی) بووە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی. (٢٨) ژمارەی لەو گۆڤارە دەرکردووە. ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی عەرەبی بە دەست هێناوە. نامەی ماستەرەکەیشی بە ناونیشانی: شار لە چیرۆکەکانی جەلیل قەیسیدا – خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی (بە زمانی عەرەبی). ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی عەرەبی بە دەست هێناوە، ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی: گێڕانەوە لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا لە سیینەی (وادی کوفران)ی ڕۆماننووس زوهدی داوودی – خوێندنەوەیەکی سۆسیۆمێژوویی. (بە زمانی عەرەبی).

لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/١٦ لەسەر بانگهێشتی گۆڤاری هاڤیبون، لە زانکۆی ئازادی بەرلین لە کۆنفرانسی «شەرەفنامە، ناسنامە و سەرچاوەی مێژووی کورد»، بەشداریی کردووە و بابەتێکی پێشکەش کرد بە ناونیشانی «شەرەفنامە لە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆمێژووییدا». لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٤ لە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ڕەوەندی کوردی لە بەرلین سیمینارێکی پێشکەش کرد بە ناونیشانی «عەلمانییەت لە هزری د. محەمەد ئەرکوندا». لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٦ لەگەڵ د. لوقمان سیوەیلی و لەسەر داوای ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت (CDO)، توێژینەوەیەکیان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسی بە ناونیشانی (ڕەوشی هاوسەرگیریی پێشوەخت لە هەردوو کەمپی عەربەت و ئاشتی لە سلێمانی) و لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە ئامادەبوونی یانزە کەناڵی کوردی و عەرەبی پێشکەشیان کرد و ئامارەکانیان خستەڕوو، توێژینەوەکەش بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە لایەن ڕێکخراوی ناوبراوەوە چاپ کرا.

لە ساڵی ١٩٩١ـەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە. لە ساڵی ٢٠١١وە سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە. خاوەنی بیستوپێنج کتێبی چاپکراوە لە بوارەکانی ئەدەب و وەرگێڕان و بابەتی فیکریدا. حاڵی حازر مامۆستایە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سلێمانی.

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

بە زمانی کوردی:

– ئەرکەکانی ڕێکخراوی لاوان، نووسینی: لینین، وەرگێڕانی بە ناوی خوازراوی (هەڵگورد)، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان، بالیسان، ١٩٨٤.

– شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و ڕەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.

– بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ (کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕراو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.

– گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس: منداڵی، شیعر، تاراوگە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠١. چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.

– ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد ئەرکون، سازدانی: هاشم ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

– لە نێوان بلیمەتی و شێتیدا، نووسینی: هاشم ساڵح، کتێبی گیرفان (٢٣)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢. چاپی دووەم لە کتێبخانەی سۆران لە هەولێر، ٢٠٠٤.

– مەملەکەتی تیشکەکان، کۆمەڵی چیرۆکی جەلیل قەیسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠١٤.

– عەلمانییەت و ئایین: ئیسلام، مەسیحییەت، خۆرئاوا، نووسین: د. محەمەد ئەرکون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥. چاپی دووەم، پرۆژەی شەست کتێبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، ٢٠٠٩.

– ئیسلام و گلۆبالیزم، د.محەمەد ئەرکون، کتێبی گیرفان (٦٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

– ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

– ئیسلام و عەلمانییەت، د.محەمەد ئەرکون، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، هەولێر، ٢٠٠٧.

– شوناسی تەواونەکراو: داهێنان، ئایین، سیاسەت، سێکس، نووسینی: ئەدۆنیس، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.
– نوێکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی، نووسینی: ئەدۆنیس، کتێبی گیرفان، زنجیرە (١٠٥)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
– سەرەتایەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.
– فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١.
– فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٥.
– ئاشنابوون بە ئەرکون، پڕۆژەی سەد ناملیکەی فەلسەفی، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٥.
– ڕەوشی هاوسەرگیریی پێشوەخت لە هەردوو کەمپی عەربەت و ئاشتی لە سلێمانی، بە هاوبەشی لەگەڵ د.لوقمان سیوەیلی، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت (CDO)، سلێمانی، ٢٠١٧.
– د. عەلی وەردی، وانەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٧.
– د. محەمەد ئەرکون، دەربارەی عەلمانییەت و ئایین (هەڵبژاردەیەک لە بەرهەمەکانی ئەرکون)، ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر، سلێمانی، ٢٠١٨.
– لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، د. عەلی وەردی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٩.

بە زمانی عەرەبی:
– نصوص كردية حديثة، قصائد وقصص مترجمة، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٩ الطبعة الثانية، من منشورات مهرجان كةلاويذ الثالث عشر في السليمانية، ٢٠٠٩.
– المدينة في قصص جليل القيسي، قراءة سايكو – سوسيولوجية، دار تموز

للطباعة والنشر، دمشق - سورية، ٢٠١١.

- ترجمة كتاب (سبعون نافذة متجولة)، قصائد للشاعر شيركو بيكەس، من منشورات مهرجان كلاويز السابع عشر في السليمانية، تشرين الثاني ٢٠١٣.

- ثلاثية وادي كفران للروائي الكردي زهدي الداوودي - دراسة سوسيوتاريخية، دار تموز للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠١٤.

- واقع الزواج المبكر في مخيمي عربت وآشتي للنازحين في السليمانية، بالاشتراك مع د.لقمان سيويلي، منظمة التنمية المدنية (CDO)، سليمانية، ٢٠١٧.

* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، بۆ هاوڕێیەکی فەلەستینی، شیعر، ل ٣١-٢٣



## ناسر حەفید (نالە)

ڕۆژی ١٩٥٢/٤/٢ لە سلێمانی لە دایک بووم. لە قوتابخانەی عێراقییە لە کانیسکان چوومە سەرەتایی و دوایی بوو بە قوتابخانەی کچان و کوڕان گوێزرانەوە بۆ قوتابخانەی کانێسکان کە لە پێشدا بەیتەڵخانە بوو. ناوەندیم لە قوتابخانەی شۆڕش و لە ئەزمڕ تەواو کرد. ئامادەییم لە سلێمانی خوێند و پۆلی شەشەمم لە بەغداد لە قوتابخانەی تاریق بن زیاد لە گەڕەکی زوبات خوێند. لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی کشتوکاڵم خوێند.

ساڵی ١٩٧١ یەکەم هۆنراوەم لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاو کردەوە کە کاکەی فەلاح دەری دەکرد. دوابەدوای ئەوە لە گۆڤاری بەیان و هاوکاری و ڕۆژی کوردستان و نووسەری کورددا هۆنراوە، چیرۆک و نووسینم بە کەمی هەبوو.

ساڵی ١٩٧٦ چوومە زانکۆی سلێمانی. لە سینەما دڵشاد هۆنراوەیەکەم خوێندەوە بە ناوی "هەناسەیەک لە کوردستانەوە" کە دەنگێکی زۆری دایەوە. چونکە ئەو کات دوای ئاشبەتاڵ بوو و خەڵک ترسێکی زۆر لێ نیشتبوو. ئیتر لە دوای ئەو هۆنراوەیەوە لە ژمارەیەک کۆڕی شیعریدا بەشداریم کرد کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بەعس دەوەستایەوە، لەوانە، میهرەجانی دووەمی کۆڕی شیعریی کە لە یانەی کرێکارانی سلێمانی گیرا. نزیکەی سی شاعیر دەبوو کە لە شارەکانی تریشەوە بەشدار بوون. شوانی عوسمان فایەق کاسێتێکی لەم شیعرانە تەسجیل کرد کە لە ڕێگەی منەوە کەوتە دەست پێشمەرگە و لە شاخ بڵاو بۆوە. جگە لە شیعر، لەگەڵ کەمال جەمال موختار بڕیارمان دا کۆڕ دەربارەی بابەتی فەلسەفی و زانستی بگرین و لە ڕێگەیانەوە سەرنج بخەینە سەر سیاسەت کە ئەو کات ئاستەم بوو.

پلانمان دانا بەگوێرەی توانا بچینە شارۆچکە و شارەکانی تر. بۆ ئەم مەبەستە، لە هۆڵی تەتبیقات بەرامبەر بە سجنی ئەوسا لەگەڵ کەمالدا کۆڕێکم گرت بە ناوی: "فەلسەفە و زانست و جووڵانەوەی نوێ". هۆڵەکە پڕ بوو لە گوێگر، ژمارەیەک بە پێوە وەستابوون. دوای چەند ڕۆژێک کەسێک پێی وتم کە لە ئەمنی عامەوە داوای ڕاپۆرتێکیان کردبوو لەسەر ئەوەی کە من لەو کۆڕەدا چیم وتووە. ئەویش بە قسەی خۆی بە بەرژەوەندیی من ڕای لەسەر کۆڕەکە دەربڕیبوو. لەمەوە من و کەمال بۆمان دەرکەوت کە کوڕگرتنەکانمان لە شارەکانی تر زەحمەتە. لەو کاتەدا مەنسووری برام، دوای ئاشکرابوونی لە شاردا و ڕاکردنی، بووبوو بە پێشمەرگە. حەمەی برام چووبووە دەرەوە و لە تاران گیرابوو. جارێک پێشتر هاتبوون بۆ گرتنمان، بەڵام ئێمە لە ماڵ نەبووین و دوایی بەر لێبووردنی گشتی کەوتین و خۆمان دەرخستەوە. ئەم جارەیان ڕۆژێک ئەمنەکان هاتن بۆ گرتنم لە ماڵەوە بۆ تووی مەلیک. بەڵام من بەسەر دیواری ماڵەکەدا لە پشتەوە فریای ڕاکردن کەوتم. باش بوو لەبەر بێپارەیی، پەنجەرەی ژوورەکانمان شیشبەند نەکردبوو. ئەگینا لە ناو خانووەکەدا گیرم دەخوارد.

لە مانگی نۆی ١٩٨٠دا چوومە دەرەوە. ئەوە بوو لە ناوزەنگ یەکێتیی نووسەرانی کوردستانمان دامەزراند و گۆڤاری پێروومان دەرکرد. لە کۆتایی ساڵی١٩٨١دا لە ڕێگەی ئێرانەوە چوومە سوریا و ساڵێک لەوێ مامەوە. دوای ئەوە لە سوید بووم بە پەنابەر. ئێستا لە نێوان سلێمانی و سویددا هەر جارە و چەند مانگێک لە شوێنێکیانم.

لە سوید لەگەڵ دەستەیەک برادەردا ساڵی ١٩٨٧ بڵاوکراوەیەکمان دەرکرد بە ناوی "لەدایکبوون". دوای ئەوە ساڵی ١٩٩٩ گۆڤارێکمان دەرکرد بە ناوی "کۆنتراکت". ئەم گۆڤارە چوار ژمارەی لێ دەرچوو، دوای ئەوە ماوەیەک بوو بە سایت، ئینجا بە پەیج و دوایی کۆتایی هات.

* ژمارە ١، ئابی ١٩٨١، شیلانە، چیرۆک، ل٥١-٥٩.

* ژمارە ٢، سەرماوەزی ٢٦٨١ی کوردی، بۆچوونی دەستەویەخە، ڕەخنە، ل ١٠٥-١٢٣



## نەجیبە ئەحمەد (ژوان)

نەجیبە ئەحمەد، شاعیرو نووسەرو وەرگێڕ، ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکووک هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی سلێمانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە، بەرهەمی شیعر و کورتەچیرۆک و وەرگێڕانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لە باشووری کوردستان بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨١ لە شارۆچکەکانی دەربەندیخان و چەمچەماڵ مامۆستایەتیی کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە لەگەڵ هاوسەرەکەی، حەمەی حەمە باقی، چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی شاخ بووە، پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و شەڕەکان و کاولکردنی کوردستان لە لایەن سوپای عێراق و حیزبی بەعسەوە، بە ماڵەوە ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بووە، لە شاری سەقز نیشتەجێ بوون و تا دوای ساڵی ٢٠٠٠ لەوێ ماونەتەوە.

نەجیبە ئەحمەد وەک نووسەر و وەرگێڕ لە بڵاوکراوەکانیی شاخدا بەرهەمی ئەدەبیی لە چیرۆک و شیعر و وەرگێڕان بە ناوی خۆی و ناوی خوازراوی (ژوان) بڵاو کردووەتەوە، بە تایبەتی لە گۆڤاری نووسەری کوردستانی شاخدا.

لە شاخ، لە کۆکردنەوەی بەرهەمی نووسەران و پێداچوونەوەی بۆ گۆڤاری نووسەری کوردستان، بەشداریی چالاکانەی هەبووەو لە هێنانی گۆڤارەکە بۆ شار بەشداریی کردووە.

خاوەنی سێ منداڵە بەناوەکانی، لاوژە، موژەخانم، ڕاسان

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١ـ خاکی دایک، ڕۆمان، جەنگیز ئەتماتۆف، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، یاخسەمەر، ١٩٨٦. چاپی دووەم، تەوریز، ئێران، ١٩٩٢.

٢ـ بەهارە گریان، شیعر، چاپی یەکەم، تەوریز، ئێران، ١٩٩٤.

٣ـ ڕاسان، کورتەچیرۆک، چاپی یەکەم، تەوریز، ئێران، ١٩٩٤.

٤ـ پەپوولەکانی مەرگ، کورتەچیرۆک، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕامان، هەولێر، ١٩٩٨.

٥ـ مێژووی دارسێو، شیعر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕامان، هەولێر، ١٩٩٨.

٦ـ چەک و چیا، ڕۆمان، جێمس ئۆڵدرج، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕامان، ١٩٩٩.

* ژمارە ٤، ئایاری١٩٨٢، سەدا، شیعر، ل ٥٤-٥٦.
* ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، تایبەت بە شیعر، هەڵوێست، شیعر، ل ٨٣-٨٦.
* ژمارە ١٢،  مایسی ١٩٨٦، شارێ، چیرۆک، ل ٩٢-١٠٦.
* ژمارە ١٣، مارتی ١٩٨٧، لوتکە، چیرۆک، ل ٧١-٧٧.
* ژمارە ١٤، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، شوانکارەی خەم، شیعر، ل ٤٤-٤٦.
* ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، شای شەهیدان، شیعر، ل ١١١-١١٩.
* ژمارە ١٦، پایزی ١٩٨٩، چەند نامەیەکی کراوە، چیرۆک، ل ١٢٥-١٣٨.
* ژمارە ١٧، خولی دووەم، پایزی ١٩٩٠، نۆما، چیرۆک، ل ١٥٠-١٥٣.



## نەوزاد ڕەفعەت

سالّی ١٩٥١ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. قوتابخانەی سەرەتایی لە (ئیبن خەلەکان) و ناوەندیی لە ناوەندیی جمهوری و ئامادەیی لە ئامادەیی هەولێر تەواو کردووە. سالّی ١٩٧٥ لە بەشی کوردیی زانستگای بەغدا دەرچووە. وەک شاعیرێک لە سالآنی ١٩٧٠وە دەرکەوتووە و لە سالّی ١٩٧٠وە شیعر دەنووسێت.

سالّی ١٩٧٢ یەکەم شیعری بە ناوی (فڕینی ئەسپێکی بێبالّ) لەو تۆمارەدا بلآو کردەوە کە بۆ شیعری نوێ و شاعیرانی ڕوانگە و دوای ڕوانگە تەرخان کرابوو. لە گۆڤاری نووسەری کوردستانی شاخ بەرهەمی شیعریی بلآو کردووەتەوە. نەوزاد ڕەفعەت تا ئێستاش لە کاروانی ئەدەبی و نێوەندی ڕووناکبیریدا بەردەوامیی هەیە.

چاپکراوەکانی

١ـ- دارستانی ئەو بنارە، شیعر، ١٩٧٨.

٢ـ- نیگەرانی، شیعر، ١٩٨٥.

٣ـ- بەفری گەرم، شیعر، ١٩٩٢.

٤ـ- هەژان، چاوەڕێی چاپە.

* ژمارە ٥، ئابی ١٩٨٢، کورتەباسێک دەربارەی نووسەرو ئەزموون، لێکۆڵینەوە، ل ٤٠-٤٣.

**لەبارەی نوسەرەوە:**



یوسف محەمەد بەرزنجی

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

١/ سەدام ودادگای نێودەوڵەتی، لێکۆڵینەوە، ساڵی چاپ ١٩٩٤.

٢/ چارەنووسی کورد، پترۆڵ وەک مەسەلەیەکی ستراتیژی، لێکۆڵینەوە، ساڵی چاپ ٢٠١٣، دەزگای جەمال عیرفان

٣/ کەرکوک و سیاسەتی تەعریب، بەڵگەنامە، ساڵی چاپ ٢٠١٣، ئەکادیمیایی هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

٤/ زێوەرەکانی نێوئاوێکی ڕوون، وتاری ئەدەبی، ساڵی چاپ ٢٠١٤، یەکێتی نووسەرانی کورد.

٥/ ئارام شەهیدێک لە بناری کەڵەوێدا، سیاسی، بەڵگەنامە، ساڵی چاپ ٢٠١٥.چاپخانەی کارۆ.

٦/ لەشنروێ وە بۆ ستۆکهۆڵم، بیرەوەری، حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی، ساڵی چاپ ٢٠١٥ئامادەکردن، چاپخانەی کارۆ.

٧/ لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کتێبی یەکەم، سیاسیی بەڵگەنامە، ساڵی چاپ ٢٠١٦، دەزگای ئایدیا.

٨/کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە چەند بەڵگەنامەیەکی سیاسیی و مێژوویی و تیۆریدا ساڵی چاپ ٢٠١٧ چاپی دووەم کتێبی یەکەم.

٩/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە چەند بەڵگەنامەیەکی سیاسیی و مێژوویی و تیۆریدا کتێبی٢ ساڵی چاپ ٢٠١٩ چاپخانەی حەمدی
١٠/ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٨٣/١٩٧٥دا چاپی یەکەم ٢٠١٧
١١/ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی ساڵی ١٩٨٤/ ١٩٩٠دا کتێبی دووەم چاپی یەکەم ،ساڵی ٢٠١٩، چاپخانەی حەمدی
١٢/ نووسەری کوردستان ـ شاخ هەموو ژمارەکانی(٥)بەرگ، پترلە٢٥٠٠ هەزار لاپەڕەیە. ساخکردنەوەو ئامادەکردن.

***

* لەم گۆڤارو ڕۆژنامانەدا بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وتاری سیاسی و فکریی بڵاو کردۆتەوە:
ڕۆژنامەی هاوکاری, ڕۆژنامەی ئاسۆ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی ئاسۆی کتێبخانە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی، ڕۆژنامەی زانکۆ، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ڕۆژنامەی هاووڵاتی، ڕۆژنامەی گری نەورۆز... گۆڤاری مەدەنیەت، گۆڤاری پەیڤین، گۆڤاری هەواڵنامە، گۆڤاری جگەرگۆشەکان، گۆڤاری چیا، گۆڤاری بانە ڕۆژ، گۆڤاری سلێمانی، گۆڤاری ڕۆژی سلێمانی، گۆڤاری ئاری، گۆڤاری ڕۆڤار، گۆڤاری ماڵ، گوڤاری شارباژێر، زمان و زار
* سایەکانی ئەنتەرنیت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

***

**بەرهەمەکانی ئایندە، ئامادە بۆچاپ:**

١/ ئەم دیوو ئەودیوی سنوور، بەرهەمەکانی عەبدوالقادری دەبباغی.
٢/ کۆمەڵێک ووتاری ئەدەبی بەڵگەنامەیی.
٣/ بەجیهانی بون و پەرتەوازەبوون،کۆمەڵێک وتاری سیاسی.
٤/ بەرهەمەکانی شەهید شێخ حەمەئەمین شێخ عەلی، ناسراو بە شەهید شەماڵ، ئەمین پۆڵا.
٥/ لەزیندانی فاشیستەکانەوە، کۆمەڵێک بەڵگەنامەو ژیاننامەی شەهیدانە پێش لەسێدارە دانیان لەلایەن دوژمنانەوە.
٦/ خۆرۆشنبیرکردن، کرۆپسکایا، وەرگێڕانی ڕئوف حەسەن، ئامادەکردن.
٧ گۆڤاری بزوتنەوەی سۆشیالیست باڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

***

* ٤/٨/ ٢٠١٧ لە لایەن کۆمەڵەی کەلەپووری کوردەوە بە بۆنەی یادی نەورۆزەوە لە بۆنەیەکدا ڕێزێزلێنانی پێبەخشراوە.
* لە ٢/٢٥/ ٢٠٢٠ بەبۆنەی یۆبیلی زێڕین و یادی دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردەوە، ڕێزلێنانی لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەردا پێ بەخشراوە.
*٢٠٢٢/٢/٥بەبۆنەی یادی شەشەمین ساڵەی گۆڤاری شارباژێڕ ڕێزلێانانی پێبەخشراوە.
*٢٠٢٢\٤\١٨ لەلایەن مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری، لەگەڵ دووهاوڕێی تری ڕێزیان لێگیراوە.

***

# سوپاس و پێزانین

بەڕێزان  ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ولێپرسراوی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، خەمینە ساڵح ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی بۆردی ئەرشیف و مێژوو، موزەفەرعەبدولوەهاب، خوالێخۆشبوو عوسمان شاکر ئەحمەد،دکتۆر ڕەفیق سابیر، هەڤاڵ کوێستانی، مامۆستا رەئوف بێگەرد، مامۆستا حەمەکریم عارف، ئەحمەد عارف، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس و نەوزاد عەلی ئەحمەد لەشاری هەولێری خۆشەویست، مامۆستا جەزا ئەحمەد، هەرێم عوسمان.

هەریەک لەم خۆشەویستانە بەجۆرێک هاوکارو پشیوانیان بۆ ئەم پرۆژە گرنگە مایەی سوپاس و ڕێزو پێزانینە بۆنێوەندی ئەدەبی وڕۆشنبیری، نمونەیان زۆربێت و سەرکەوتوبن.

**یوسف محەمەد بەرزنجی**
**٢٠ـ١٠ـ٢٠٢٢**